رووداو
RÛDAW
ژمارە (570) دووشەممە 2019/9/16 - 25ی گەلاوێژ 2719 (750) دینار

## بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی بە کەفالەت ئازاد دەکرێ

**رووداو- دهۆک**

رەشید تاهیر، بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دووەم دانیشتنی دادگاییدا لە دهۆک بە کەفالەت ئازاد کرا و بڕیارە رۆژی 19ی ئەم مانگە سێیەم دانیشتنی دادگایی ئەو بەڕێوەبچێت. پارێزەری بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی دەڵێت بە ئومێدین بێتاوان دەربچێت.

رەشید تاهیر، بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی بە تۆمەتی جیاجیا کە زۆربەیان پەیوەندییان بە زەوییەوە هەیە، دادگایی کراوە و بڕیارە رۆژی 19ی ئەم مانگە سێیەم دانیشتنی دادگایی بەڕێوەبچێت. پێشبینی دەکرێت لە دانیشتنی داهاتوودا دادوەر بڕیاری کۆتایی لەسەر کەیسەکەی بدات.

ئەحمەد سالح، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی دهۆک لە دەستەی دەستپاکی بە (رووداو)ی راگەیاند، دوو ساڵ پێش ئێستا چەند تۆمەتێک درانە پاڵ بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی، هەر ئەوکات بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا.

هەتا ئێستا دوو جار دادگای لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی ئەو بەڕێوەچووە، ئەحمەد سالح دەڵێت رۆژی 19ی ئەم مانگەش سێیەم دانیشتنی دادگا بەڕێوەدەچێت، بەهیوایین دوایین دانیشتنی دادگا بێت و ئەنجامەکەی دەربکەوێت، بەڵام ئەوە هێشتا دیار نییە.

شێرکۆ تاهیر، پارێزەری بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی بە (رووداو)ی راگەیاند کە لە دادگایی دووەمدا دادگا داوای بەڵگەی کردبوو، ئێمە هەموو بەڵگەکانمان ئامادە کردووە و داوای هەندێ بەڵگەی دیکەشمان کردووە لە شارەوانییەکان و تاپۆی دهۆک، لەوانەیە بڕیاری کۆتایی دوابکەویت، یانیش بێتاوان دەربچێت.

«2



د. کوردستان موکریانی:
پەشێو ئەو بوێرییەی نەبوو پێمبڵێ خۆشیدەوێم
5

وەزیری نەوتی عێراق بۆ (رووداو):
بەغدا و هەولێر کاتی کەمیان بۆ رێککەوتن لەبەردەم ماوە
9



زریان رۆژهەڵاتی:
بۆچی سەدر لە تاران دەرکەوت؟
18

# دوو کۆبوونەوەی باڵای پارتی و یەکێتی هەڵدەوەشێنەوە

## پەرلەمانتارێکی یەکێتی :دەبێ بزانین دەسەڵاتەکانی قوباد تاڵەبانی چین

**رووداو- سلێمانی**

بڕیار بوو رۆژی شەممە، 14ی ئەم مانگە، هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کۆببنەوە، بەڵام بەهۆی کشانەوەی یەکێتی لە رێککەوتننامەی دابەشکردنی پۆستەکانی هەڵەبجە، هەڵوەشایەوە و کۆبوونەوەیەکی دیکەی هەردوولاش لەلایەن یەکێتییەوە هەڵوەشایەوە بەهۆی ئەوەی گلەییان هەبووە لەبارەی دەسەڵاتەکانی جێگری سەرکوەزیران و پارێزگاری کەرکووک و پۆستەکانی یەکێتی لە ئیدارەی خۆجێیی لە پارێزگاری هەولێر.

سەربارى دوو رێککەوتننامەی واژۆکراوی نێوانیان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گلەییان لە یەکدی هەیە. بەهۆی ئەو گلەییانەشەوە دوو کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا هەڵوەشانەوە. بڕیاروابوو ئەم هەفتەیە کۆبوونەوەکان بکەن و تێیاندا لەسەر ئەو



تێبینیانەی لەنێوانیاندا دروستبوون قسە بکەن. یەکێک لە کۆبوونەوەکانیش لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا بووە. ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیش دەڵێ: "هەرکاتێک لە هەولێر سێ بەڕێوەبەری گشتی و دوو قایمقام و چەند بەڕێوەبەری ناحیەمان وەرگرت، ئەوکات پابەند دەبین بە رێککەوتنی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە".

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت حیزبەکەی لەدوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمەوە چەند تێبینییەکی لەلا دروستبووە، تێبینییەکان گەیشتوونەتە ئاستی نیگەرانی. ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی لەبارەی نیگەرانییەکانی حیزبەکەی لە پارتی دەڵێت: "بەشێک لە کێشە چارەسەرنەکراوەکانمان لەگەڵ پارتی، پەیوەندی بە دەسەڵاتی خۆجێیی پارێزگاکانەوە هەیە. ئەگەر پارتی گلەیی ئەوە دەکات کە یەکێتی لە رێککەوتنی هەڵەبجە کشاوەتەوە، ئەوە ئێمەش لە هەولێر و بادینان کێشەمان هەیە". سەرکۆ ئازاد گەلاڵی دەڵێ دوو جار تێبینی و گلەییمان داوەتە پارتی. جارێک لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بە پارتیمان گوتووە: "دەبێ لەنێو ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی حکومەت دیاری بکرێن و قوباد تاڵەبانی بزانێت دەسەڵاتەکانی چین. چونکە تیمی ئێمە لەنێو ئەنجوومەنی وەزیراندا وا تێدەگەن کە پەراوێزخراون".

«3

## بۆ 20 ملیار دینارەکەی پایتەختی رۆشنبیری کەمپەین دەکرێ

**رووداو- هەولێر**

ژمارەیەک رۆشنبیر و هونەرمەندی سلێمانی کەمپەینێک لە دژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی سازدەکەن. ئەوان دەیانەوێ بزانن ئەو 20 ملیار دینارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شاری سلێمانی، وەک پایتەختی رۆشنبیری، تەرخانی کردبوو چۆن خەرجکراوە. یەکێک لە رێکخەرەکانی کەمپەینەکە دەڵێ بەشی زۆری پارەکە بەهەدەر دراوە. بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیریی سلێمانی رەتیدەکاتەوە پارەکە بەهەدەر درابێ و دەڵێت ئامادەی لێپێچینەوەیە.

گۆران عەلی کەریم، هونەرمەند و یەکێک لە رێکخەرانی کەمپەینەکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوای ئەوەی لیستی چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو 20 ملیار دینارە بڵاوکرایەوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی خەرجکراوە، دەبینین پارەیەکی زۆر بەهەدەردراوە".

گوتیشی: "ئێستا وەزارەتی رۆشنبیری و پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش هاتوونەتە دەنگ، بۆیە لە چەند رۆژی داهاتوودا کەمپەینێکی گەورە رادەگەیەنین و داوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەکەین".

وەزارەتی رۆشنبیری و پەرلەمانیش گومانیان لە چۆنیەتیی خەرجکردنی پارەکە هەیە. فەرهەنگ گۆمەشینی، گوتەبێژی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەڵێت: "لە 2019/8/18 وەزیری رۆشنبیری نووسراوێکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی ناردووە بۆئەوەی چۆنیەتیی خەرجکردنی ئەو پارەیەمان پێبڵێن. ئەو دۆسێیە دراوەتە لایەنە یاسایی و کارگێڕییەکان و ئەوان لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەن". لەبارەی کەمپەینەکەش، گوتەبێژی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەڵێ: "پاڵپشتی هەموو کەمپەینێکی یاسایی و رێگەپێدراو دەکەین و لە هەر شوێنێک پێویستیان بە ئێمە بێت هاوکار و پشتیوانیان دەبین".

بابەکر درەیی، بەڕێوەبەری گشتیی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی، بە (رووداو)ی راگەیاند کە "هیچ بڕە پارەیەک بەهەدەر نەدراوە و هەر لایەنێکیش دەیەوێت، دەتوانێت بانگهێشتمان بکات و لێپێچینەوەمان لەگەڵ بکات".

«4

## داوا دەکرێ دیلەکانی داعش لە کوردستان دادگایی بکرێن

**رووداو- هەولێر**

شەڕی دژی خەلافەتەکەی داعش کز بووە، بەڵام سەدان چەکداری بیانیی داعش لە گرتووخانەکانی عێراق و دەسەڵاتی خۆسەری لە رۆژئاوای کوردستان بوونەتە بارێکی گران، وڵاتەکانیان ئامادە نین وەریانبگرنەوە، لەجیاتی ئەوە خەریکی تاوتوێکردنی کۆمەڵێ بیرۆکەن بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو چەکدارانە، یەکێک لەوانە دامەزراندنی دادگایەکە لە کوردستان.

نزیکەی دوو هەزار چەکداری بیانیی داعش کە 800 کەسیان ئەوروپین، لە گرتووخانەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکراتدان. ئەمریکا داوا لەو وڵاتانە دەکات داعشەکانی خۆیان وەربگرنەوە، بەڵام ئەوروپییەکان لە ترسی رای گشتیی وڵاتەکانیان و ئاکامی درێژخایەنی وەرگرتنەوەی ئەو چەکدارانە ناوێرن بە دەم ئەو داوایەوە بچن.

بژارەیەک کە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی دیلە بیانییەکانی داعش ئێستا تاوتوێ دەکرێ، پێکهێنانی دادگایەکە لە یەکێ لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەوەی هەر لەوێ گیراوەکانی داعش کە خەڵکی 52 وڵاتی جیاوازن، دادگایی بکرێن.

ئەو سیناریۆیەی لە هەموو سیناریۆکانی دیکە زیاتر رێی تێدەچێ کاری لەسەر بکرێ، کردنەوەی دادگایەکە لە عێراق کە لە راوێژکاری نێودەوڵەتی و دادوەری عێراقی پێکبێت، بەڵام ئەوەی رێگرە لە جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە، ئەوەیە کە عێراق کار بە سزای لەسێدارەدان داکات.

بیل ویلی، لێکۆڵەری تاوان لە کەنەدا و بەڕێوەبەری کۆمسیۆنی دادپەروەری و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی کە پەیوەندیی نزیک و بەردەوامی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای یەکێتیی ئەوروپا هەیە، پێشنیاری بۆ ئەوروپییەکان کردووە ئەو دادگایە لە هەرێمی کوردستان بێ، چونکە بە گوتەی ئەو، رازیکردنی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە وازهێنان لە سزای لەسێدارەدان ئاسانترە، دادگاکانیان دادپەروەرترن و دۆخی ئاسایشیش لەوێ باشترە.

«6

## کێشەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە هەولێر چارەسەر دەکرێت

**رووداو- هەولێر**

لەماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا کارکردن لە سێ پڕۆژەی گەورەی وەبەرهێنان لە هەولێر دەستپێدەکاتەوە کە زیاتر لە سێ هەزار کەس تێیدا زەرەرمەندبوونە. بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان دەڵێ:" فەرمانی دەستگیرکردن بۆ خاوەنی پڕۆژەکان دەرچووە".

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "پێشتر شەش پڕۆژەی وەبەرهێنان لە هەولێر کێشەی زۆریان تێدابوو، وەبەرهێنەرەکانیان مافی خەڵکیان خوارد و پڕۆژەکانیشیان تەواو نەکرد، لە ماوەی رابردوودا کێشەی پڕۆژەکانی فلۆریا ستی، مەموزین و زێڕین چارەسەرکران، ئێستا لەو پڕۆژانە دەست بەکارکردن کراوەتەوە".

لەبارەی پڕۆژەکانی دەشتی بەهەشت، کانی ئەڵمانی و کۆیەستی کە پڕۆژەی گەورەن، سامان عارەب دەڵێ: "ئەو پڕۆژانە 100% کێشەیان تێدابوو، مافی زیاتر لە 3 هەزار کەسی تێدا خورابوو، بەڵام لەبەرئەوەی پڕۆژەی گەورە بوون، هیچ وەبەرهێنەرێک ئامادە نەبوو وەریانبگرێت، بۆیە ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بڕیاریدا ئاسانکاری و ئیمتیازات بدات بەو وەبەرهێنەرانەی پڕۆژەکان تەواو دەکەن.

بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوودا دەست بە کارکردن لە هەرسێ پڕۆژەکەدا بکرێتەوە. بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە هەولێر گوتی: "بۆ پڕۆژەی دەشتی بەهەشت کە دوو هەزار و 300 یەکەی نیشتەجێبوونە، حکومەت رەزامەندی داوە ئەو وەبەرهێنەرەی پڕۆژەکە تەواو بکات، پڕۆژەیەکی دیکەی پێدەدرێت، پێنج وەبەرهێنەر داواکارییان پێشکەش کردووە، پڕۆژەی کانی ئەڵمانیش کە 320 یەکەیە، پڕۆژەکە فراوان دەکرێ و شوقەی زیاتر دەدرێت بە وەبەرهێنەرەکە، دوو وەبەرهێنەریش ئامادەییان نیشانداوە تەواوی بکەن، بۆ کۆیەستیش کە 410 یەکەی نیشتەجێبوونە، وەبەرهێنەرێک ئامادەیە پڕۆژەکە تەواو بکات".

«14

ئەدەب
2

بەکر عەلی
دوامرۆڤ و سوبیەکتی پاڵەوان



راپۆرت
14

ئۆتۆمبێلی کۆن بە قاچاخ هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن

تاراوگە
11

ژنێکی ئێزدی لە دادگایەکی ئەڵمانیا رووبەرووی داعشێک دەبێتەوە



کۆمەڵایەتی
13

باوکی خۆی بە قەناس دەکوژێت



ڕووداو
ژمارە (570) - دووشەممە 2019/9/16
ڕاپۆرتە هەواڵ





## ژمارە نایابەکانی هەڵەبجە دەفرۆشرێن

**ڕووداو - هەڵەبجە**

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لە زیادکردنێکی ئاشکرادا ژمارە نایابەکانی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکانی هەڵەبجە بفرۆشرێن و داهاتەکەشی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی هەڵەبجە دەبێت. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی دیوانی پارێزگای هەڵەبجە ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرێتەوە کە سەعات 10ی سەرلەبەیانی لە هۆڵی بۆنەکانی پارێزگای هەڵەبجە و لە زیادکردنێکی ئاشکرادا، ژمارە نایابەکانی تابلۆی ئۆتۆمبێلی هەڵەبجە لە ژمارە 1 تاوەکو ژمارە 9 دەفرۆشرێت و هەموو کەسێک دەتوانێت بەشداریی زیادکردنەکە بکات. ئەو لیژنەیەی کە سەرپەرشتی زیادکردنەکە دەکات بە سەرۆکایەتیی پارێزگاری هەڵەبجە و ئەندامێتیی لایەنە پەیوەندیدارەکان و بە چاودێریی داواکاری گشتی دەبێت، بۆ ئەوەی بەشێوەی ئاشکرا و شەفاف تابلۆکان بفرۆشرێن.

## بڕیارە 19ی ئەم مانگە سێیەم دانیشتنی دادگاییەکەی بەڕێوەبچێ

# بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی بە کەفالەت ئازاد دەکرێ




> به ئومێدین بێتاوان دەربچێت
> پارێزەرەکەی

> بە کۆمەڵێ کەیسی جیاجیا تۆمەتبارە
> بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی دەستەی دەستپاکی لە دهۆک

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ڕەشید تاهیر، بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دووەم دانیشتنی دادگاییدا لە دهۆک بە کەفالەت ئازاد کرا و بڕیارە ڕۆژی 19ی ئەم مانگە سێیەم دانیشتنی دادگایی ئەو بەڕێوەبچێت. پارێزەری بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی دەڵێت بە ئومێدین بێتاوان دەربچێت.

ڕەشید تاهیر، بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی بە تۆمەتی جیاجیا کە زۆربەیان پەیوەندییان بە زەوییەوە هەیە، دادگایی کراوە و بڕیارە ڕۆژی 19ی ئەم مانگە سێیەم دانیشتنی دادگایی بەڕێوەبچێت. پێشبینی دەکرێت لە دانیشتنی داهاتوودا دادوەر بڕیاری کۆتایی لەسەر کەیسەکەی بدات.

ئەحمەد ساڵح، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی دهۆک لە دەستەی دەستپاکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوو ساڵ پێش ئێستا چەند تۆمەتێک درانە پاڵ بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی، هەر ئەوکات بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا.

هەتا ئێستا دوو جار دادگای لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی ئەو بەڕێوەچووە، ئەحمەد ساڵح دەڵێت ڕۆژی 19ی ئەم مانگەش سێیەم دانیشتنی دادگا بەڕێوەدەچێت، بەهیوان دوایین دانیشتنی دادگا بێت و ئەنجامەکەی دەربکەوێت، بەڵام ئەوە هێشتا دیار نییە.

دەربارەی تۆمەتەکەی و جۆری سزاکەی ئەگەر دادگا لەدژی ئەو بڕیاری دا، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی دهۆک لە دەستەی دەستپاکی دەڵێت: "دیار نییە بڕیاری دادوەر چی دەبێت، تۆمەتەکەی پەیوەندی بە زەوی و موڵکی نایاسایی و چەند شتێکی دیکەوە هەیە.

شێرکۆ تاهیر، پارێزەری بریکاری پێشووتری وەزارەتی دارایی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە دادگایی دووەمدا دادگا داوای بەڵگەی کردبوو، ئێمە هەموو بەڵگەکانمان ئامادە کردووە و داوای هەندێ بەڵگەی دیکەشمان کردووە لە شارەوانییەکان و تاپۆی دهۆک، لەوانەیە بڕیاری کۆتایی دوابکەوێت، یانیش بێتاوان دەربچێت.

## دەڵێن ڕێنمایی لە بەرژەوەندیی خۆی بە وەزیر دەرکردووە

# لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر بەرپرسێکی وەزارەتی دارایی پێکدەهێنرێ

> زانیاریی هەڵە دراوە بە وەزیر
> بەرپرسەکە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

بەرپرسێک لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەوە تۆمەتبار کراوە کە بۆ بەرژەوەندیی خۆی ڕێنمایی بە وەزیری دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە. دوای ئاشکرابوونی، بە بڕیاری وەزیر لیژنەی لێکۆڵینەوە لە بەرپرسەکە پێکدەهێنرێ و وەزیریش جێبەجێکردنی ڕێنماییەکە ڕادەگرێ. بەڵام بەرپرسەکە دەڵێ زانیاریی هەڵەیان داوە بە وەزیر و لیژنەکە.

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دارایی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەرپرسی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاریی وەزارەتی دارایی و ئابووری، ڕێنماییەکی بە ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری واژۆ کردووە لەپێناوی سوودمەندبوونی خۆی.

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، ڕێنماییەکە بریتییە لە: "ڕێنمایی دارایی ژمارە (11) کە تایبەتە بە مۆڵەتی بە مووچەوە بۆ خوێندنی فەرمانبەران و ڕۆژی 2019/8/25 ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی و ئابووری واژۆی لەسەر کردووە".

سەرچاوەکە گوتیشی: "دواتر ئاشکرا بوو کە ئەو بەرپرسە لە پێناوی سوودمەندبوونی خۆی بڕیارەکەی بە وەزیر واژۆ کردووە، بۆیە بە بڕیاری وەزیر لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەنێو وەزارەت پێکهێنراوە و لێپرسینەوەشی لەگەڵ کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا لیژنەکە ڕاپۆرتی کۆتایی ئاراستەی وەزیری دارایی نەکردووە بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت".

بەرپرسی دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ژمێرکاری ڕەتیدەکاتەوە لە کارەکەی دوورخرابێتەوە وەک ئەوەی دەگوترێ. لەبارەی کەیسەکەشی بە (ڕووداو)ی گوت: "لەو بابەتە هەڵەتێگەیشتن هەبووە، ژمارەیەک قوتابی چوون بۆ لای وەزیری دارایی و داوای تەعدیلی بڕوانامەیان کردبوو، ئەویش داوای ڕای ئێمەی کرد و ئێمەش ڕای خۆمان دەربڕیوە، پێشنیازیشمان بۆی کردووە، ڕاوێژکاری وەزارەتیش بۆچوونی خۆی داوە و دواتر ڕێنماییەکە دەرکراوە، واتە پرۆسەکە لە سەرەوە هاتووە بۆ لای ئێمە نەک بە پێچەوانەوە".

بەرپرسەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ژمێرکاری گوتیشی: "ئەو ڕێنماییە بۆ بەرژەوەندی خۆم نەبووە، چونکە میکانیزمی خوێندنی من لەگەڵ ئەو ڕێنماییە زۆر لەیەکدی دوورن، لەسەر ئەم دۆسیەی من زانیاریی هەڵە دراوە بە وەزیری دارایی، ئەویش بەبێ ئەوەی بانگم بکات یان داوای ڕوونکردنەوە بکات لەبارەی حاڵەتەکە، لیژنەیەکی لەسەر من پێکهێناوە. من هێشتا لە پۆستەکەم دوورنەخراومەتەوە و لیژنەکە و وەزیری داراییش هەر بڕیارێک بدەن پێوەی پابەند دەبم".

لیژنەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بەرپرسەکە دەستپێکردووە، ئەویش دەڵێ: "منیان بانگ کردووە، ڕوونکردنەوە و دۆکیۆمێنتەکانی خۆم داوە بە لیژنەکە و چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی لیژنەکە و وەزیری داراییم لەسەر دۆسیەکە".

ئێستا وەزارەتی دارایی و ئابووری بە بڕیاری وەزیر کارکردن بە ڕێنمایی دارایی ژمارە 11ی تایبەت بە هەژمارکردنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای ڕاگرتووە و کاری پێناکرێت تاوەکو لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاونەبێتەوە.

هەروەها بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی، سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی درێژەیان بە خوێندنی باڵا لە دکتۆرا و ماستەر داوە لە دەرەوە، بە مۆڵەتی بێ مووچە و مۆڵەتی کۆکراوە لەسەر ئەرکی خۆیان، بڕوانامەکەیان یەکسان دەکرێت، بەمەرجێک هیچ جۆرە مووچە و دەرماڵەیەکیان بۆ خەرج نەکرابێ.

## دهۆک.. ژنێکی دووگیان دەکەوێتە بەر پەروانەی مولیدە و دەمرێ

**جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە دهۆک:**

### منداڵەکەی شەش مانگ بوو، هەوڵماندا ڕزگاری بکەین، بەڵام نەمانتوانی

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

15 ڕۆژ بوو لە مووسڵەوە هاتبوو بۆئەوەی هاوکاریی مێردەکەی بکات. ئالیە بۆ بژێوی منداڵەکانی خۆی کردە قوربانی و کەوتە بەر پەروانەی مولیدە، بەوهۆیەوە خۆی و کۆرپە شەش مانگییەکەی ناو سکی گیانیان لەدەستدا.

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، لە ڕووداوێکی کەموێنەدا لە گەڕەکی پیشەسازیی شاری دهۆک، ژنێکی تەمەن 28 ساڵ بەناوی ئالیە بەشار یونس لە کاتی هاوکاریکرنی مێردەکەیدا دەکەوێتە بەر پەروانەی مولیدە، دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک گیانی دەردەچێ.

حەجی سەعید، خاوەنی ئەوە مولیدەیە چیرۆکی هاتنی ئەو خێزانە لە مووسڵەوە بۆ دهۆک دەگێڕێتەوە و دەڵێت شەش مانگ پێش ئێستا، مێردی ئەو ژنە لەگەڵ برای ژنەکە هاتنە لای ئێمە و داوای کاریان کرد، منیش ڕازی بووم کە لەسەر مولیدەکەی ئێمە وەکو بەکارخەری مولیدەکە کار بکەن، ژیانیان زەحمەت بوو، نەیدەتوانی ژنەکەی لە مووسڵ بێت و ئەو لێرە بژیت، بۆیە 15 ڕۆژ پێش ئێستا ژنەکەی لەگەڵ دوو منداڵی تەمەن 4 و 6 ساڵی هاتن و لە ژوورێکی تەنیشت مولیدەکە ژیانیان دەبردە سەر.

خاوەنی مولیدەکە دەڵێت بە ئێمەی نەگوتبوو کە مولیدەکە لەکارکەوتووە. تەنیا مێردەکەی کاری دەکرد، بەڵام ماڵی لە تەنیشت مولیدەکە بوو، پێمانگوتبوو نابێت منداڵەکانی بچنە ناو ژووری مولیدە، بەڵام دیارە ئەمڕۆ بۆرییەکی مولیدەکە خراپ بووە، بێ ئەوەی بە ئێمە بڵێن ئەو پیاوە و ژنەکەی هەوڵیاندابوو چاکی بکەن، بە ڕێکەوت سەرپۆشی ژنەکە دەکەوێتە بەر پەروانەی مولیدەکە، دواتر پرچی ڕادەکێشێ و سەری بەر پەروانەکە دەکەوێت و ئەو ڕووداوە ناخۆشەی لێ دەکەوێتەوە.

خاوەنی مولیدەکە دەڵێت: "ئێمە ئامادەین هەموو هاوکارییەکی مادديی ئەو خێزانە بکەین. ژیانی سەختی مووسڵ وای لەو ژنە کردووە کە بە سکی شەش مانگییەوە بچێت هاوکاریی مێردەکەی بکات".

د. عەبدوڵڵا ئیحسان، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە دهۆک دەڵێت، برینی ژنەکە زۆر سەخت بوو، بۆیە گیانی لەدەستدا و زۆر هەوڵمان دا منداڵەکەی ڕزگار بکەین، بەڵام نەمانتوانی.

گوتیشی: "دەستبەجێ پەیوەندیمان بە نۆژدارانی ژنانەوە کرد و هەموویان لەوێ ئامادەبوون، هەوڵماندا منداڵەکەی ڕزگار بکەین، بەڵام وەکو دیارە منداڵەکەی شەش مانگ بوو، هێشتا هی ئەوە نەبوو لەسەر دونیا بژیت، لەگەڵ مردنی دایکی منداڵەکەشی مرد".

هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک دەڵێت کە پۆلیس چوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە بۆ ئەوەی هۆکاری ڕووداوەکە بزانن.

## "وەزیر دانی پێداناوە کە نادادپەروەری کراوە"

# وەزارەتی ڕۆشنبیری 530 ملیۆن دینار دەداتە یانە وەرزشییەکان

> پارەکە ناشەفاف و نادادپەروەرانە دابەشکراوە
> پەرلەمانتارێک

> بەپێی ڕیزبەندی و بەشداری لە خولەکاندا دابەشمانکردووە
> وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان 530 ملیۆن دیناری بۆ هاوکاریکردنی یانە وەرزشییەکان تەرخانکردووە. وەزارەتی ڕۆشنبیریش بەسەر 23 یانەدا، بە بڕی جیاواز، دابەشی کردووە. هەندێک لە یانەکان دەڵێن پارەکە نادادپەروەرانە دابەشکراوە. یانەیەکیش ڕەتیکردووەتەوە پارەکە وەربگرێت. بەگوتەی ئەندامێکی لیژنەی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان، وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری دانی بەوەدا ناوە کە ئەو پارەیە نادادپەروەرانە دابەشکراوە.

گۆران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی قەیرانی داراییەوە، حکومەت هیچ پارەیەکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەرزش و لاوان خەرج نەکردبوو، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا، بڕی 530 ملیۆن دیناری بۆ هاوکاریکردنیان خەرجکرد. ئەو پارەیەش بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە بەسەر یانەکاندا دابەشکراوە".

### وەزیری پێشوو: هەر ئەوەندە دەسەڵاتم هەیە

گۆران عومەر گوتیشی: "یانەی وەرزشیی سیروانی نوێ نووسراوێکیان بۆ ناردین و نووسیبوویان ئەو بڕە پارەیەی بۆیان خەرجکراوە کەمە و جیاوازی لەنێوان یانە وەرزشییەکاندا کراوە. بۆیە پارەکەیان ڕەتکردبووەوە. لە نووسراوەکەدا دەردەکەوێت کە بڕی ئەو پارەیەی بۆ یانە وەرزشییەکان خەرجکراوە، نادادپەروەریی زۆری تێدایە. هەندێک یانە بڕی 65 ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە و یانەش هەبووە تەنیا 10 ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە".

لەبارەی جیاوازییەکەش لە دابەشکردنی هاوکارییەکەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ یانە وەرزشییەکان، ئەندامەکەی لیژنەی ڕۆشنبیری و وەرزش گوتی: "لە سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیە بەسەر یانەکاندا ناوچەگەرێتی نەکراوە. یانە هەیە لە سلێمانی 65 ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە، هەمان بڕە پارەش دراوەتە یانەیەک لە هەولێر، بەڵام زۆربەی یانەکانی هەرێمی کوردستان بەحیزبی کراون و بەرپرسانی حیزبی خاوەنیانن. بۆیە هەر یانەیەک سەر بە حیزب یان بەرپرسێکی حیزبی نەبێت، پەراوێزی دەخەن و وەکو تیپێکی میللی و لاکۆڵان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن".

ئەندامەکەی لیژنەی ڕۆشنبیری و وەرزش دەشڵێت: "بەدواداچوونمان بۆ کێشەکە کرد و لەگەڵ وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری و لاوان قسەمانکرد. پێمانگوت دابەشکردنەکە شەفافیەتی تێدانییە و ئاستی یانەکان لەبەرچاو نەگیراوە. وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری و لاوان دانی بەوەدانا کە پارەکە بە نادادپەروەرانە بەسەر یانە وەرزشییەکاندا دابەشکراوە، بەڵام گوتیشی من هەر ئەوەندە دەسەڵاتم هەیە".

### 5 ساڵە پارە نەدراوە

یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان ئاگاداری دابەشکردنی ئەو پارەیە بەسەر یانە وەرزشییەکاندا نییە. سەفین کانەبی، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئاگاداری دابەشکردنی ئەو پارەیە نین و هیچ پەیوەندییەکیشی بە ئێمەوە نییە. بەڵکو وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆیان هاوکارییان دەکەن و ئێمە نایزانین".

فەرهەنگ گۆمەشینی، گوتەبێژی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە ساڵانی پێشووتردا بەپێی توانا هاوکاری هەموو یانەکانمان کردووە، بەڵام لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی دارایی نەمانتوانیوە بیکەین". لەبارەی دانپێدانانی وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری بەوەی کە 530 ملیۆن دینارەکە بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە بەسەر یانەکاندا دابەشکراوە، گوتەبێژی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەڵێ: "ئاگادار نیم وەزیری پێشوو قسەی وایکردبێت، بەڵام ئێمە داواکارییەکی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەرزشمان بە نووسراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردەوە. ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیاریدا ئەو پارەیە بۆ هاوکاریی یانە وەرزشییەکان خەرج بکرێت". سەبارەت بەو بنەمایەی پارەکەی لەسەر دابەشکراوە، گوتەبێژی وەزارەتی ڕۆشنبیری گوتی: "بەپێی ڕیزبەندی و بەشداریی یانەکان بووە لە خولەکاندا، بەبێئەوەی بزانین کێ خاوەندارێتییان دەکات".

### دەستی حیزب لە وەرزشدایە

لە هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسا، کڕین و فرۆشتن بە یانە وەرزشییەکان و یاریزانەکانیان ناکرێ و کۆمپانیا و بازرگانان خاوەنیان نین و سپۆنسەرییان ناکەن. بۆیە ئەندامەکەی لیژنەی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان دەڵێ: "یانەکان ناچارن پەنا بۆ بەرپرسە حیزبییەکان ببەن. دەستی حیزب بەتەواوی چووەتە نێو وەرزشیشەوە. لە جیهاندا نەبووە کە حکومەت بودجە و پارە بداتە یانە وەرزشییەکان، بەڵکو لە زۆر وڵات یانەکان هاوکاریی حکومەت دەکەن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەمە پێچەوانەیە و ساڵانە بەشێک لە داهاتی حکومەت دەدرێتە ئەو یانانە". گۆران عومەر گوتیشی: "لەم خولەی پەرلەماندا کار لەسەر ئەوە دەکەین بەپێی یاسا وەرزش لە هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بکەین و یانەکان لەدەستی بەرپرس و حیزبەکان دەربهێنین. چونکە دەبێ ئامانجی گەورەی یانەکان پێشخستنی وەرزش لە هەرێمی کوردستان بێت".

ڕووداو
راپۆرت
ژمارە (570) - دووشەممە 2019/9/16



## سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرمانی ژمارە 2ی دەرکرد

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان، دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە سێی نائاسایی خۆیدا لە 2019/8/3، ڕۆژی 2014/8/3ی وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان دیاری کرد، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی ژمارە (2)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان واژۆی لەسەر بڕیارەکە کردووە و پەسەندی کردووە. بەپێی فەرمانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان: "ئەو تاوانەی بەرامبەر ئێزدییەکان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش کراوە، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بووە، بۆیە ڕۆژی 8/3 وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئێزدییەکان دیاری دەکرێت، دەبێت ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، بڕیارەکەش لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت".

### لەسەر هەڵەبجە و حکومەت و کەرکووک گلەییان لەیەکدی هەیە

# دوو کۆبوونەوەی باڵای پارتی و یەکێتی هەڵدەوەشێنەوە

### "یەکێتی پێیوایە وەزیرەکانی گۆڕان لە وەزیرەکانی یەکێتی ئاسوودەترن"



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بڕیار بوو ڕۆژی شەممە، 14ی ئەم مانگە، هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کۆببنەوە، بەڵام بەهۆی کشانەوەی یەکێتی لە ڕێککەوتننامەی دابەشکردنی پۆستەکانی هەڵەبجە، هەڵوەشایەوە و کۆبوونەوەیەکی دیکەی هەردوولاش لەلایەن یەکێتییەوە هەڵوەشایەوە بەهۆی ئەوەی گلەییان هەبووە لەبارەی دەسەڵاتەکانی جێگری سەرکوەزیران و پارێزگاری کەرکووک و پۆستەکانی یەکێتی لە ئیدارەی خۆجێیی لە پارێزگاری هەولێر. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکێتی گلەیی ئەوەشیان لە پارتی هەیە کە لەنێو ئەنجوومەنی وەزیراندا کارئاسانیی زۆرتر بۆ وەزیرەکانی گۆڕان دەکرێت و تیمی گۆڕان ئاسوودەترن".

### یەکێتی لە بادینان کێشەی هەیە

سەربارى دوو ڕێککەوتننامەی واژۆکراوی نێوانیان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گلەییان لە یەکدی هەیە. بەهۆی ئەو گلەییانەشەوە دوو کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا هەڵوەشانەوە. بڕیارابوو ئەم هەفتەیە کۆبوونەوەکان بکەن و تێیاندا لەسەر ئەو تێبینیانەی لەنێوانیاندا دروستبوون قسە بکەن. یەکێک لە کۆبوونەوەکانیش لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی هەردوولا بووە. ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیش دەڵێ: "هەرکاتێک لە هەولێر سێ بەڕێوەبەری گشتی و دوو قایمقام و چەند بەڕێوەبەری ناحیەمان وەرگرت، ئەوکات پابەند دەبین بە ڕێککەوتنی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای هەڵەبجە".

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت حیزبەکەی لەدوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمەوە چەند تێبینییەکی لەلا دروستبووە، تێبینییەکان گەیشتوونەتە ئاستی نیگەرانی. ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی لەبارەی نیگەرانییەکانی حیزبەکەی لە پارتی دەڵێت: "بەشێک لە کێشە چارەسەرنەکراوەکانمان لەگەڵ پارتی، پەیوەندی بە دەسەڵاتی خۆجێیی پارێزگاکانەوە هەیە. ئەگەر پارتی گلەیی ئەوە دەکات کە یەکێتی لە ڕێککەوتنی هەڵەبجە کشاوەتەوە، ئەوە ئێمەش لە هەولێر و بادینان کێشەمان هەیە". سەرکۆ ئازاد گەلاڵی دەڵێ دوو جار تێبینی و گلەییمان داوەتە پارتی. جارێک لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بە پارتیمان گوتووە: "دەبێ لەنێو ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی حکومەت دیاری بکرێن و قوباد تاڵەبانی بزانێت دەسەڵاتەکانی چین. چونکە تیمی ئێمە لەنێو ئەنجوومەنی وەزیراندا وا تێدەگەن کە پەراوێزخراون، لەکاتێکدا لە ڕێککەوتنی نێوانماندا پێنج جار وشەی تەوافوق هاتووە".

### دوو نیگەرانییەکەی یەکێتی

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەسەرەتای دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتەوە، جەختی لەوە دەکردەوە کە بەشداریکردنی لە کابینەی نۆیەمدا، بەستراوە بە دانانی پارێزگارێکی یەکێتی بۆ کەرکووک و وەرگرتنی وەزارەتی دادی عێراق. لە پۆستەکانی هەرێمی کوردستانیشدا پێداگرییەکی سەرسەختانەی کرد بۆ بەدەستهێنانی جێگری سەرۆکایەتییەکانی هەرێم و حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان و 6 وەزارەت و چەند دەستەیەک، بەڵام ئێستا گلەییەکانی یەکێتی لە پارتی گۆڕاون بۆ "دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکوەزیران و دواکەوتنی دەستبەکاربوونی پارێزگاری کەرکووک".

### پێشنیازە نوێکەی عەرەب و تورکمان

گلەییەکان لە دواکەوتنی دانانی پارێزگاری کەرکووکەوە دەستیانپێکرد. هەرچەندە ڕۆژی 11 تەموزی ئەمساڵ لە سلێمانی و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیی هاوبەشدا پارتی و یەکێتی ناوی ئەندازیار تەیب جەباریان وەک کاندیدی پەسەندکراوی هەردوولا بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک ئاشکراکرد، بەڵام تاوەکو ئێستا نە لیژنە هابەشەکەی نێوان هەردوو حیزب بۆ دانوستاندن لەگەڵ عەرەب و تورکمان دەستبەکار بوونە و نە لیستی برایەتیش کۆبوونەوەیان کردووە.

پێشتر تورکمان و عەرەبەکانی کەرکووک پشتیوانیی دابەشکردنی پۆستەکانی کەرکووکیان دەکرد بە هاوکێشەی 32% بۆ کورد و 32% بۆ عەرەب و 32% بۆ تورکمان و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ ئاشووری و کلدانەکانی ئەو پارێزگایە. ڕووداو زانیویەتی کە ئێستا تورکمان عەرەبەکانی کەرکووک بیرۆکەیەکی نوێیان هەیە و ئەویش دابەشکردنی پۆستەکانە بە جۆرێک کە 40% بۆ کورد و 30% بۆ تورکمان و 30% بۆ عەرەب بێت.

> **دەبێ بزانین دەسەڵاتەکانی قوباد تاڵەبانی چین**
> پەرلەمانتارێکی یەکێتی

### "هەڵەبجە بەرامبەر هەولێرە"

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، کە داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، ڕەتیدەکاتەوە گلەییەکانی حیزبەکەی لە پارتی گەیشتبنە قۆناخێک کە هەڕەشە لە پەیوەندییەکانی نێوانیان بکات، "بەڵام پارتی خواستەکانی یەکێتی لەبەرچاو ناگرێت. ئێمە پێش ڕێککەوتن لەسەر پۆستەکان، ڕێککەوتووین کە بەشداریمان لە حکومەتدا ڕاستەقینە بێت و بڕیارەکانی حکومەت بەهاوبەشی بدرێن، نەک جێگرێکی بێدەسەڵاتمان هەبێت و پارتی لە پارێزگاکانی دیکە پۆستەکانی یەکێتی نەداتەوە، بەڵام داوای پۆستەکانی هەڵەبجە لە یەکێتی بکات".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی حیزبەکەی داوای لە پارتی کردووەتەوە "کات نەکوژێت بۆ دانانی پارێزگاری کەرکووک و خالید شوانی وەک وەزیری هەرێم بۆ هەماهەنگیی نێوان بەغدا و هەولێر دەستبەکار ببێ و ڕەوەند مەلا مەحمووديش تەنیا بەربژێری ئێمەیە بۆ وەرگرتنی سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکان و نایگۆڕین".

ئەندامەکەی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێ پارتی داوای لێکردوون "ناوی ڕەوەند مەلا مەحموود بگۆڕن بە کەسێکی دیکە". لەبارەی گلەیی پارتیش سەبارەت بە پاشەکشەی یەکێتی لە ڕێککەوتننامەی دابەشکردنی پۆستەکانی هەڵەبجە، سەرچاوەکەی (ڕووداو) دەڵێت: "هەرکاتێک لە هەولێر 3 بەڕێوەبەری گشتی و 2 قایمقام و چەند بەڕێوەبەری ناحیەمان وەرگرت، ئەوکات پابەند دەبین بە ڕێککەوتنی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای هەڵەبجەوە".

> **ناوی پارێزگاری کەرکووک لە گیرفانی ئێمەدا نییە**
> ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی

### پارتی: کێشەی کەرکووک ئاڵۆزە

ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی ڕەتیدەکاتەوە حیزبەکەی لە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی پاشگەزبووبێتەوە و دەڵێت: "ئێمە نەک لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان، بەڵکو لەگەڵ لایەنە عێراقییەکانیش لە ڕێککەوتنەکانمان پەشیمان نابینەوە. بۆیەش پابەندین بە ڕێککەوتنەکەمانەوە لەگەڵ یەکێتی و جێبەجێی دەکەین، بەڵام یەکێتی بۆخۆشیان دەزانن پرسی کەرکووک چەند ئاڵۆزە". نووری حەمە عەلی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی، باسی ئەو لیژنە هاوبەشەی پارتی و یەکێتی دەکات کە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ لایەنەکانی نێو کەرکووک و بەغدا گفتوگۆ دەکەن: "ئەندامە یەکێتییەکانی ناو ئەو لیژنانە بۆخۆشیان دەزانن کە ناوی پارێزگار لە گیرفانی ئێمەدا نییە تاوەکو هەرکات ویستمان دەریبهێنین، دەبێت لەگەڵ لایەنە ناکۆکان ڕێکبکەوین. کاتێکیش یەکێتی ناوی کاک تەیب جەباریان داوەتە ئێمە، یەک وشەشمان لەسەری نەگوتووە".

---

### ڕووداو وردەکاریی ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا بڵاودەکاتەوە

# هەولێر دەیەوێ بەغدا پاشەکەوتی مووچە بداتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەم هەفتەیە شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات. شاندەکە دەیەوێ بۆ کەمکردنەوەی خاڵی ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا سەبارەت بە نەوت و بودجە و پێشمەرگە و قەرزەکان دانوستاندن بکات. هەرچەندە سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندووە کە "چاوەڕوان دەکرێ تەنیا بۆ بودجەی ساڵی 2020 و تێپەڕاندنی لە پەرلەمان ڕککەوتن بکرێت"، بەڵام پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێت: "شاندی کوردستان بۆ چارەسەر و ڕێککەوتن دێنە بەغدا و دۆسیەی دانوستاندنی شاندی هەردوولا مەرجی قورس و زۆریان تێدایە".

### بەغدا وردەکارییەکانی لەلایە

لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، بە سەرۆکایەتیی عادل عەبدولمەهدی، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ئەو خاڵی ناکۆکییانە کەمتر بکرێنەوە. جووتیار عادل، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هێشتا ڕۆژەکە دیاری نەکراوە، بەڵام ئەم هەفتەیە شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات "بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کێشەکان".

چوونی شاندی کوردستان بۆ بەغدا و جووڵەی هەردوولا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان لەکاتێکدایە کە پەرلەمانی عێراق ئامادەکاری دەکات بۆ تەواوکردنی پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی 2020. ئەگەر ئەو پرۆژەیەش بەبێ تێگەیشتنێکی هاوبەش لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بگاتە پەرلەمان، مانای ئەوەیە هەولێر و بەغدا دەگەڕێنەوە ڕۆژە خراپ و تەنگژاوییەکانی ڕابردوویان.

> **هێشتا بەغدا وەڵامی کوردستانی نەداوەتەوە**
> پەرلەمانتارێکی پارتی

دانا جەزا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، وردەکاریی ئەو خاڵانەی ناکۆکییان لەسەرە و گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، بۆ (ڕووداو) ڕوونەدەکاتەوە: "لەبارەی فرۆشتنی نەوت و کۆمپانیاکان و گرێبەستەکان و بودجەی پێشمەرگە و مووچەی فەرمانبەران، وردەکاریی تەواو دراوەتە بەغدا. تەنانەت بە وردەکارییەوە باسی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی ئاڤانا و بای حەسەنی کەرکووکیشی تێدایە، بەڵام حکومەتی عێراق بەفەرمی وەڵامی ئەو کاخەزەی کوردی نەداوەتەوە".

### کێ قەرزەکان وەئەستۆ دەگرێ؟

دوو لیژنەی سەرەکی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە دانوستاندنێکی چڕوپڕدان. لیژنەیەکیان تایبەتە بە ماددەی 140 و ناوچە دابڕاوەکان (کە بەفەرمی پێیاندەگوترێت: ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) و لیژنەی دووەمیش تایبەتە بە پرسی نەوت و بابەتە دارایی و ئابوورییەکان. ئەوەی کە پەیوەندیی بە ماددەی 140ەوە هەیە، نەتەوە یەکگرتووەکان و شاندی سەربازیی ئەمریکاش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و دوور بە دوور بەشداری لە دانوستاندنەکاندا دەکەن و هانی ڕێککەوتن دەدەن. بەڵام بۆ پرسە ئابوورییەکان، شاندی هەردوولا سەرقاڵی ئەوەن فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانی عێراق لە وردەکاریی کێشەکان ئاگاداربکەنەوە. دانا جەزا باسی خاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەکات و دەڵێ: "حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای 48 ملیار دۆلاری بودجەی 5 ساڵ و نزیکەی 7 ترلیۆن دیناری بودجەی 14 ساڵی پێشمەرگە و 5 ساڵ پارەی حەقدەستی کۆمپانیا نەوتییەکان و زیاتر لە 10 ملیار دۆلاری ئەو قەرزانەی بەغدا کردوویەتی و پشکی کوردستانی تێدابووە و نەیداوە، لە حکومەتی عێراق دەکات". پەرلەمانتارەکەی پارتی وردەکاریی ئەو قەرزانە ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێت: "بەغدا تاوەکو ئێستا 60 ملیار دۆلاری قەرزکردووە و دەبوو ٪17ی بداتە هەرێمی کوردستان". سەبارەت بەو خاڵانەی دیکە کە هەولێر لە بەغدا داوایان دەکات، دانا جەزا گوتی: "حکومەتی کوردستان داوای قەرەبووکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان و ئەنفال و هەڵەبجە و شەهیدانی کورد و سەرژمێریی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و داهاتە نێوخۆییەکان دەکات". بەڵام بەگوتەی ئەو پەرلەمانتارە، تاوەکو ئێستا بەغدا ئامادە نییە بەشداریی بکات لە دانەوەی ئەو 24 ملیار دۆلارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی قەیرانی داراییدا قەرزی کردووە، "لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆی جددی هەر هەیە، بۆئەوەی بتوانن ڕێککەوتنێکی 3 ساڵە لەنێوانیان واژۆ بکەن". واتە ئەو سێ ساڵەی کە لەماوەی سەرۆکایەتیی عەبدولمەهدی ماوە.

> **عادل عەبدولمەهدی ئامادە نییە ڕێککەوتنی نەرم لەگەڵ کوردستان بکاتەوە**
> پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو

### مەرجی دانەوەی پاشەکەوتی مووچە

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا بەشێک لە وردەکارییەکانی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە. بەگوتەی ئەو سەرچاوەیە، پێش ئەوەی شاندی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، حکومەتی عێراق وەڵامیان ناردووە و ڕایانگەیاندووە کە مەسەلەی بژاردنی قەرزەکانی سەر هەرێمی کوردستان لەلایان بەغداوە لە گفتوگۆکان دەربهێنن: "ئامانجی بەغدا ئەوەیە لەکۆتاییدا بڕێکی زۆر کەم لەو قەرزانە بداتەوە و بەرامبەر وەرگرتنی 250 هەزار بەرمیل نەوتەکەش تەنیا مووچە بنێرێ، لەگەڵ بڕێکی کەم پارەی بودجەی پرۆژەکان. بەغدا دەیەوێت بەو نەوتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەردەستی دەمێنێتەوە، پارەی خەرجیی کۆمپانیاکانی نەوت بداتەوە". ئەو سەرچاوەیە قسەی زیاتری بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان بەهۆی بڕینی بودجەکەی لەلایەن بەغداوە ناچار بووە سیستمی پاشەکەوتکردنی مووچە پەیڕەو بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە بەغدا کردووە پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران بداتەوە، "بەڵام بەغدا بە مەرجێک ئامادەیە ئەو قەرزە بداتەوە کە هەرێمی کوردستان داوای بژاردنی قەرزە دەرەکییەکانی نەکات و داهاتە نێوخۆییەکانی بنێرێتە بەغدا". وەک ئەو سەرچاوەیەی (ڕووداو) باسی دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانوستاندنەکان بەردەوام دەبێت و ناکشێتەوە، بەڵام "بەوشێوەیە نەوت ڕادەست ناکات، چونکە بەغدا چەندە مەرجی هەن، هەرێمی کوردستانیش هێندە مەرجی هەن".

### ڕێککەوتنی سێ ساڵە زەحمەتە

لە هەفتەکانی ڕابردوودا لیژنە سەربازییەکەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی بۆئەوەی بەغدا دەست بە ناردنی بودجەی پێشمەرگە بکات. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە سەرچاوەیەکی وەزارەتی پێشمەرگەوە دەستیکەوتووە، ئەو وەزارەتە لەسەر داوای عادل عەبدولمەهدی نووسراوێکی بۆ وەزارەتی بەرگریی عێراق ناردووە، تاوەکو مووچەی پێشمەرگە خەرج بکات، بەڵام هێشتا پارەکە خەرج نەکراوە. موسەننا ئەمین پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، بە دووری دەزانێت بەو کێشە قورس و ئاڵۆزانەوە ڕێککەوتنی 3 ساڵە واژۆبکرێت: "لەکۆتاییدا هەموو هەوڵەکان لەوەدا چڕدەبنەوە کە ڕێککەوتنێک بۆ تێپەڕاندنی بودجەی 2020 بکرێت. چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیوایە بەو مەرجانەی بەغداوە ناتوانێ نەوت ڕادەست بکات و بەغداش بەشێک لە مەرجەکانی کورد ڕەتدەکاتەوە".

### "عەبدولمەهدی گوشاری لەسەرە"

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عیراق و پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە و هەموو وردەکارییەکانی ئەو کۆبوونەوانەی خستەڕوو کە تاوەکو ئێستا شاندەکانی نێوان هەولێر و بەغدا گفتوگۆیان لەسەر کردوون. جووتیار عادل، گوتەبێژی حکومەت، دوای کۆبوونەوەکە گوتی کە نیەتی ڕێککەوتن هەیە لەگەڵ بەغدا. دەشیانەوێ پێش ڕەوانەکردنی پرۆژەیاسای بودجە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، شاندی هەرێمی کوردستان تێبینییەکانی خۆی باس بکات و لە پرۆژەکەدا جێگەی بکاتەوە. گوتەبێژی حکومەت قسەیەکیشی کرد کە دەریدەخات ڕێگەی ڕێککەوتن زۆریش تەخت نییە: "بەغدا 80 ملیار دۆلاری هەرێمی کوردستان قەرزدارە".

موسەننا ئەمین دەڵێ پەرلەمانتارانی شیعە فشارەکانیان لەسەر عادل عەبدولمەهدی چڕکردووەتەوە. وەک پەرلەمانتارەکەی یەکگرتوو باسی دەکات، "عەبدولمەهدی ئامادە نییە جارێکی دیکە ڕێککەوتنی نەرم لەگەڵ کورد بکات و ناشوێرێت بیکات. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ڕێککەوتنێکی یەک ساڵە لەنێوان کورد و حکومەتی عێراق بێتە کایەوە، کە زیاتر لە بەرژەوەندیی عێراقدا دەبێت".

### داواکاریی هەولێر لە بەغدا

- **48** ملیار دۆلاری بودجەی **5** ساڵ
- **7** ترلیۆن دیناری مووچەی **14** ساڵی پێشمەرگە
- **5** ساڵ پارەی حەقدەستی کۆمپانیا نەوتییەکان
- **10** ملیار دۆلاری ئەو قەرزانەی بەغدا کردوویەتی و پشکی کوردستانی تێدا بووە
- قەرەبووکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان و ئەنفال و هەڵەبجە و شەهیدانی کورد
- سەرژمێری لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان
- دانەوەی ئەو قەرزانەی بەهۆی بڕینی بودجە و قەیرانی دارایی هاتنە سەر هەرێمی کوردستان

# 20 ملیار دینارەکەی پایتەختی ڕۆشنبیری چۆن خەرجکراوە؟

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ژمارەیەک ڕۆشنبیر و هونەرمەندی سلێمانی کەمپەینێک لەدژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی سازدەکەن. ئەوان دەیانەوێ بزانن ئەو 20 ملیار دینارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شاری سلێمانی، وەک پایتەختی ڕۆشنبیری، تەرخانی کردبوو چۆن خەرجکراوە. یەکێک لە ڕێکخەرەکانی کەمپەینەکە دەڵێ بەشی زۆری پارەکە بەهەدەر دراوە. وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەرلەمانیش لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە دەکەن، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی ڕەتیدەکاتەوە پارەکە بەهەدەر درابێ و دەڵێت ئامادەی لێپێچینەوەیە.



### باخچەیەک بە 77 ملیۆن دینار کردراوە

گۆران عەلی کەریم، هونەرمەند و یەکێک لە ڕێکخەرانی کەمپەینەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لیستی چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو 20 ملیار دینارە بڵاوکرایەوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی خەرجکراوە، دەبینین پارەیەکی زۆر بەهەدەردراوە". ئەو هونەرمەندە باسی ئەوە دەکات کە ساڵی 2016 کەمپەینێکی دیکە بۆ هەمان مەبەست سازکرابوو، "بەڵام ئێستا وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش هاتوونەتە دەنگ، بۆیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کەمپەینێکی گەورە ڕادەگەیەنین و داوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەکەین".

بەگوتەی ڕێکخەری کەمپەینەکە لە لیستی خەرجییەکاندا هاتووە کە "4 ملیار و 793 ملیۆن و 989 هەزار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی کارگەی جگەرە تەرخانکراوە، لەکاتێکدا هەمووی بە قوتابیی زانکۆ بۆیاخ کراوەتەوە. هەروەها 77 ملیۆن دینار بۆ چاککردنی باخچەیەک تەرخانکراوە کە 5 بۆ 6 ملیۆن دینار زیاتری تێناچێت". ئەو هونەرمەندە بەردەوام دەبێ و دەڵێت: "پارەیەکی خەیاڵی بۆ نۆژەنکردنەوەی تەلاری هونەر خەرجکراوە، بەڵام کە دەچیتە ژوورەوە دەبێ لووتت بگریت! خەڵک هەیە لەوێ کاردەکات، پێیگوتووم کە یەک دیناریش بۆ بەشەکەی ئەوان خەرج نەکراوە. ئەی ئەو پارەیە چۆن سەرفکرا؟"

### "بەڕێز کار و چالاکی"

گۆران عەلی کەریم دەشڵێ: "لەو پارەیە دوو ملیار دینار بۆ بەڕێوەبەری گشتی تەرخانکراوە و کەس نازانێت چۆن و بە کێ و بە چی دراوە. لەکاتێکدا هیچ هونەرمەندێک پێنج ملیۆن دیناریشی پێنەدراوە. هەروەها نزیکەی ملیارێک و500 ملیۆن بەناوی (خەرجیی بەڕێز کار و چالاکی) تەرخانکراوە. ئەمانە هەمووی پێویستی بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ورد هەیە". ئەو ڕێکخەرەی کەمپینەکە گوتیشی: "ئێمە ئاگادارین گەندەڵی و بەهەدەردانێکی زۆر لەو پارەیە کراوە و چەند کەس و کۆمپانیایەک کە بازرگانی بە هونەرەوە دەکەن و ناوەکانیان لەلای ئێمە هەیە، تێیدا سوودمەند بوون".

وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەرلەمانیش گومانیان لە چۆنیەتیی خەرجکردنی پارەکە هەیە. فەرهەنگ گۆمەشینی، گوتەبێژی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان و چەند لایەنێکی دیکەشمان بەدەستگەیشتووە. بۆیە لە 2019/8/18 وەزیری ڕۆشنبیری نووسراوێکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی ناردووە بۆئەوەی چۆنیەتیی خەرجکردنی ئەو پارەیەمان پێبڵێن. ئەو دۆسیێیە دراوەتە لایەنە یاسایی و کارگێڕییەکان و ئەوان لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەن". لەبارەی کەمپەینەکەش، گوتەبێژی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەڵێ: "پاڵپشتی هەموو کەمپەینێکی یاسایی و ڕێگەپێدراو دەکەین و لە هەر شوێنێک پێویستیان بە ئێمە بێت هاوکار و پشتیوانیان دەبین".

### "پارە دراوەتە فیلمی بەرهەمنەهاتوو"

پەرلەمانی کوردستانیش بەدواداچوون بۆ دۆسیەکە دەکات. سۆران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەشێکی زۆر لە 20 ملیار دینارەکەی ڕۆشنبیریی سلێمانی بۆ نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکان و کڕینی کورسی تەرخانکراوە و بەهەدەردراوە. لەکاتێکدا پارەکە بۆ ژێرخانی ڕۆشنبیری تەرخانکرابوو، نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکان و دابینکردنی کورسی کاری بەڕێوەبەرایەتییەکە نییە و بەو پارەیە چەند باڵەخانەیەکی تایبەت نۆژەنکراونەتەوە".

سۆران عومەر ئاشکراشی کرد: "وردەکاریی بەهەدەردانی 20 ملیار دینارەکەی ڕۆشنبیریی سلێمانی دەدەمە چاودێریی دارایی و پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. هەروەها ئەوەش ئاشکراکراوە کە حکومەت پارەی بۆ چەندین فیلمی بەرهەمنەهاتوو تەرخان کردووە. واتە چەندین ساڵە پارەکە وەرگیراوە، بەڵام هێشتا فیلم و زنجیرەکان بەرهەمنەهاتوون".

### 900 چالاکیی هونەری لە سلێمانی کراون

سەبارەت بە چۆنێتیی خەرجکردنی 20 ملیار دینارەکەی پایتەختی ڕۆشنبیری، بابەکر دڕەیی، بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "70%ی ئەو 20 ملیار دینارەی ڕۆشنبیریی سلێمانی بۆ ژێرخانی ڕۆشنبیری پارێزگاکە تەرخانکراوە و 30%ی بۆ چالاکیی هونەری خەرجکراوە، کە ڕۆژانە چالاکی هونەری بەڕێوەدەچن. لەماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا زیاتر لە 900 چالاکیی هونەری لە سلێمانی بەڕێوەچوون".

بابەکر دڕەیی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان 10 ملیار دیناری بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەیان تەرخان کردبوو، بڕیاربوو 20 ملیار دینار دابین بکات. لە ساڵی 2015 کاتێک ئەو وەک بەڕێوەبەری گشتی دەستبەکاربووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان 10 ملیار دیناری دیکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی خەرجکردووە و لەو سەردەمەوە تاوەکو ئێستا "هیچ بڕە پارەیەک بەهەدەر نەدراوە و هەر لایەنێکیش دەیەوێت، دەتوانێت بانگهێشتمان بکات و لێپێچینەوەمان لەگەڵ بکات".

> **لە سەردەمی مندا بەهەدەر نەدراوە و ئامادەی لێپێچینەوەم**
> بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی

> **بەهەدەر دراوە**
> ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان

> **پاڵپشتی کەمپەین دەکەین**
> گوتەبێژی وەزارەتی ڕۆشنبیری

> **کەمپەینی بۆ دەکەین**
> هونەرمەندێکی سلێمانی

---

## لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی نێو بزووتنەوەکە ناکۆک بوون

# گۆڕان دەیەوێ دەستلەکارکێشاوەکان بگەڕێنێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

هەڵسووڕاوێکی باڵای دەستلەکارکێشاوەی گۆڕان دەڵێت: "دەستیشم لەکارنەکێشابایەوە، هەوڵمدەدا هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی تێکبدەم، بۆ ئەوەی ڕایبگرم". جێگری دەستلەکارکێشاوەی سکرتێری پێشووی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕەخنە لە شێوازی هەڵبژاردنەکانی نێو بزووتنەوەکە دەگرێت و پێیوایە نایاساییە و هەر لەبەر ئەوەش لەگەڵ چەند هەڵسووڕاوێکی دیکە دەستیان لەکار کێشاوەتەوە. بەڵام تاوەکو ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان ئەو دەستلەکارکێشانەوانەی پەسەند نەکردووە و ئەندامێکی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەکەش دەڵێت سەرقاڵی ئەوەن دەستلەکارکێشاوەکان بگەڕێننەوە سەر کارەکانیان.

### نیوەی جڤاتی نیشتمانی چاویان لە حکومەتە

ڕۆژی پێنجشەممە، دەستەیەکی نوێ بۆ سەرۆکایەتی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبژێردران و جەمال محەممەد، سکرتێری جڤاتی نیشتیمانی بە سکرتێری جڤاتی گشتی هەڵبژێردرا. ڕۆژی یەکشەممەش 14 ی ئەیلوول، ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی هەڵبژێردران. شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە، نیگەرانی و ناڕەزایەتی لای هەندێک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە دروستکرد.

ساڵح ژاژڵەیی، جێگری پێشووی سکرتێری جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان، کە لەگەڵ شەش هەڵسووڕاوی دیکەدا دەستی لەکارکێشاوەتەوە، دەڵێ چەند ڕۆژێک پێش دەستلەکارکێشانەوەیان، بە نامەیەک داوایان کردووە "هەڵبژاردنەکان بۆ سەری ساڵ دوابخرێن، بۆئەوەی ئامادەکارییەکان تەواوبکرێن و هەڵبژاردنەکە لە مەکۆ و باژێرڤانەکانەوە دەستپێبکات و دواتر بێتە لای جڤاتەکان"، بەڵام داواکارییەکەیان پەسەند نەکراوە: "جڤاتی نیشتمانی بۆ ڕۆژی دواتر، بەپەلە ڕۆژی 14ی مانگی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی خانەی ڕاپەڕاندن. ئیتر ئێمە هیچمان لەبەردەم نەمایەوە، جگە لە دەستلەکارکێشانەوە".

بەگوتەی ژاژڵەیی، ئەو جڤاتی نیشتمانییەی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتییان هەڵبژاردووە، خۆیان ماوەی یاساییان تەواو بووە و ناکرێ دامەزراوەیەک، دامەزراوەیەکی گرنگتر هەڵبژێرێت، ئەگەر بۆخۆی ماوەی یاسایی بەسەرچووبێت: "تەنانەت زیاتر لە 23 کەسی ناو جڤاتی نیشتیمانی سیڤییان بۆ وەرگرتنی پۆستی حکومی پڕکردووەتەوە. لەکاتێکدا جڤاتی نیشتمانی 50 کەسن. کەواتە چی لە جڤاتی نیشتمانی دەمێنێتەوە بۆئەوەی ئیشوکاری گۆڕان بەڕێوەببەن؟".



### "نەدەبووایە بڕۆن"

بەپێی دەستووری نێوخۆیی گۆڕان، هەڵبژاردنە نێوخۆییەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە و سەرەتا هەڵبژاردنی بازنە و ڕایەڵە و مەکۆ و باژێرڤانەکان دەکرێن. بەرپرسی مەکۆ و باژێروانەکانیش ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی و دواتر ئەندامانی جڤاتی نیشتیمانی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتی هەڵدەبژێرن. بەڵام بۆ یەکەمجار بەپێچەوانەی ئاراستە یاساییەکەی، هەڵبژاردن ئەنجامدرا و لە هەڵبژاردنی جڤاتەکان و خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێکخەری گشتییەوە دەستپێکرا.

د.هیوا ساڵح، ئەندامی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕەخنەکانی ساڵح ژاژڵەیی ڕەتناکاتەوە و دەڵێ بەشێک لەوانەی دەنگیاندا لەگەڵ ئەوە بوون سەرەتا لە خوارەوە هەڵبژاردنەکان بکرێن و بەپێی دەستووری نیوخۆیی گۆڕان بێت، " بەڵام لەبەرئەوەی تەمەنی خانەی ڕاپەڕاندن بەسەرچووبوو، زۆرینە ئەوەیان پەسەندکرد کە خانەی ڕاپەڕاندن پێشبخرێت". هیوا ساڵح نایشارێتەوە لە زۆربەی پرسەکاندا جڤاتی گشتی ڕای جیاوازی لە جڤاتی نیشتمانیی هەیە، "بەڵام کێشەکە ئەوەیە جڤاتی گشتی ڕاوێژکارییە و جڤاتی نیشتمانی بڕیار دەدات". گوتیشی: " زۆر کەس هێشتا وەک کاک ساڵح و ئەو برادەرانەی دیکە بیردەکەنەوە و بۆچوونیان وەک یەکە ، بەڵام دەبوو لەناو گۆڕان بمێننەوە و نامەی دەستلەکارکێشانەوە نەنووسن".

### "کاک نەوشیروان ڕەتیدەکردەوە"

ڕۆژی 10ی ئەم مانگە، جێگری سکرتێری جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و 6 ئەندامی دیکە کە پێکهاتبوون لە عەلی تاهیر، شەریف قادر، سابر ئیسماعیل، ئاوات بەهائەدین، عادل کاکەیی، حەیدەر حەسەن، نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان لە بزووتنەوەی گۆڕان بڵاوکردەوە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە داوای کرد ناوی بڵاو نەکرێتەوە، پشتیوانی لە هۆکارەکانی دەستلەکارکێشانەوەکە دەکات و دەڵێ: "ئەگەر کاک نەوشیروان لە ژیاندا بووایە، ئەو شێوازی هەڵبژاردنەوەی ڕەتدەکردەوە و ئەوە پێشێلکردنی دەستووری نێوخۆیی بزووتنەوەکەیە". گوتیشی، ئەوانەی دەنگیان بە دیاریکردنی ڕۆژی 14 ی مانگ دا بۆ هەڵبژاردنەکان، دەیانگوت دواتر هەڵبژاردنە نێوخۆییەکان لە خوارەوە ئەنجامدەدەین و کۆنفرانسی نیوخۆیی دەبەستین، بەڵام هێشتا هیچ وادەیەک بۆ ئەو هەڵبژاردنە و کۆنفرانسی نیشتیمانی دیاری نەکراوە و دیاریش نییە بکرێت".

ساڵح ژاژڵەیی، ڕەخنەی زۆرتر دەگرێت و دەڵێ: "چۆن دەبێ سکرتێری جڤاتی گشتی خەڵکی سلێمانی بێت و جێگرەکەی لە هەولێر بێت؟ دەستەی سەرۆکایەتی دەبێت لە یەک نزیک بن و ناکرێ هەریەکە و لە شارێک دابنیشن". ئەو دەڵێ تاوەکو 10ی مانگ هیچ دەنگوباسێک نەبووە جەمال محەممەد، لە جڤاتی نیشتیمانییەوە بێتە جڤاتی گشتی: " نازانم چۆن بەو یەک دوو ڕۆژە هەموو شتێک چارەسەرکرا؟ بێگومان بۆخۆیان بە ئەندامانی جڤاتی گشتییان گوتبوو دەنگی پێبدرێ، بۆئەوەی ببێتەوە ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن".

### هەوڵدەدەن بیانگەڕێننەوە

جگە لە عومەری سەید عەلی کە وەک ڕێکخەری گشتی بۆ دوو ساڵی دیکە هەڵبژێردرایەوە، عەدنان عوسمان وەک سکرتێری جڤاتی نیشتیمانی و جەمال حاجی محەممەد، بە سکرتێری جڤاتی گشتی و جەلال جەوهەر، دەرباز محەممەد، بڕزۆ مەجید و شەماڵ عەبدولوەفا بە ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن هەڵبژێردران. د.هیوا ساڵح، ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، هێشتا بزووتنەوەکە دەستلەکارکێشانەوەی ئەو 7 کەسەی پەسەند نەکردووە و سەرقاڵی ئەوەیە قسەیان لەگەڵ بکات و بگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان، بەڵام ساڵح ژاژڵەیی دووپاتی دەکاتەوە ئەو بڕیاری کۆتایی خۆی داوە: "دەکرێ قسە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم بکرێت، بەڵام من لە بزووتنەوەی گۆڕان تێگەیشتم و جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە".

گوتیشی: "ئەگەر هیوایەک هەبێت و گۆڕان گۆڕانکارییەکی باشی ئەنجامدا، ڕەنگە ئەوکات دەرفەتی گفتوگۆیەک هەبێت، بەڵام بەوشێوەیەی ئێستا ناکرێت".

> **دەمانەوێ بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان**
> ئەندامێکی جڤاتی گشتی

> **جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە**
> هەڵسووڕاوێکی باڵای دەستلەکارکێشاوە

## د. کوردستان موکریانی، ئەدیب و نووسەری کورد بۆ (ڕووداو):

# بەداخەوە پەشێو قەت ئەو بوێرییەی نەبوو پێمبڵێ خۆشیدەوێم

ئەمەی خوارەوە دەقی هەڤپەیڤینێکە لەگەڵ د. کوردستان موکریانی، کە جگە لەوەی خۆی ئەدیب و نووسەر و کەسایەتییەکی ناسراوە، کچی گیو موکریانی، نووسەری ناوداری کوردیشە. هەڤپەیڤینەکە لەگەڵ بەرنامەی پەنجەمۆر کراوە کە هاوکارمان (کاوە ئەمین) هەموو هەینییەک لە تەلەڤزیۆنی ڕووداوەوە پێشکەشی دەکات. موکریانی لەم بەرنامەیەدا، شاهیدی لەسەر ڕووداو و هەندێ نهێنی و بابەتی نەزانراوی چەند دەیەی ڕابردووی ناو دنیای ڕۆشنبیریی کوردستان دەدات.

**ڕووداو- هەولێر**


(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو: پێش ئەوەی باسی ژیانی تایبەتی خۆت بکەی، لەبەر ئەوەی باوکت و مامت لە بواری ئەدەب و چاپەمەنی و تەنانەت وێنەگرتن ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە، پێم خۆشە باسی ئەوان بکەی.. لە مەهابادەوە بۆ حەلەب، بۆچی باوکت لە مەهابادەوە چووە بۆ حەلەب؟**

**موکریانی:** بەر لەوەی باوکم کۆچ بکات بۆ حەلەب، مامم کۆچی کردووە، لە مەهاباد دەرچووە و چووەتە تەورێز و مەراغە و دوایی چووەتە دەوڵەتەکانی دەوروبەر بۆ ئەوەی خۆی پێبگەیێنێت. لەکۆتاییدا دێتە سەر بیرۆکەی ئەوەی چاپخانەیەک بکڕێت و لە شوێنێک دایمەزرێنێت. دەچێت حەلەب هەڵدەبژێرێت، چونکە دەڵێن ئەوسا 90%ی دانیشتووانی حەلەب کورد بوونە. هۆیەکی دیکەش ئەوەبوو کە بەدرخانییەکان کاتێک ڕۆژنامەی کوردستانیان چاپ دەکرد، زۆر ئەستەم بوو لە دەرەوەی کوردستانەوە ڕۆژنامەکە بگەیێننە ناو کوردستان، بۆیە مامم بڕیاریدا لەنێو کوردستان چاپخانەکە دامەزرێنن و هەر لەوێ بەرهەمی خۆی بڵاوبکاتەوە و خەریکی کاری ڕۆژنامەگەری بێت.

**ڕووداو: لە حەلەب چاپخانەکە کاری کرد لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی؟**

**موکریانی:** بەڵێ چاپی کرد، بەڵام جەنگی یەکەمی بەسەرداهات و سووریا بەر فەرەنسا کەوت، فەرەنسییەکان ڕێگایان بە کورد نەدەدا تەنانەت چالاکی ڕۆشنبیری بکەن، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەک تاک تاک دوو بۆ سێ ژمارەی لێ بڵاودەکردەوە، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدا و ئەمانە هیچیان نەمان، لەوێ کتێبێکیشی چاپکرد بەناوی (خونچەی بەهارستان) کە کتێبێکی مێژووییە. کە مامم لەوێ دادەمەزرێ، نامەیەک بۆ ماڵەوەیان دەنێرێ و دەڵێ کێ ماوە لە براکانم دەتوانن بێنە ئێرە، من لێرە پێیانبگەیێنم.

**ڕووداو: کەواتە مامۆستا گیو لەسەر داوای خوالێخۆشبوو حوسێن حوزنی موکریانی دەچێتە حەلەب؟**

**موکریانی:** بەڵێ، ئەویش باوکی دەبیات، کە دەگاتە ئەوێ لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی نەزانیوە، مامۆستایەکی بۆ دەگرێت و لەوێ فێری زمانی عەرەبی و فەرەنسیش دەبێت. دوای ئەوە دەچێتە کۆلێژی پزیشکی ددان بۆ ئەوەی پسپۆڕی لەو بوارە بەدەستبهێنێت، دەگاتە قۆناغی دووەم، لە ساڵی 1923-1924 فەرەنسییەکان بیانوو بە حوزنی دەگرن و زیندانی دەکەن لەبەر ئەوەی چالاکی ڕۆشنبیری هەبووە و کوردایەتی کردووە، بەو مەرجەش لە زیندان ئازادی دەکەن کە لەوێ نەمێنێتەوە.

**ڕووداو: کەواتە فەرەنسییەکان دژی هەموو بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی کوردی بوونە؟**

**موکریانی:** بەڵێ، پێشی دەڵێن ئینگلیز خەریکە لە باکووری عێراق نیمچە دەوڵەتێک یان حوکمڕانییەکی کوردی دادەمەزرێنن، بڕۆن کوردایەتی خۆتان لەوێ بکەن.

جا بۆیە لە ساڵی 1923 باوکم و مامم هەردووکیان پێکەوە دێنە بەغدا، بۆ ئەوەی بزانن دەتوانن لە بەغدا بژین یان نا، ماوەیەک لەوێ دەمێننەوە و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ حەلەب.

**ڕووداو: نەیانتوانیوە لەوێ نیشتەجێ ببن؟**

**موکریانی:** ئەوان هەر ویستوویانە لەناو جەرگەی کوردستاندا خزمەت بکەن و لە خەڵکەوە نزیک بن، بۆیە نەیانویستووە لە بەغدا بن.

**ڕووداو: کەواتە ساڵی چەند بوو کە یەکەم چاپخانەیان هێنایە ڕواندز؟**

**موکریانی:** ساڵێ 1925 هاتن، بەڵام ساڵی 1926 چاپخانەیان لە ڕواندز دامەزراند. هەر لە هەمان ساڵیشدا داوا دەکەن گۆڤارێک دەربکەن و گۆڤارەکە ناو دەنێن (زاری کرمانجی).

**ڕووداو: ئەو گۆڤارە تاوەکو ساڵانی سییەکانیش هەر بەردەوام بوو..**

**موکریانی:** تاوەکو ساڵی 1932 بەردەوام بوو، بەڵام تەنیا توانی 24 ژمارەی لێ چاپ بکات، دواتر حکومەتی بەغدا ڕایگرت.

**ڕووداو: جگە لە چاپخانە باوکت و مامت ڕۆڵێکی گرنگیان لەبواری وێنەگرتن و فۆتۆگرافیدا هەبووە، خۆیان باسی ئەوەیان نەکردووە بۆچی لەو بوارەدا کاریان کردووە؟**

**موکریانی:** ئەوان دوو شتی تەکنۆلۆژی زۆر باشیان هێنایە کوردستان، مامم لە ژمارە 1ی زاری کرمانجیدا لە سەروتارەکەی باسی دەکات، دەڵێ بۆیە ئەمەم هێناوە، چونکە کورد تەنیا بە زانست و زانیاری دەتوانێت پێبگات و دەبێت بچێتە قوتابخانە، قوتابخانەش پێویستی بە کتێبە، کتێبیش پێویستی بە ئامێرێکە بۆ ئەوەی چاپی بکات. هەر بۆیە بیری لەوە کردبووەوە، دەتوانم بڵێم بیری لە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری و زانستی کردبووەوە کاتێک کە ئەو چاپخانەیەی هێنا. کە کامێراکەشیان هێنا زیاتر باوکم خەریکی ئەو بوارە بوو، ئەویش یەکەمینجار بوو ئەو ئامێرە بهێننە کوردستان، مەبەستی سەرەکییان ئەوە بوو وێنەی ڕۆشنبیرانی کوردی پێ بگرن و پیشانی خەڵک و دونیای بدەن کە کورد تەنیا چەکی هەڵنەگرتووە بۆ مافی خۆی، بەڵکو ڕۆشنبیریشی هەیە.

**ڕووداو: بە حوکمی ئەوەی لەگەڵیان ژیاوی، بیری ناسیۆنالیستی کورد لەلای ئەوان چۆن بوو، وەکو نموونەی ڕەفیق حلمی؟**

**موکریانی:** باوکم زۆر دۆست بوو لەگەڵ ڕەفیق حلمی، بەڵێ هەردووکیان زۆر نەتەوەیی بوون، نەتەوەیی بوون لەو ڕووەوەی چاپخانەکەیان ناونا کوردستان، فەرهەنگەکەی ناوی کوردستان بوو، من ناوم کوردستانە، منداڵەکانی کە 8 منداڵی هەیە، هەموو ناوی کوردییان لێنراوە، یانیش لە هەولێر ئەگەر منداڵێک لەدایک بووایە دەچوو ناوێکی کوردیی لێدەنا.

**ڕووداو: ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە چاپخانەکانی ئەوان لە چاپدراون کامانەن؟**

**موکریانی:** زاری کرمانجی کە لە ڕواندز دەرچوو، 24 ژمارەی لێ چاپ کراوە لە ساڵی 1926 تاوکو 1932. دواتر ڕووناکی لە هەولێر چاپکرا، تەنیا 11 ژمارەی لێدەرچوو، لە نێوان ساڵانی 1935-1936، ئەوەش لەبەر ئەوەی داوای ئاوی کردبوو بۆ شاری هەولێر داپانخست. پاشان لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکان کاتێک کە ڕۆژنامەی هەولێر دەردەچوو، لە چاپخانەی کوردستان چاپ دەکرا. لە نێوان ساڵانی 1954 تاوەکو 1960 گۆڤای هەتاو چاپکرا کە سەرنووسەرەکەی گیو موکریانی بوو.

**ڕووداو: گۆڤاری هەتاو ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لە پارچەکانی دیکەی کوردستان یان لەو شوێنانەی کوردی لێ ژیاوە، خەڵک شتی بۆ نووسیون. کێن ئەوانەی لە گۆڤاری هەتاو بابەتیان نووسیوە؟ چونکە سەرەتا مامۆستا گیو موکریانی خۆی بابەتەکانی دەنووسی.**

**موکریانی:** ئەگەر سەیری ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری هەتاو بکەین، دەبینین زۆربەی گیو موکریانی خۆی نووسیونی، تەنانەت حوزنی موکریانیش لە ڕووناکی هەر خۆی زۆربەی بابەتەکانی دەنووسی، بە هەمان شێوە لە زاری کرمانجی، دواتر خەڵک بابەتیان دەنارد.

گۆڤاری هەتاو بۆ نموونە لە ئەمریکاوە بابەتی بۆ دەهات لەلایەن تاهر مەریوانی کە خۆی دکتۆر بوو، هەر جارەو بابەتێکی بە زمانی کوردی بڵاودەکردەوە لەبارەی یەکێک لە نەخۆشییەکان، هەندێک جاریش خەڵک هەر لێرەوە پرسیاریان لێدەکرد و وەڵامەکەی بۆ دەناردنەوە، هاوکات بابەتەکانی لە ئیستانبوڵ و تاران و بەغدا و زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی هەرچوار پارچەی کوردستانەوە بۆ دەهات و بڵاوی دەکردنەوە، چونکە خۆی پەیوەندی هەبوو لەگەڵیان، وایلهێنابوو کەسانێکی زۆر ڕووی تێبکەن و گۆڤارەکە دەوڵەمەند بکەن.

> پەشێو هەندێک شیعری بۆ من نووسیوە و دەزانم کامانەن

**ڕووداو: پەیوەندی بنەماڵەکەی ئێوە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئەو کەسایەتیانەی کورد نەبوونە، چۆن بووە؟**

**موکریانی:** ڕۆژهەڵاتناسەکان خۆیان دەگەڕان لە کەسانێک کە خەریکی نووسین و مێژوو و شیعر نووسینن، بە تایبەت چاپخانە لەلای ئەوان زۆر گرنگ بوو، خۆیان پەیوەندییان پێوە دەکردن.

من چەند نامەیەکی (مینۆرسکی)م بڵاوکردووەتەوە کە کاتی خۆی بۆ حوسێن حوزنی موکریانی ناردووە. هاوکات ئەوانەی مێژوونووس بوون، لەگەڵ ئەوانە پەیوەندییەکی زۆر باشیان هەبووە.

کاتێک کە حوسێن حوزنی لە بەغداش بوو، حوکمڕانی بەدەست ئینگلیزەوە بوو، زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسەکان دەهاتن، یەکێک لەوانە (مەکەنزی) بوو، کە کتێبێکی لەبارەی کورد هەیە.

من لەبیرمە منداڵ بووم هاتە ماڵمان و پرسیاری دەکرد، باوکم پێیگوت ئێوە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی 22 دەوڵەتتان بۆ عەرەب دروستکرد، بەڵام یەک دەوڵەتتان بە ڕەوا نەبینی بۆ کورد، ئێمە لە نێوچاوانی ئێوەی دەبینین، منی بانگ کرد و گوتی ئەو کچەم ناوناوە کوردستان، دەیان کەسی دیکەم لەو هەولێرە ناوناوە کوردستان بۆ ئەوەی کچەکانمان ئەو ناوە بپارێزن و ئەو ناوە هەر دەمێنێ.

**ڕووداو: تۆ لە هەولێر لەدایکبوویت، بەپێی بیرەوەرییەکانی خۆت بێت باوکت پێی ناخۆش بووە کاتێک تۆ لەدایک بوویت، لەبەر ئەوەی کوڕ نەبووی، ئەمە چۆن بووە؟**

**موکریانی:** ساڵی 1975 بوو من لە مۆسکۆ بە سەردان گەڕامەوە، باوکم داوای لێکردم لە دەستنووسێک بگەڕێم، گوتی تۆ کتێبخانەکەم باش دەناسی بۆم بگەڕێ ئەو دەستنووسەم بۆ بدۆزەوە، منیش چووم بیدۆزمەوە. لەنێو ئەو دەستنووسانە بیرەوەرییەکم دۆزیەوە، تەماشام کرد باسی منی تێدایە، کە خوێندمەوە دەڵێ دوێنێ شەو بە خەم بووم، چاوەڕێم دەکرد ئەو منداڵەم کوڕ بێت، کەچی کچێکم بوو، بەڵام شەو خەونێکم دیت، لە خەونمدا بازێک هاتە سەر شانم دەندوکی لە نێو گوێچکەم ناو دوو سێ قسەی بۆ کردم زۆر دڵم خۆشبوو، وادیارە دوای ئەو کچەم کوڕێکم دەبێت. منیش ئەو دەستنووسەم هێنا و گوتم کاتێک من هاتوومەتە دونیا تۆ پێت ناخۆشبووە کە من کچ بووم؟ گوتی جا کێ وا دەڵێ؟ گوتم خۆت وادەڵێی، لەنێو ئەو دەستنووسە بەو شێوەیە باستکردووە، گوتی نا نەخێر ئێستا تۆ بە 100 کوڕ ناگۆڕمەوە، بەڵام گوتم لێرە واتگوتووە و ئەو ئاواتەشت نەهاتەدی کە لە دوای ئەو کچە کوڕێکت ببێت، دیسان کچێکت بووە.. بەڵێ پێی ناخۆش بووە، بەڵام لە دواییدا منی زۆر خۆشویست.

**ڕووداو: ئەگەر باسی ناوەکەت بکەین، دیارە بە مەبەستێکی تایبەتی ئەو ناوەی لێناوی؟**

**موکریانی:** بەڵێ، دوای ئەوەی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەما، ئیتر حەزی دەکرد ناوەکە هەر بمێنێت، ناوی لە زۆر کەس نا کوردستان. یەکێک لەوانە من بووم، زۆر شانازیشی بەو ناوە دەکرد. هەر بیانییەک هاتبا ماڵمان منی بانگ دەکرد و دەیگوت تۆ وەرە چایەکە بێنە با کەسی دیکە نەیهێنێت بۆ ئەوەی پێیان بڵێت ئەوە ناوی کوردستانە، بەڵام ئەو ناوە لە ژیانمدا کێشەی زۆری بۆ من دروستکرد.

**ڕووداو: وەکو چی؟**

**موکریانی:** هەمیشە حکومەت بە ئاشکرا پێیدەگوتم تۆ ناوت کوردستانە، تۆ جوداخوازی، ڕەگەزنامەی عێراقییان پێنەدام لەبەر ئەوەی ناوم کوردستان بوو، لەسەردەمێک بوو کە وشەی کوردستان قەدەغە بوو. ئیتر لەو سەردەمەدا منیش داوای ڕەگەزنامەم دەکرد بۆ ئەوەی بچمە زانکۆ، ئەوساش باوکم زیندانی بوو لە کوت یان حللە، من چووم لەگەڵ شاگردێکمان، پیاوەکە ناوی (یەعروب شیت خەتاب) بوو، ناوەکەیم لەبیر ناچێت، گوتی تۆ ناوت کوردستانە، چاپخانەکەتان ناوی کوردستانە، بیستوومە دەڵێن فەرهەنگێکیش هەیە بەناوی کوردستان، بۆ ئاڵایەکی کوردستان لەسەر چاپخانەکەتان دانانێن؟ گوتم جا دانانی ئاڵا زۆر ئاسانە، بەڵام دانپێدانانەکەی گرانە.. گوتی تۆ ناتوانی بەو ناوە ڕەگەزنامە وەربگری، ناوی خۆت بنێ عەرەبییە، گوتم نەخێر ئەوە یەکەمین دیارییە کە دایک و باوکم بەمنیان داوە، دیاریش نابێت ڕەتبکرێتەوە و منیش ڕەتی ناکەمەوە. ئیتر ئەو بابەتە ساڵێکی خایاند تاوەکو ڕەگەزنامەکەم وەرگرت، ئەویش بە پارە وەرمگرت، 500 دینارم دا.

**ڕووداو: دەگوترێت کێشەی ڕەگەزنامەکەت تەنانەت گەیشتووەتە لای تاهر یەحیای سەرۆکوەزیران.**

**موکریانی:** بەڵێ، گەیشتە تاهر یەحیا، ئیتر بە 500 دینار ڕەزامەندی دا بۆ ئەوەی بۆم واژۆ بکات لە وەزارەتی ناوخۆ، ئەوە بوو ڕەگەزنامەیان بەناوی کوردستان پێدام.

**ڕووداو: تۆ جارێکیش لە ڕۆژنامەیەکدا فایەق عوسمان کە یەکێک بوو لە بەعسییە گەورەکان و لە ساڵی 1976 کوژرا، کێشەیەکی بۆ دروستکردبووی.. ئەوەیان چی بوو؟**

**موکریانی:** کاتێک کە لە مۆسکۆ گەڕامەوە **(فرهاد جاف)** کە پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوکاری بوو لە سلێمانی، هاتە زانکۆ و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵم کرد، ناونیشانی چاوپێکەوتنەکەش ئەوەبوو "گفتوگۆیەک لەگەڵ د.کوردستان موکریانی"، فایەق عوسمانیش هێڵێکی بەسەردا هێنابوو نووسیبووی "ئۆتۆنۆمی"، هەر بە ئۆتۆنۆمیش چاپکرا، بەڵام بۆ بەیانییەکەی کاتێک کە بورهان قانع لەوێ بوو، دەچێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکە وەربگرێت، دەبینێت کوردستان بووە بە ئۆتۆنۆمی، دەیەوێت بڵاوی بکاتەوە، بەڵام دەڵێ ئاوا بڵاوی بکەمەوە نابێت، بۆیە دەچێتە لای بەڕێوەبەری گشتی و دەڵێ ئەمە خۆی ناوی کوردستانە، ئەمە ئۆتۆنۆمی نییە.

**ڕووداو: ئەگەر باسی سەرەتای خوێندنی ئێوە بکەین، ئێوە لە قوتابخانەی ئەیوبیە دەستتان بە خوێندن کردووە؟**

**موکریانی:** بەڵێ لە قوتابخانەی ئەیوبیەی کچان لە تەیراوە، کە ساڵی 1936 دامەزراوە.

**ڕووداو: ئەوکات لە هەولێر قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندیش هەبوون؟**

**موکریانی:** بەڵێ، قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی هەر لە نزیکی قوتابخانەی ئەیوبیەی کچان بوون، ناوەندی و دواناوەندیشم هەر لەوێ تەواوکرد، بەڵام زۆربەی مامۆستاکان خەڵکی موسڵ بوون، کوردەکان کەم بوون.

**ڕووداو: موسڵاوی لە مەسەلەی عروبە توندڕەون، ئەمە لەنێو ئەواندا ڕەنگدانەوەی هەبوو؟**

> فەرەنسییەکان بە مامم و باوکمیان گوتبوو بڕۆن کوردایەتی خۆتان لە عێراق بکەن

**موکریانی:** من ئەوەم لێیان نەدیت، بۆ نموونە دەبوو ئاڵا بەرز بکرێتەوە، من لە پۆلی دوو بووم دووجار ئاڵایان بە من بەرزکردەوە، بەڵام کە دەچوومە ماڵەوە دەبوو بە کێشە.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**موکریانی:** گەوهەری خوشکم لە قوتابخانە لەگەڵم بوو، یەکسەر خەبەری دەدایە باوکم، باوکیشم دەیگوت ڕۆڵە تۆ ناوت کوردستانە چۆن دەبێت ئاڵایەک بەرز بکەیتەوە کە هیچ هێمایەکی کوردستانی تێدا نییە.

**ڕووداو: باوکت زۆر پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد بەشی کوردی بخوێنی، ئەمە پەیوەندی بەو باکگراوندە کوردییەوە هەبوو کە کاری لەگەڵ ئەدەب و نووسین هەبوو، یان هۆکارەکەی چی بوو؟**

**موکریانی:** حەزی دەکرد یەکێک لەو منداڵەکانی ئەو ڕێچکەیە بگرێت کە ئەو و کاکی گرتبوویان، جا ئەوەی لەلای من دیبوو کە من دەستی نووسینم هەیە و زۆریش دەخوێنمەوە، خوشکەکانی دیکەشم زۆریان دەخوێندەوە، بەڵام نەیاندەنووسی، تاکەکەسێک لەنێو ئەو 8 منداڵەی کە دەینووسی من بووم.

**ڕووداو: مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو ڕۆڵی هەبووە لەوەی کە تۆ بنووسیت، یاخود هەندێکجار تۆ هەڵسەنگاندنت دەکرد بۆ شیعرەکانی ئەو.**

**موکریانی:** ئەو شیعرەکانی خۆی بۆ من دەنارد بۆ ئەوەی چاوێکی پێدا بخشێنم بەرلەوەی بڵاوی بکاتەوە، ئیتر من هەڵمدەسەنگاند و بۆم دەناردەوە، هەندێکجار ئەو تێبینیانەی منی بەهەند وەردەگرت و چاکی دەکرد.

> لە ڕۆژنامەی هاوکاری ناوی منیان کردە ئۆتۆنۆمی

**ڕووداو: لە چ ڕوویەکەوە هەڵسەنگاندنت بۆ دەکرد؟**

**موکریانی:** بۆ نموونە ئەو بیرۆکەیەی کە ئەو لەوێ باسی دەکات، ئەو وێنە شیعرییەی باسی دەکات، بیرۆکەکەی لە یەکێکی دیکە وەرگرتبوو، ئیتر منیش گوتم ئەوە لە فڵان شوێن وەرگیراوە و دەبێت هێمایەک بۆ ئەوە دابنێی، ئەوەبوو کردی لە شەونامەی شاعیرێکی تینوو. ئەوەی دیکەیان شیعرێکی هەیە کە زۆر بەناوبانگە بەناوی "لە دەستم دێ"، لەوێ زۆر بە توندی باسی ژن دەکات و مامەڵە لەگەڵ ژن دەکات، وەکو بڵێی تۆڵەسەندنەوەیەکی تێدایە و توندە. منیش بۆم نووسیوە بەم شێوەیە نابێت قسە لەگەڵ ژن بکرێت، چونکە بەڕاستی ژن ناسکە، دووەم شیعر جێگەی ئەوەی تێدا نابێتەوە، دەبێت هەمووی خۆشەویستی و جوانی بێت، کاتێک کە دیوانەکەی چاپ کرد، لە ژێر ناونیشانەکەی نووسی کاتێک کە مرۆڤ دەبێتە پارچەیەک لە تووڕەیی ئەو شیعرە لە دایک دەبێت، واتە تووڕە بووە کە ئەو شیعرەی نووسیوە.

**ڕووداو: شیعری (لە دەستم دێ) بۆ تۆ نووسراوە؟**

**موکریانی:** باوەڕ ناکەم، بەس خۆی دەزانێت بۆ کێی نووسیوە. بۆ دەبێت بۆ منی نووسیبێت؟ چونکە من هەر شتی باشم بۆ نووسیوە، نەک شتێک کە ئەو تووڕە بکات، نازانم... دووریش نییە.. ئەو دەزانێت.

**ڕووداو: پەیوەندیی خۆشەویستی لەنێوان تۆ و عەبدوڵڵا پەشێو هەبووە؟ دەگوترێ بەشێک لەو شیعرانەی وەکو بورکانێک بووە و تەقیوەتەوە بۆ کوردستانی بچکۆلەی گوتووە، یاخود کوردستانی بچکۆلە و کوردستانی گەورەی پێکەوە گرێداوە.**

**موکریانی:** پەشێو کاتێک کە منی ناسی، بەڕاستی منی خۆشویست، بەڕێزت دەڵێی هەندێک لە شیعرەکانی، کەسانێکیش دەڵێن هەموو دیوانەکانی، برایا وابووایە، بەڵام بەڵێ هەندێک شیعری بۆ من نووسیوە، دەزانم کامانەن ئەو شیعرانە، یەکێک لەوانە وا بزانم کراوەتە گۆرانیش (بەڵێن بدە)، بەڵێنی بدەمێ واو.. واو.. وابێ، ئیتر...

**ڕووداو: بۆ بەڵێنت پێنەدا؟**

**موکریانی:** پەشێو کاتێک لە ژیانی مندا پەیدابوو کە من کەڵکەڵەی تەواوکردنی خوێندن لە دەرەوەی وڵات هەموو مێشکی داگیرکردبووم، ئەوسا هیچ پرۆژەی خۆشەویستی لە ژیانمدا نەبوو، هیچ ئامادەییەکم نەبوو بۆ پێکهێنانی ژیانی خێزانی، ئەگینا ئەو لە هیچی کەم نەبوو، نەخێر. بەڵام خۆم ئەو ئامادەییەم تێدا نەبوو، من دەمویست بچمە دەرەوەی وڵات و خۆم پێبگەیێنم.

**ڕووداو: خۆ ئەویش هاتە دەرەوەی وڵات و هەندێک دەڵێن شوێن تۆش کەوتووە..**

**موکریانی:** دەڵێن کوردستانی گەورەی جێهێشت لەبەر کوردستانی بچووک، بەڵێ. بەڵام من دەمدیت ئەوانەی خێزانن لەوێ، ژنەکان لە ماڵەوە هەر خەریکی چێشتلێنانن، پیاوەکانیش ئەوپەڕی ئازادییان وەرگرتووە لە هەموو لایەنێکەوە، جا من ئامادە نەبووم ئەو ژیانە بۆخۆم پەیدا بکەم.

**ڕووداو: پەشێو هیچ کاتێک جگە لەوەی خۆشەویستیی خۆی وەکو خۆت دەڵێی بە شیعر بۆ تۆ دەربڕیوە، پێیگوتی کە تۆی خۆشدەوێت؟**

**موکریانی:** نەخێر، ئەو بوێرییەی تێدا نەبوو بەداخەوە.

**ڕووداو: حەزت دەکرد ئەو بوێرییەی تێدابێت؟**

**موکریانی:** بەڵێ.

**ڕووداو: چی دیکەت هەیە لەسەر ئەو بابەتە بیڵێی؟ .. حەز دەکەی ئەو بورکانەی بۆ کوردستانی بچووک تەقییەوە، جارێکی دیکە کە ئێستا بەداخەوە دەڵێن نەخۆشیشە..**

**موکریانی:** هیوادارم تەندروستی باش بێت، شاعیرێکە ئێستا جێگەی دیاری خۆی هەیە، شیعرەکانیشی دوای ئەوەی منی ناسی، ژن و نیشتمان لە شیعرەکانیدا بوونە هاو واتا، هەتا ئێستاش لەناو شیعرەکانیدا ئەمە هەر ڕەنگدەداتەوە.

# داوا دەکرێ چەکدارە بیانییەکانی داعش لە کوردستان دادگایی بکرێن

**رازیکردنی بەرپرسانی کورد بە وازهێنان لە سزای لەسێدارەدان ئاسانترە، دادگاکانیان دادپەروەرترن و دۆخی ئاسایشیش لەوێ باشترە**

رووداو - هەولێر

شەڕی دژی خەلافەتەکەی داعش کز بووە، بەڵام سەدان چەکداری بیانیی داعش لە گرتووخانەکانی عێراق و دەسەڵاتی خۆسەری لە رۆژئاوای کوردستان بوونەتە بارێکی گران، وڵاتەکانیان ئامادە نین وەریانبگرنەوە، لەجیاتی ئەوە خەریکی تاوتوێکردنی کۆمەڵێ بیرۆکەن بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو چەکدارانە، یەکێک لەوانە دامەزراندنی دادگایەکە لە کوردستان.

نزیکەی دوو هەزار چەکداری بیانیی داعش کە 800 کەسیان ئەوروپین، لە گرتووخانەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) دان. ئەمریکا داوا لەو وڵاتانە دەکات داعشەکانی خۆیان وەربگرنەوە، بەڵام ئەوروپییەکان لە ترسی رای گشتیی وڵاتەکانیان و ئاکامی درێژخایەنی وەرگرتنەوەی ئەو چەکدارانە ناوێرن بە دەم ئەو داوایەوە بچن، رەخنەگرانیش دەڵێن ئەوروپییەکان گوانتانامۆیەکی نوێیان لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا دروستکردووە.

رۆژنامەی (هارێتز)ی ئیسرائیلی لەگەڵ دەیان سیاسەتوان و بەرپرسی باڵای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەوروپی قسەی کردووە. سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتێکی ئەوروپی دەڵێ: "هەر قسە دەکەین و قسە دەکەین، بێ ئەوەی بە هیچ کوێ بگەین. نازانین چی بکەین".



ئەوروپییەکان دەیانەوێ عێراق سزای لەسێدارەدانی چەکدارە بیانییەکان راگرێ

## دادگایەک لە رۆژئاڤا

سوعاد موراد خەلەف، ئافرەتێکی تەمەن 21 ساڵی ئێزدی و رزگاربووی دەستی داعش، بە رۆژنامە ئیسرائیلییەکە دەڵێ: "کاتێک دەبینی ئەوان چییان بەسەر ئێرە هێناوە، هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی خەلافەتەکەیان لە کوێ تێکشکاوە، زۆر ئاساییە داوا بکەین لێرە دادگایی بکرێن. حەز دەکەین تۆڵەیان لێ بکەینەوە". سوعاد لە ئابی 2014 لە لایەن چەکدارانی داعشەوە رفێنرا و وەک زۆربەی ئافرەتە هاوئاینەکانی کرا بە کۆیلە و کڕین و فرۆشتنی پێوە کرا.

ماوەی دوو ساڵ بوو بەرپرسانی ئیدارەی خۆسەری لە رۆژئاوای کوردستان داوایان دەکرد وڵاتان داعشەکانیان وەربگرنەوە، بەڵام بەپێی راپۆرتەکەی (هارێتز)، ئیدارەی رۆژئاڤای کوردستان بۆچوونی گۆڕاوە و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات چەکدارە بیانییەکان لە رۆژئاڤا دادگایی بکرێن، ئەوەش پێویستی بە دانانی دادگایەکی نێودەوڵەتییە لەو ناوچەیە. بەڵام کاربەدەستان پێیانوایە ئەگەری ئەوە زۆر کەمە دادگایەکی لەو جۆرە لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا دابنرێ.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو دوودڵییەی ئەوروپییەکان بۆ نیگەرانیی تورکیا دەگەڕێتەوە کە یەپەگە بە باڵی سووریای پەکەکە دەزانێ. لە لایەکی دیکەوە ئەوروپییەکان نیگەرانی پەیوەندیی نێوان ئیدارەی رۆژئاڤا و حکومەتی دیمەشقن و دەترسن چەکدارە بیانییەکان دواجار بە کۆڵێک زانیارییەوە بکەونە دەست حکومەتی سووریا، بە تایبەتیش ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە و کورد ناچار بێ لەگەڵ حکومەتی سووریا رێکبکەوێ.

## گواستنەوەی نهێنی بۆ عێراق و بڕیاری لەسێدارەدانیان

سەرەتای ئەمساڵ، 11 چەکداری فەرەنسیی داعش کە لە گرتووخانەکانی باکووری سووریا بوون، بەیانییەک کە لە خەو هەڵسان، خۆیان لە بەغدا بینییەوە. بە گوێرەی راپۆرتەکە، ئەو چەکدارانە بە نهێنی لە شەودا گوازرابوونەوە، دواتریش لە ئایار و حوزەیراندا بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو.

حکومەتی فەرەنسا دژی حوکمی لەسێدارەدانە، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بەربەست بۆ بڕیارەکانی دادگای عێراق دروستناکات، چونکە بە بۆچوونی ئەوان چەکدارەکان دەبێ لە ناوچەیەک دادگایی بکرێن کە لە شوێنی تاوانەکەیان نزیکە. گوتەبێژێکی حکومەتی فەرەنساش بە (هارێتز)ی گوتووە کە داوایان کردووە حوکمەکان سووک بکرێن.

ئەو هەڵوێستە نەیتوانیوە تووڕەیی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر هەنگاوە نهێنییەکەی فەرەنسا هێور بکاتەوە. ئاگنیس کالامارد، هەواڵدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، نامەیەکی بۆ حکومەتی پاریس ناردووە و تێیدا داوای روونکردنەوەی کردووە لەبارەی گواستنەوەی نهێنیی داعشە فەرەنسییەکان لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریاوە بۆ عێراق.

کالامارد پێیوایە ئەو هەنگاوەی فەرەنسا خزمەتی دادپەروەری ناکات و راستییەکان دەشارێتەوە. ئەو لەوبارەوە بە (هارێتز) دەڵێ: "ئێمە سیاسەتێکمان هەیە بۆ سەندنەوەی حەقی قوربانیانی داعش لە عێراق، سووریا و ئەوروپا. ئەوان کۆمەڵێک تاوانن لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی، بۆیە دەبێ کاردانەوەی ئێمەش هێندەی ئەو تاوانانە بێ کە کراون"، ئەو پێشنیاری دادگایەکی هاوشێوەی دادگای نورنبێرگ دەکات، کە تێیدا ئەنجامدەرانی جینۆسایدی دژی جوولەکان لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی، دادگایی کران.

ژنە دادوەرێکی کەیسی تیرۆر لە رۆژئاڤای کوردستان بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی بە ئامادەکاری راپۆرتەکەی راگەیاندووە: "ئێمە نەماندەویست ئەو جیهادییە فەرەنسییانە بۆ وڵاتێک بگوازرێنەوە کە تێیدا بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێ. فەرەنسا و هاوپەیمانان خۆیان ئەوەیان رێکخست".

دادوەرەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە "هەموو ئەو شتەی ئێمە دەمانەوێ، ئەوەیە دادگایی ئەو ئافرەت و پیاوانە، کە خەڵکی 52 وڵاتی جیاوازن، لێرە بکرێ. ئەوە مەعقوولترە، چونکە تاوانەکان لێرە کراون، قوربانییەکان، ئەنجامدەرانی تاوانەکان، شایەتحاڵەکان و بەڵگەکان هەموویان لێرەن".

لە دادگاکانی عێراق تەنیا کار لەسەر ئەو کەیسانە دەکرێ کە پەیوەندییان بە تیرۆرەوە هەیە، دۆسیەی وەک دەستدرێژیی سەر ئافرەتە ئێزدییەکان تاوتوێ ناکرێ و لە دەستووری عێراقیدا تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید بیری لێنەکراوەتەوە.

## دادگایەکی ناوچەیی لە وڵاتێکی عەرەبی

ژمارەیەک سەرچاوە کە قسەیان بۆ رۆژنامە ئیسرائیلییەکە کردووە، باس لە بژاردەی دامەزراندنی دادگایەکی ناوچەیی لە وڵاتێکی سوننە مەزهەبی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن. بەڵام کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دژی ئەوەن دادگایەک تایبەت بە چەکدارانی داعش بکرێتەوە و پارێزبەندی یاسایی بە لایەنەکانی دیکەی شەڕی نێوخۆی سووریا بدرێ، لەوانەش رژێمی سووریا.

## دادگای نێودەوڵەتیی تاوان

بەپێی راپۆرتەکە، ئەوروپییەکان پێشنیازی ئەوەشیان کردووە کە دادگای نێودەوڵەتیی تاوان (ICC) بهێننە ناو پرۆسەکەوە. بەڵام ئەو هەنگاوە پێویستی بە رەزامەندیی ئەنجوومەنی ئاسایشە. دادگاییکردنی چەکدارانی داعش دەکرێ پێی لایەنەکانی دیکەی شەڕی نێوخۆی سووریاش بهێنێتە ناو مەسەلەکەوە، بە تایبەتی رژێمی سووریا، بۆیە رووسیا و چین رێگە نادەن ئەو هەنگاوە سەربگرێ.

عێراق و سووریا لە پەیماننامەی دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا لایەن نەبوون، ئەوە جگە لەوەی دادگاییەکانی (ICC) خاون، خەرجییان زۆرە و زیاتر بۆ لێپێچینەوە لە سەرکردایەتیی گروپەکان دەستدەدەن هەتا لێکۆڵینەوە لە تاوانی سەدان چەکداری داعش.

## دادگایەک لە هەرێمی کوردستان

راپۆرتەکە لەسەر زاری بەرپرسانی ئەوروپی و شارەزایان ئاشکرای دەکات کە ئەو سیناریۆیەی لە هەموو سیناریۆکانی دیکە زیاتر رێی تێدەچێ کاری لەسەر بکرێ، کردنەوەی دادگایەکە لە عێراق کە لە راوێژکاری نێودەوڵەتی و دادوەری عێراقی پێکبێت.

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتێکی ئەوروپی دەڵێ: "ئێمە دەمانەوێ عێراقییەکان واز لە سزای لەسێدارەدان بهێنن. ئەمە ئەولەوییەتی ژمارە یەکە. بەڵام ئەوان لەم لەحزەیەی ئێستادا لەو شتە تێناگەن. دۆخی ئەوان هەندێک لە دۆخی ئێمەی دوای جەنگی دژی رژێمی نازی دەچێ. روحی تۆڵەیان هەیە".

بیل ویلی، لێکۆڵەری تاوان لە کەنەدا و بەڕێوەبەری کۆمسیۆنی دادپەروەری و بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی کە پەیوەندیی نزیک و بەردەوامی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای یەکێتیی ئەوروپا هەیە، پێشنیاری بۆ ئەوروپییەکان کردووە ئەو دادگایە لە هەرێمی کوردستان بێ، چونکە بە گوتەی ئەو، رازیکردنی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە وازهێنان لە سزای لەسێدارەدان ئاسانترە، دادگاکانیان دادپەروەرترن و دۆخی ئاسایشیش لەوێ باشترە.

ویلی لەوبارەوە بە (هارێتز) دەڵێ: "بیرۆکەکە ئەوەیە دادوەرە نێودەوڵەتییەکان لەوێ دابنرێن، هەڵبەت دوای ئەوەی دەستکارییەکی بچووکیان لە یاسای تاواندا کرد. ئەوە بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی دادپەروەری بەرز دەکاتەوە".

ژمارەیەکی کەم لەو سەرچاوانەی قسەیان بۆ راپۆرتەکە کردووە، لەو باوەڕەدان حکومەتی بەغدا گڵۆپی سەوز بۆ ئەو هەنگاوە هەڵبکات.

# کار بۆ راگەیاندنی لیستی کوردستانی لە پارێزگای نەینەوا دەکرێ

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

ئامادەکاری دەکرێ بۆئەوەی پارتە کوردستانییەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکەدا بکەن. تاوەکو ئێستا کۆبوونەوەیەک لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا کراوە. پارتی پێی باشە پارتە کوردستانییەکان بە یەک لیست بەشداربن. هاوپەیمانیی پارتە ئێزدییەکانی شنگالیش دەڵێن هێشتا هیچ پارتێکی کوردستانی داوای لەوان نەکردووە بچنە نێو لیستی کوردستانییەوە، بەڵام ئەگەر داوایانلێکرا، خۆیان جیاناکەنەوە.

> لەگەڵ پارتی کۆبوونەوەیەکمان کردووە، بەڵام هێشتا رێکنەکەوتووین
>
> یەکێتی

> ئامادەین بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەین
>
> پارتی

بڕیارە رۆژی یەکی نیسانی 2020، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچن. کورد لە کەرکوک لیستی (کەرکوک کوردستانە)ی راگەیاند. لە پارێزگای نەینەواش ئامادەکاری دەکەن بۆئەوەی بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن. داود جوندی، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە شنگال- بە وەکالەت، بە (رووداو)ی راگەیاند کە تاوەکو ئێستا کۆبوونەوەیەک لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا لەسەر یەک لیستی لە پارێزگای نەینەوا کراوە، بەڵام هێشتا رێککەوتنی کۆتایی لەسەر نەکراوە.

دەربارەی هەڵوێستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەبارەی یەک لیستی کوردستانی، داود جوندی دەڵێت "وەک یەکێتی لەگەڵ ئەوەداین پارتە کوردستانییەکانی پارێزگای نەینەوا بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. بۆ ئەو لیستەش ئامادەین لەگەڵ هەموو پارتە کوردستانییەکانی موسڵ دانوستاندن بکەین".




پارێزگای نەینەوا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو پارتە کوردستانییەکانی دیکە گرنگترە. چونکە لەدوای 2003 وە تاوەکو ئێستا، پارتی کوردستانیی هەرە بەهێزی ئەو پارێزگایەیە و زۆربەی دەنگی کوردی ئەو پارێزگایەی هەیە. بەرپرسی لقی 14 ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ لەبارەی دروستکردنی لیستی کوردستانی لە پارێزگای نەینەوا بە (رووداو)ی گوت: "وەک پارتی هەڵوێستمان ئاشکرایە و لەگەڵ ئەوەداین کە نەک تەنیا لەگەڵ یەکێتی، بەڵکو لەگەڵ سەرجەم لایەنە کوردستانییەکانی دیکە رێکبکەوین". عەلی خەلیل دەڵێت "پارتی بە چاوی کوردستانییانە تەماشای ئەو ناوچانە دەکات و پێمان باش نییە تەنانەت یەک دەنگی کوردیش بفەوتێ. ئەگەر هەر یەک لە ئێمە بەجیا بەشداربین، ئەوە دەنگی کورد لەوێ پەرشوبڵاو دەبن. بۆیە پێمان باشە بە یەک لیست بەشدار بین و ئامادەین سەردانی هەموو پارتە کوردستانییەکانی سنووری پارێزگای نەینەواش بکەین".

پێش مانگێک چوار پارتی ئێزدی لە شنگال هاوپەیمانییەکیان راگەیاند، هەرچەندە یەکێک لەو پارتانە لە هاوپەیمانی کشایەوە، بەڵام ئەوانەی دیکە هێشتا ماون، حەیدەر شەشۆ سەرۆکی پارتی دیموکراتی ئێزدی کە پارتەکەی یەکێک لەو سێ پارتەیە بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێمە هاوپەیمانییەکمان راگەیاندووە و خەریکی ئامادەکردنی لیستین. تاوەکو ئێستاش بڕیارەکە ئەوەیە کە بەتەنیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەین". سەبارەت بەوەی کە ئامادەن لەگەڵ لیستی کوردستانی بە یەک لیست بەشداربن، حەیدەر شەشۆ گوتی: "ناتوانین خۆمان لە کوردستان جیابکەینەوە. هێشتا هیچ پارتێکی کوردستانی داوای لێنەکردووین بچینە نێو لیستی کوردستانی. ئەگەر داوایانکرد و بەرنامەی ئەوان لە بەرژەوەندیی ئێزدییەکاندا بێت، ئامادەین لەگەڵ لیستی کوردستانی و بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەین".

> ئەگەر داوامان لێبکرێ، خۆمان لە کوردستان جیاناکەینەوە
>
> هاوپەیمانیی پارتە ئێزدییەکان

## کورسییەکانی کورد کەمدەبنەوە

پارێزگای نەینەوا دووەم گەورەترین پارێزگای عێراقە. یەک لەسەر سێی پێکهاتەی ئەو پارێزگایە کوردن. بەشێک لە قەزاکانی ئەو پارێزگایە کورد تێیدا زۆرینەن و لە زۆربەی قەزاکانی دیکەش کورد هەن. پاش 2003، بەهۆی یەکدەنگیی پارتە کوردستانییەکانەوە بەردەوام کورد لەوێ بەهێزبوونە و توانیویانە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بەدەستبهێنن. ئێستا لە کۆی 39 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، 13 یان کوردن (9 ئەندام پارتین، 3 ئەندام یەکێتین و 1 ئەندامیش سەر بە کۆتای ئێزدییەکانن). ئەمجارە بڕیاردراوە ژمارەی کورسییەکانی ئەو پارێزگایە لە 39 وە کەم بکرێتەوە بۆ 27 کورسی، کە 3 کەس لەو 27 کورسییە بۆ کۆتاکانی ئێزدی، کریستیان و شەبەک تەرخانکراون.



## کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# یەکێک لەو چەکدارانەی منی کڕی کورد بوو

**چیرۆکی 31**

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- دهۆک

بەدرێژایی ئەو سێ ڕۆژەی لەگەڵ دلڤین بووم بۆ ئەم گفتوگۆیە، فرمێسکم زۆرتر بینی لەوەی گوێم لە قسەی بێ، ئەو ئێستا تێدەگات چ ڕۆژگارێکی بێبەزەیی منداڵیی ئەوی وێران کرد. نەمدەزانی بۆ خۆی دەگری، یان باوک و خاڵ و مامەکانی، یان ئەو هاوڕێیانەی کە ڕۆژگارێک لە کۆڵانەکانی تلقەسەب پێکەوە یارییان کردووە و دوای ئابی 2014 تاکوتەرایەک لەو هاوڕێیانەی بینییەوە.

دلڤین، یەکەمین کچی ئێزدیی بە کەنیزەککراوە، من لەگەڵی دەچمەوە نێو ئەو خانووە ڕووخاوەی نزیکەی ساڵێک تێیدا دیل بووە. بووکەڵەکەی لەژێر دار و پەردووی خانووەکە دەردەهێنێتەوە و قووڵ لێی رادەمێنێ!

کاتێک لەلایەن داعشەوە ڕفێنرا، تەمەنی 9 ساڵ بوو، هێشتا یاری بە بووکەڵەکانی دەکرد. دلڤین پێنج ساڵ لەمەوبەر کرابوو بە کەنیزەک. پێشتر کڕین و فرۆشتنی تەنیا لە دووکانێکی بچووکی تەنیشت ماڵەکەیان بینیبوو، بەڵام دواتر خۆی بوو بە کالایەکی هەرزان بەدەست

> **داوایان لە منداڵی نۆ ساڵی دەکرد وەکو ئافرەتی گەورە ڕەفتار بکات**

چەکدارانی داعشەوە و لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا و بەو تەمەنە کەمەوە، چەندینجار کڕین و فرۆشتنی پێوەکرا.

دەمباتەوە ئەو شوێنەش کە یەکەمجار تێیدا لەگەڵ کەسوکارەکەی دەستگیرکران. ڕێگای خێرای خوار شارۆچکەی شنگال و چەند کیلۆمەترێک لەولای سایلۆ بە ئاراستەی باشووری ڕۆژئاوای شارۆچکەکە. وەک ئەوەی هێشتا بڕوا بە ئاوابوونی داعش نەکات، دوای تەواوکردنی قسە کورتەکانی، داوا لە شۆفێرەکە دەکات خێراییەکەی زیاتر بکات بۆ ئەوەی زووتر ئەو ناوچەیە جێبهێڵین! تەنانەت نەیویست قوتابخانەکەی خۆی ببینێتەوە "ناتوانم ئەو قوتابخانەیە ببینم و دالیا و حەنان و لینام لێدیار نەبێت". ئەو ناوانە بە درێژایی ئەو سێ ڕۆژە چەند جارێک لە زمانی دلڤینەوە چەندبارە دەبنەوە. تێدەگەم کە چەندە تامەزرۆی دیداری هاوڕێکانی قوتابخانەکەیەتی "لە خوشکەکانیشم خۆشتر دەوێن، خۆزگە بۆ یەکجار ئەوانم ببینیایە، تەنیا بە قسەیەک شتێکی زۆر خۆشم بیردەهێنانەوە و تەواو".

***

کاتێک هەواڵی پەلاماری داعش بە شنگال و ئاوایییەکانی دەوروبەریدا بڵاودەبێتەوە، کەسوکاری دلڤین وەکو هەزاران خێزانی دیکەی ئێزدی خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی پەنا بۆ چیای شنگال ببەن کە لە فەرمانەکانی ڕابردوودا پشت و پەنای ئێزدییەکان بووە.

دلڤین دەڵێت: "کە گوتیان داعش ئێزدییان دەڕفێنن، لەگەڵ دایکم و داپیرەم و برا و خوشکەکانم بەپێ بەرەو چیای شنگال بەڕێکەوتین، لە تەلقەسەبەوە گەیشتبووینە نزیکی شنگال. زۆرمان نەمابوو بگەینە دامێنی چیاکە ئەوکاتەی داعش گەیشتە سەر سەرمان".

دلڤین پێیوایە ئەوان هۆکاربوون لەوەی خێزانەکەیان بە تەواوی بکەونە دەست داعش. ئەو دەڵێ: "لە ڕێگا گوێم لە دایکم بوو زیاتر لە چەند جارێک بە داپیرەمی گوت ئەم منداڵە بچووکانەمان پێنەبووایە ئێستا لە چیاکە بووین".

چەکدارەکان بەخێرایی نزیکدەبوونەوە و دواجار گەمارۆیان دان: "خاڵم چاوی لێبوو چەکدارانی داعش چواردەوریان داوین (پەنجە بۆ ئەو شوێنە ڕادەکێشێ کە لێی دەستگیرکران). لێرە بوو خاڵم بە ئۆتۆمبیلەکەی نزیکبووەوە و لە دوورەوە هاواری کرد، وازیان لێبهێنن. چیتان لەو ژن و منداڵانە دەوێ، بەڵام یەکێک لە چەکدارەکان بە تووڕەییەوە هاواری کرد حەیوان، ئەوە بەسەر کێدا هاوار دەکەیت؟ دواتر تەقەی لە ئۆتۆمبیلەکە کرد و تایەکەی تەقاند، خاڵمیان دەستگیر کرد و بردیان. ئێستاش نەمانبینییەوە".

گەڕاینەوە بۆ ژێر خێمە شڕۆڵەکەیان لە یەکێک لە کەمپەکانی نزیک دهۆک. لەوێ لە تەنیشت دایک و داپیرەی دانیشتووە. ئەو هیچی لە مانای سێکس و جووتبوون نەدەزانی، ئەو کاتەی چەکدارێکی داعش پەلاماری دا و پەردەی کچێنی برد. ئەو کە ئێستا 14 ساڵە، هەر وەکو منداڵە نۆ ساڵانەکەی تەلقەسەب مامەڵە دەکات و لە خوشکە بچووکەکەی تووڕە دەبێ کە بۆچی دەستکاری یارییەکانی کردووە.

دلڤین، بە دەنگی گریانی دایکی بێدەنگ بوو. دایکی تێبینی کردبوو، یەکێک لە چەکدارەکان لەودەمەدا دەوروخولی کچەکەی دەدا "پاش کەمێک مانەوەمان لەوێ بە دەستەبەسەرکراوی، دلڤینیان جیاکردەوە و بردیان".

چەکدارەکان دلڤینیان بردبووە خانوویەک لە مووسڵ کە چەند کچێکی دیکەی هاوتەمەنی خۆی تێدا بووە: "ماوەی 8 ڕۆژ لەو خانووەدا بەندیان کردین. بەردەوام دەگریاین و هەموو کچەکان وەک من بەدەم گریانەوە داوای دایکیان دەکرد".

دوای هەشت ڕۆژەکە، یەکێک لە چەکدارەکان دەستدرێژیی کردە سەر دلڤین. چەکدارەکە بە دلڤینی گوتبوو کە ئیدی بۆ هەمیشە لەگەڵی دەبێت و بۆ هەرشوێنێک بچێت دەبێت لەگەڵی بڕوات "بردمی بۆ بەعاج. دوای چەند ڕۆژێکی بردمی بۆ تلقەسەب، پاشان بۆ تلبەنات، ئینجا بۆ شنگال".

ناخۆشترین کاتی دلڤین لەگەڵ ئەو چەکدارە کە ناوەکەشی بیر نەماوە، لە شەنگال بوو "چەند مانگێک لە شنگال ماینەوە، زۆر ئازارم بە دەست ئەو پیاوەوە چەشت. ئەو دەیویست وەک ژن مامەڵەی لەگەڵ بکەم و منیش منداڵێک بووم و هیچم نەدەزانی؟ سەتان جار پێمگوت و هەوڵم دا تێیبگەیەنم کە من منداڵم، بەڵام نەیدەویست لەوە تێبگات. ئەو دڕندە بوو". دلڤین بە گریانەوە ئەو قسانەی گێڕانەوە.

### لەسەر کۆشم مرد

چەکدارەکە دلڤینی بۆ ماوەی ڕۆژێک گێڕایەوە بۆ ئەو خانووەی کچە هاوتەمەنەکانی تێدا جێهێشت. هەندێک کچی نوێی تێدا بەند کرابوون کە ئەوانیش تەمەنیان کەم بوو وەک خۆی، بەڵام ڕۆژەکەی بە ئێشێکی قورس تێپەڕاند: "یەکێک لە کچەکان تەمەنی 11 ساڵ بوو، خەڵکی شنگال

> **تەمەنم 9 ساڵ بوو ئەوکاتەی چەکدارێکی داعش دەستدرێژی کردە سەرم**

بوو. بەهۆی نەخۆشییەوە ڕەنگی نەمابوو، سەری کچەکەم خستە کۆشم و دەینالاند. بانگی دایکی دەکرد. بانگی خوشکەکانی دەکرد، بەردەوام دەنگی کزتر دەبوو تاوەکو لەسەر کۆشم مرد".

بە ڕێگایەکی درێژدا دەڕۆین بۆ ئەوەی دلڤین بمانباتەوە ئەو ماڵەی تێیدا کەنیزەکی چەکدارێک بووە. لە تەنیشت چیاکەوە ئەو دەوارانە دەبینین کە لێقەوماوانی ئێزدی هەڵیانداوە و هەر لەو بەرزییەوە ڕۆژانە بە بینینی ماڵە وێرانەکانیان برینیان دەکولێتەوە. دلڤین دەڵێ "ئەگەر ئێمە بگەیشتینایە چیاکە، ئاوامان بەسەر نەدەهات. خۆ لەوانەیە لە برسان بمردباین، بەڵام ئەوە باشتر بوو".

بە درێژایی ئەو چەند مانگەی چەکدارەکە لای خۆی ڕایگرتبوو لە شنگال، دلڤین ڕۆژانە لە ماڵێکی دەرگا کلیلدراودا دەمایەوە تاوەکو دوای نوێژی شێوان "ئا لەو ماڵەدا بووم". بۆردومانی فڕۆکە هەندێک خانووەکەی ڕووخاندووە. بەشێک لەو کەلوپەلە بێکەڵکانەی هێشتا لە ژوورەکاندا ماونەتەوە، ڕۆژانێک بەدەست دلڤینەوە بوون و خواردن و خواردنەوەی پێ ئامادەکردوون بۆ ئەو چەکدارە داعشەی وەک دێوەزمەیەک هاتبووە ژیانییەوە "بەدرێژایی ئەو چەند مانگەی لەم ماڵەدا بووم، کەسێک دەرگای ماڵەکەی نەکردەوە جگە لە خۆی. دڵپیس و کەللەڕەق و بێبەزەیی بوو. هەندێکجار کە پێمدەگوت هیچ لەم ماڵەدا نەماوە بیخۆم تاوەکو دێیتەوە، دەیگوت نان و ئاو هەیە، دەتوانی بیخۆی". لەو کاتەدا ناوی چەکدارەکەی بیرهاتەوە و گوتی "بەبیرم هاتەوە، یەکەمجار ناوی سوهەیب بوو، دواتر بووە ئەبووبەکر".

### بە جگەرەیەک فرۆشرام

ئەبووبەکر، چیدیکە بەدیار هەڵسوکەوتی منداڵانەی دلڤینەوە ئۆقرەی نەگرت و بڕیاریدا بیفرۆشێت. لە شنگالەوە بردییە تەلەعفەر و لەوێ لە نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی کچان و ژنان خستییە مامەڵەوە. دەیبینی چۆن هەندێک لە کڕیارەکان تەنیا بۆ گاڵتەکردن و کات بەسەربردن لەوێ بوون: "یەکێک لە کوڕەکان مۆبایلەکەی بەدەستەوە بوو وێنەی ئێمەی دەگرت و دواتر وێنەی ئەو داعشانەی گرت کە دانیشتبوون و گاڵتەیان بە ئێمە دەکرد. جەمەدانییەکەی دەکردە ملمان و بە جەمەدانییەکەی سەری ڕادەکێشاین بەرەو لای خۆی".

هەر ئەو ڕۆژە داعشێکی خەڵکی سەلاحەدین کە کورد بووە دەیکڕێت: " خەڵکی لای دووز بوو، ناوی هەیسەم بوو. بردمی بۆ بە عاج، لە بەعاج شتێکی سەیرم بینی، دەچوویتە هەر ماڵێک کچێک و دوو کچی ئێزدییان کڕیبوو. لە بەعاج تێبینی ئەوەشم کرد کە زیاتر لە هەر ناوچەیەک کچان و ژنانی ئێزدی تێدا دەفرۆشرا".

ڕۆژێک دوای چوونیان بۆ بەعاج، هەیسەم پێیدەڵێت کە داوای لێکراوە بچێ بۆ شەدادییە لە سووریا و دوای چەند ڕۆژێکی دیکە دەگەڕێتەوە "لە دڵی خۆمدا گوتم تاوەکو ئەو دێتەوە ڕادەکەم، ئەو کاتە ساڵێک بوو لەبن دەستی داعشدا بووم، کە بەیانی ئەو ڕۆیشت منیش ڕامکرد، ڕێگای هەڵاتنەکەم بەرەو گوندی ریسالە بوو، بەڵام لە ڕێگا دەستگیرکرامەوە و بردمیانەوە بۆ ماڵەکەی هەیسەم".

دواتر بیستییەوە کە دوو هاوڕێی کچی هاوتەمەنی خۆی لە مووسڵ خۆیان کوشتووە: "چونکە ئەوەندە کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردن، ئەوەندە سوکایەتییان پێکرابوو، خۆیان کوشت".

دلڤین، هەروەها دەڵێ: "یەکێک لە هاوڕێ کچانەم کە خۆی کوشتبوو، تەمەنی 11 ساڵ بوو. ڕۆژێک لەلایەن 5 چەکداری داعشەوە دەستدرێژی کرابووە سەری. بەدەم دەستدرێژییەوە لێیاندابوو. بۆیە تەحەمولی نەکرد. چووە ناو سەیارەی داعشێک و فیشەکێکی لەسەری خۆی دا و خۆی کوشت".

هەیسەم ، دوای گەڕانەوەی کاتێک زانی دلڤین ماڵەکەی بەجێهێشتووە و هەڵاتووە، کەوتە گیانی کچەی بێدەرەتان و تاوەکو دەستەکانی شل بوون لێیدا. دواتر بڕیاریدا فرۆشتنێک بیفرۆشێت ئازارەکەی هەرگیز نەبڕێتەوە. هاوڕێیەکی وەک خۆی جگەرەکێشی هەبوو کە دوور لە چاوی چەکدارانی داعش دەیانکێشا "بەو کوڕەی گوت دەتوانی جگەرەیەکم بدەیتێ؟ جگەرەکەی وەرگرت و ئینجا پێیگوت منیش ئەم کچە لاسارەت پێشکەش دەکەم، بەڕاستی بەهۆی لاسارییەکەی نرخی ئەو تەنیا جگەرەیەکە".

دلڤین بەردەوام کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە، زاکیرە منداڵانەکەی یارمەتی نەداوە ناوی ئەو هەموو چەکدارە ئەزبەر بکات کە ئەویان کڕیوە، دوای ئەوەی لێی بێزار بوون، یان پێویستیان بە پارە بووە، فرۆشتوویانەتەوە.

ڕۆژێک لە تەلەعفەر، چەکدارێکی داعش پێیدەڵێت لەگەڵی بڕواتە ماڵێک. ماڵێک کە دوو ئافرەتی دیکەی ئێزدی تێدا بووە و ئەوانیش بێئاگابوون لە هەر شتێک. یەکێک لە ژنەکان لە دلڤینی پرسی:

– ئەوەی تۆی هێنا بۆ ئێرە هیچی پێنەگوتی؟

– نەخێر هیچی وای نەگوت، تەنیا گوتی ئایا حەزدەکەی بچیتەوە نێو خزمە کافرەکانت؟ منیش پێمگوت بەڵی .

لەو کاتانەدا مێشکی ئەوان بووبووە کانگای لێکدانەوە و هەڵقولانی بیرۆکە و ئەگەری خراپ، بەڵام دلڤین دەڵێ، نازانێ بۆچی ئەو ڕۆژە من هێندە گەشبین و بێخەم بووم "داعشەکان پیانگوتین بەم جادەیەدا دەڕۆن و بەهیچ شێوەیەک ئاوڕ بۆ دواوە نادەنەوە. تەنانەت ئەگەر بانگیشتان بکەن ئاوڕ نادەنەوە".

ئەوان بەترسێکی زۆرەوە ڕێگایان گرتەبەر. دلڤین گوێی لە یەکێک لە ژنەکان بوو بە دەنگێکی گڕی تێکشکاوانە بەوی دیکەی گوت "لەوانەیە لە پشتەوە تەقەمان لێبکەن". بەڵام زۆرتر و زۆرتر دوورکەوتنەوە و هیچ گوللەیەک نەهات: "چەند کیلۆمەترێکمان بە پیادە بڕی، دواتر ئۆتۆمبێلێکی سەربازیم بینی بەرەوڕوومان دەهات، ئێمە زۆر ترساین، بەڵام کە گەیشتنە لامان گوتیان ئێمە پێشمەرگەین، ئیدی لە خۆشییان گریاین".

> **کچێکی 11 ساڵان بەدەم هاوارکردن بۆ دایکی لەسەر کۆشم گیانی دەرچوو**

> **لە بەعاج زۆربەی ماڵەکان کچێک یان دوو کچی ئێزدییان کڕیبوو**

لە ڕێگای گەڕانەوەمان بەرەو کامپەکە، لاماندایە مەزارگەی شێخ شەرفەدین. یەکێک لە مەزارگە بەنێوبانگەکانی کۆمەڵگەی ئێزدی. یەکێک لە شێخەکانی ئەوان سەرقاڵی گفتوگۆکردنە لەگەڵ چەند کچ و ژنێک کە دوای ئەوەی ئاگردانی نێو مەزارگەکەیان ماچکرد و گرێیەکی دیکەیان لەنێو قەدی پەڕۆ ڕەنگاورەنگەکانی ئەوێ دا، ڕاوەستابوون بۆ ئەوەی پیاوە ئاینییەکەیان گەشبینانە هیوای گەڕانەوەیان تێدا بچێنێتەوە.

لە شەرفەدین زۆر گریا، چونکە هەرگیز بڕوای نەدەکرد کاتێک بۆ یەکەمجار دەچێتە ئەوێ، گریانی دووری باوک و ئازیزانی، خۆشییەکانی دیکەی لێ بستێننەوە. پیاوە ئاینییەکە ڕووی کردە دلڤین و بە ئاماژەیەکی دڵشکاوانە گوتی: "ئەوە هی ئەوەیە بیبەیت و ژیانی وێران بکەیت؟" دواتر ئاوی خاوێنکردنەوە دەپرژێنێ بەسەریدا و دڵنیای دەکاتەوە لەوەی ئێستا ئەو بووەتەوە بە هەمان ئەو کچەی هێشتا لە کۆڵانەکانی تەلقەسەبدا یاری دەکرد.

دایکی دلڤین چەند پارچە حەبێکم پیشاندەدات: "شەوانە لەبەر ئەوەی خەوی لێنەدەکەوت، ئەو دەرمانانەی دەخوارد. شەوانە دەینالاند لە دەست ئەوەی بینیبووی، خەونی بەو شتانەوە دەبینی کە چەکدارانی داعش بەسەریان هێنابوو".

بەڵام دلڤین، چەندە خەون بە شاری تارماییەکانەوە دەبینێ، هێندەش پەرێشانی (حەنان)ی هاوڕێی لەدەستچوویەتی. ناتوانم سەردەربکەم کچێک بۆ وا هەڵوەدای حەنانی هاوڕێی بووە "ئێستا حەنان لە ژیاندا نەماوە؟" من دەپرسم، بەڵام وەڵامەکە دیسان ئەوەیە کە ڕوخساری لەنێو لەپی بچووکی دەستەکانیدا دەشارێتەوە و فرمێسک بە چاوەکانیدا دێنە خوارێ.



## پێشانگەی نێودەوڵەتیی خواردن و جلوبەرگ لە دهۆک کرایەوە

**رووداو- دهۆک**

رۆژی 2015/9/15 پێشانگەی نێودەوڵەتیی کەلوپەلی خواردن، جلوبەرگ، جوانکاری، ئامێرە کشتوکاڵی و کارەباییەکان لە دهۆک بە بەشداری 60 کۆمپانیا کرایەوە. ئیسماعیل سەعید، بەڕێوەبەری پێشانگەی نێودەوڵەتی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند: "کۆمپانیاکانی هیند، پاکستان، سەنیگال، میسر و کۆمپانیا عێراقی و نێوخۆییەکان لە پێشانگەکەدا بەشدارن". بە گوتەی ئیسماعیل سەعید، کەلوپەلەکان لە وڵاتانی دوورەوە هاتوون بۆیە بە رێژەی 50% داشکاندنیان بۆ کراوە، پێشانگاکەش بۆ ماوەی 10 رۆژ بەردەوام دەبێت، رۆژانە لە سەعات 11ی پێشنیوەڕۆ تاوەکو 8ی ئێوارە بەرووی هاونیشتمانیاندا کراوە دەبێت".

# رۆژانە ملیۆنێک و 200 هەزار خشت لە کوردستانەوە هەناردە دەکرێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**



دوای رێککەوتنی بەغدا و هەولێر لەسەر یەکخستنی پێناسی گومرگی و جێبەجێکردنی لە مانگی شوباتی ئەمساڵ، خاڵە گومرگییەکانی نێوان شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵگیران و جارێکی دیکە کارگەکانی بەرهەمهێنانی خشتی سوور دەستیان بەکار کردەوە، ئێستا رۆژانە زیاتر لە ملیۆنێک و 200 هەزار خشت لە کوردستانەوە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت، بەڵام بەهۆی بەرزیی نرخی کارەبا و نەوتی رەش کارگەکان لەژێر هەڕەشەی داخستنندان.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، 11 کارگەی پێشکەوتووی بەرهەمهێنانی خشتی سوور ( 7 کارگە لە هەولێر، 3 کارگە لە سلێمانی و کارگەیەک لە دهۆک) لە هەرێمی کوردستان هەن، بەرهەمهێنانی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 860 ملیۆن خشت، بەڵام ئێستا 5 کارگەیان لەکاردان کە بە وزەی نزیکەی 65% کاردەکەن و رۆژانە نزیکەی ملیۆنێک و 200 هەزار خشتی سوور هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن.

کارگەی هیلال بۆ بەرهەمهێنانی خشتی سوور، یەکێکە لە گەورەترین کارگەکانی بەرهەمهێنانی خشت لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کارگەکە لە سنووری گوندی بێستانەی ناحیەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر دامەزراوە، لە ساڵی 2015 دەستی بەکارکردووە و ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی 250 ملیۆن خشتی سووری هەیە، پێشتر بەرهەمی بۆ شارەکانی عێراق دەنارد، دوای نەمانی گومرگ دەستی بەهەناردەکردن کردەوە و ئێستا رۆژانە نزیکەی نیو ملیۆن خشت هەناردەی شارەکانی عێراق دەکات.

سەیف سەنقرات، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کارگەی هیلال، دەڵێت: "بەهۆی بەرزیی کوالیتی خشتەکانمان لە هەموو شارەکانی عێراق خواست لەسەر بەرهەمەکانمان هەیە و 95%ی بە پارێزگاکانی بەغدا، ئەنبار ، سەلاحەددین، نەجەف و کەربەلا دەفرۆشین".

سەیف دەڵێت: "کارگەکەمان لەتوانایدایە بە وزەی 100% کاربکات و رۆژانە نزیکەی 700 هەزار خشت بەرهەم بهێنێ، خواستیش لەسەر بەرهەمەکەمان هەیە، بەڵام گرفتی سەرەکی ئێمە و سەرجەم کارگانی دیکەی کوردستان زۆریی تێچووی بەرهەمهێنانە کە ناتوانین لە نرخدا کێبڕکێی بەرهەمی کارگەکانی عێراق بکەین، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی عێراق تۆنێک نەوتی رەش بە 100 هەزار دینار بە کارگەکان دەفرۆشێ و بۆ نرخی یەک کیلۆوات کارەبا 60 هەزار دینار وەردەگرێت، بەڵام لێرە ئەو هاوکارییە نییە، تۆنێک نەوتی رەش بە 360 هەزار دینار دەکڕین و بۆ کیلۆواتێک کارەباش حکومەت 120 هەزار دینار وەردەگرێت".

هەرچەندە نرخی خشتی سوور لە شارەکانی هەرێمی کوردستان زۆر هەرزانترە بەراورد بە شارەکانی عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا 90%ی بەرهەمی کارگەکانی کوردستان لە شارەکانی عێراق دەفرۆشرێت، لەوێ خەڵک خانوو بەخشت دروست دەکات، بەڵام لە کوردستان بلۆک بەکاردێت.

ئەندازیار سەرکەوت ئیبراهیم، خاوەنی نووسینگەی راوێژکاریی (دار کوردستان) بۆ دیزاین و دروستکردنی خانوو، دەڵێت: "سەرەڕای تایبەتمەندییە باشەکانی خشت بۆ دروستکردنی خانوو، ئەوەی وایکردووە خەڵکی هەرێمی کوردستان کەمتر خشت لە دروستکردنی خانوو بەکاربهێنن ئەوەیە کە تێچووەکەی زۆرترە لەچاو بەکارهێنانی بلۆک، زۆریی تیچووەکەش دەگەڕێتەوە بۆ گرانیی نرخی خشت و کرێی کرێکار و پێویستیی زیاتری بە چیمەنتۆ و کەرەستەکانی دیکە و تەنانەت کاتی زیاتریشی دەوێت بۆ دروستکردن".

پارێزگای هەولێر لەڕووی ژمارەی کارگەکانی خشتی ئۆتۆماتیکی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە پلەی یەکەمدایە. 13 کارگەی بەرهەمهێنانی خشت مۆڵەتیان وەرگرتووە، لەم ژمارەیە 7 کارگەیان دامەزراون و 4 کارگەیان ئێستا لەکاردان.

تەیب کەژۆ عەلی، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازیی هەولێر، دەڵێت: "پێشتر نەوتی رەشمان بەنرخی پاڵپشت بۆ کارگەکان دابین دەکرد و نرخی کارەباش هەرزانتر بوو، بۆیە سەرجەم کارگەکان لەکاردابوون و بەرهەمێکی باشیان هەبوو، بەڵام دوای دروستبوونی قەیرانی دارایی ئەو پاڵپشتییە نەما و نرخی کارەباش زیاد کرا، حکومەتی عێراقیش خاڵی گومرگی لەنێوان شارەکانی عێراق و کوردستان دانا و لەکاتی ناردنی بەرهەمەکانیان بۆ عێراق گومرگی وەردەگرت، هەموو ئەمانە وایکرد، بەشی زۆری کارگەکان دابخرێن ، ئێستا بەهۆی نەمانی خاڵە گومرگییەکان جارێکی دیکە چەند کارگەیەک دەستبەکار بوونەتەوە".

تەیب کەژۆ دەڵێت: "چەندین جار داوای گەڕانەوەی ئەو پاڵپشتییەمان کردووە، بەڵام تائێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە".

ئەندازیار مستەفا زوبێر، بەڕێوەبەری هونەری و سەرپەرشتیاری کارگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، دەڵێت: "بەپێی توێژینەوە و پشکنینە تاقیگەییەکان، خاکی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی یەکێک لە خاکە هەرە نایابەکانە بۆ دروستکردنی خشتی سوور، کوالیتی خشتەکەی یەکجار بەرزە".

ئەو دەڵێت: " بەپێی یاسای ژمارە 20ی ساڵی 1998 کە ماوەی چەند مانگێکە لە کوردستان کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن، هەر کەسێک بیەوێت کارگە دابمەزرێنێ بۆ ماوەی 10 ساڵ لە باجی دەرامەت و رەسمی گومرگی بۆ هاوردەکردنی ئامێر دەبەخشرێ، ئەو کارگانەش کە دامەزراون 5 ساڵ لە باج و رەسمی گومرگی دەبەخشرێن، ئەگەر بیانەوێت ئامێری نوێ بۆ پێشکەوتنی کارگەکە بهێنن".

**11 کارگەی پێشکەوتووی بەرهەمهێنانی خشتی سوور لە هەرێمی کوردستان هەن**

## فرۆشی ئۆتۆمبێلی تازە 20% زیادی کردووە

# لە پێنج ساڵی رابردوودا زیاتر لە نیو ملیۆن ئۆتۆمبێل هێنراوەتە کوردستان

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

**ژمارەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل لە پێنج ساڵ و هەشت مانگی رابردوودا**

| ساڵ | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ئۆتۆمبیل | 88.853 | 54.626 | 35.043 | 83.980 | 143.087 | 115.093 |
| کۆی گشتی | 520.682 | | | | | |



(فۆتۆ: رووداو)

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی، لە پێنج ساڵی رابردوودا بازرگانان زیاتر لە 500 هەزار ئۆتۆمبێلیان هاوردە کردووە، بەهۆی باشبوونی باری ئابووری هەرێمی کوردستان و بڕیاری راگرتنی هاوردەی ئۆتۆمبێلی لێدراو و ژێرئاوکەوتووش، ئەمساڵ فرۆشی ئۆتۆمبێلی نوێ 20% زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی، لە ماوەی پێنج ساڵ و هەشت مانگی رابردوودا بازرگانان 520 هەزار و 682 ئۆتۆمبێلیان لەڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی ئیبراهیم خەلیل ، حاجی ئۆمەران، باشماخ و پەروێزخانەوە هاوردە کردووە.

بەپێی ئامارەکە، زۆرترین ئۆتۆمبێل لە ساڵی 2018 هاوردەکراوە کە 143.087 ئۆتۆمبێل بووە، کەمترینیش لە ساڵی 2016 هاوردەکراوە کە 35.043 ئۆتۆمبێل بووە.

نەوزاد ئەدهەم ، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ، دەڵێت: " دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، بەهۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی ئابووری و سیاسی ، هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل تا ساڵی 2016 کەمێک سست بوو، بەڵام بەهۆی جیاوازیی رەسمی گومرگ و نرخی تابلۆی کوردستان بەراورد بە شارەکانی عێراق، جارێکی دیکە ئەم بازرگانییە جوڵەی تێکەوت، بەجۆرێک هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لە ساڵی 2017 و 2018 بەراود بە ساڵی 2015 و 2016 بەرێژەی 60% زیادی کردووە، بەشێک لەو ئۆتۆمبێلانەش بە بازرگانانی عێراق فرۆشراون و هەناردەی شارەکانی عێراق کراون".

بەهۆی یەکخستنی پێناسی گومرگی کە لە مانگی شوبات جێبەجێکرا و بڕیاری راگرتنی هاوردەی ئۆتۆمبێلی لێدراو و ژێرئاوکەوتوو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ کە لە مانگی تەممووز خرایە بواری جێبەجێکردن، پێشبینی دەکرا هاوردەی ئۆتۆمبێل ئەمساڵ پاشەکشێ بکات ، بەڵام بەپێی ئامارەکە لە هەشت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بەراورد بە هەشت مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بە رێژەی 22.4% زیادی کردووە.

نەوزاد ئەدهەم ، دەڵێت: "بەهۆی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لە هەردوو مانگی تەممووز و ئاب بەراورد بەهەمان دوو مانگی ساڵی رابردوو 22.8% کەمی کردووە، بەڵام بە تێکڕا هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لە هەشت مانگی رابردووی ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی رابردوو زیادی کردووە، هۆکاری بەشێکی ئەم زیادبوونە بۆ ئەوەیە کە بەر لە بڕیارەکە بازرگانان ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلیان هاوردە کرد".

نەوزاد ئەدهەم، گوتی: " بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ و یەکخستنی پێناسی گومرگی لە داهاتوودا کاریگەریی خراپی لەسەر جووڵەی بازرگانیی ئۆتۆمبێل دەبێت، چونکە بەشێک لەو جووڵە بازرگانییە بۆ جیاوازیی رەسمی گومرگی دەگەڕایەوە کە پێشتر هەبوو، بەشێکی دیکەش بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی دەستی دوو دەگەڕایەوە، ئەویش بەهۆی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ رێگە بە هاوردەکردنی نادرێت ، بۆیە پێشبینی دەکەین لە داهاتوودا جووڵەی بازرگانیی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان کەمبێتەوە".

هەر لەوبارەوە چۆمان عوسمان، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای ساز بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێلی تۆیۆتا، دەڵێت: "ئەمساڵ هەر لە سەرەتای ساڵەوە فرۆشی ئۆتۆمبێلەکانمان چ بەشێوەی تاک و چ بەشێوەی کۆ بۆ کۆمپانیاکان و حکومەت جووڵەیەکی پێوە دیار بوو، بۆیە گەشبینین بە زیادبوونی فرۆش، بەپێی داتاکانیش لە 9 مانگی رابردوودا فرۆشی ئۆتۆمبێلەکانمان بەراورد بە 9 مانگی ساڵی رابردوو لە عێراق بە رێژەی 20% و لە هەرێمی کوردستان بە رێژەی 15% زیادی کردووە".

چۆمان عوسمان دەڵێت: "زیادبوونەکە بەشێکی بۆ باشبوونی باری ئابووری و بەشێکیشی بۆ بڕیاری راگرتنی هاوردەی ئۆتۆمبێلی دەستی دووی لێدراو دەگەڕێتەوە".

زۆربەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل بۆ راکێشانی سەرنجی کڕیار و فرۆشی زیاتر بەر لە کۆتایی ساڵ چەند مۆدێلێکی ساڵی نوێ دەخەنە بازاڕ، کۆمپانیای تۆیۆتا ئێستا دوو مۆدێلی تازە و کۆمپانیای کیا شەش مۆدێل و هۆنداش ژمارەیەک مۆدێلی تازەی خستووەتە بازاڕ، کۆمپانیاکانی دیکەش بەهەمان شێوە مۆدیلی نوێیان خستووەتە بازاڕ، ئەم ئۆتۆمبێلانەش بەشێکیان گەیشتوونەتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان فرۆشیشیان باشە.

دەریا وریا، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای نیم بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێل کە بریکاری سەرەکی کۆمپانیای کیا مۆتۆرسە لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت: " کۆمپانیای کیا ئۆتۆمبێلی زۆرە، بەڵام ئێمە بۆ بازاڕی کوردستان 13 جۆر هاوردە دەکەین، ئەمساڵ سێ جۆری نوێمان زیاد کردووە".

دەریا لە بارەی زیادبوونی فرۆشەوە دەڵێت: "ئەمساڵ فرۆشمان لە ساڵی رابردوو باشترە، بەتایبەت لە دوو مانگی رابردوودا بەهۆی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ کە تایبەت بوو بە راگرتنی هاوردەی ئۆتۆمبێلی لێدراو و بڕاوە، فرۆشمان نزیکەی 30% زیادی کردووە، بەشێوەیەکی گشتی فرۆشی ئۆتۆمبێلی تازە بە هەموو جۆرەکانی بەراورد بە ساڵی رابردوو نزیکەی 20% زیادی کردووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، تاوەکو 31ی تەممووزی ئەمساڵ ملیۆنێک و 683 هەزار ئۆتۆمبیل لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، ساڵ بەساڵیش ژمارەکە زیاتر دەبێت، بۆ نموونە لە 7 مانگی رابردووی ئەمساڵدا 94.339 ئۆتۆمبێل تۆمارکراون، بەراورد بە هەمان ماوە لە ساڵی رابردوودا، 36.4% زیادی کردووە.

**بەراوردی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل لە 8 مانگی یەکەمی 2018 - 2019**

| مانگ | ژ/ ئۆتۆمبیل 2018/8 | ژ/ ئۆتۆمبیل 2019/8 | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 8.827 | 17.411 | %49.6 |
| شوبات | 8.240 | 16.094 | %49 |
| ئازار | 10.390 | 11.040 | %5.9 |
| نیسان | 11.648 | 16.924 | 31.2% |
| ئایار | 13.635 | 18.909 | 28% |
| حوزەیران | 10.145 | 14.268 | 29% |
| تەمموز | 13.109 | 8.836 | %32.6 - |
| ئاب | 13.345 | 11.611 | %13 - |
| کۆی گشتی | 89.339 | 115.093 | %22.4 |

## وەزیری نەوتی عێراق بۆ (ڕووداو):

# بەغدا و هەولێر کاتی کەمیان بۆ ڕێککەوتن لەبەردەم ماوە

سامر غەزبان، وەزیری نەوتی عێراق، لە پەراوێزی کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی نەوت لە ئەبوزەبی بۆ (ڕووداو) دوا و هۆشداری دا کە یاسای بودجەی 2020 لە ئانوساتدایە و بەغدا و هەولێر کاتێکی کەمیان بەدەستەوە ماوە بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن. غەزبان ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی عێراق لە ڕێگەی تورکیاوە، حکومەتی عێراق پلانی هەیە بۆڕییەک لە کەرکووکەوە بۆ پیشخابوور رابکێشێ کە شوێنی بۆڕییەکەی پێشووی حکومەتی بەغدا دەگرێتەوە.

سازدانی: عومەر ئەحمەد – ئەبوزەبی



**ڕووداو: ئێستا دۆخی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی چۆنە؟**

**سامر غەزبان:** بە شێوەیەکی گشتی لە پاش هەڵبژاردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی (بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) پەیوەندییەکان باش بوونە، ئەو هاتە بەغدا و کۆبوونەوەیەکی بەرهەمداری لەگەڵ ڕێزدار سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی هەبوو. کۆبوونەوەیەکی دیکەش دوای دەستنیشانکردنی بەڕێز مەسروور بارزانی (بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران) کرا. من بەشداری هەردوو کۆبوونەوەکە بووم. هەردوو لایەن کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئێمە وڵاتێکی یەکگرتووی خاوەن سەروەرین و هەردوو لایەن دەبێ پێکەوە کار بکەن. هەروەها کۆک بووین لەسەر ئەوەی پرسەکانی وەک مووچە و نەوت و غاز دەبێ بە شێوەیەکی دۆستانە لە نێوان هەردوولادا چارەسەر بکرێن. هەردوو لایەن کۆک بوون لەسەر ئەوەی دەستوور مەرجەعە.

دوای ئەوە کۆبوونەوەیەکیش لە هەولێر کرا. من سەرۆکایەتی شاندەکەم دەکرد و لەگەڵ بەڕێز مەسروور بارزانی کۆبووینەوە و دواتریش لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەمان کرد. بێگومان پەیوەندییەکان باشترن. هەردوولا سوورن لەسەر ئەوەی لە ڕێگەی دیالۆگەوە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. ئێمە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی پەرە بە دیالۆگ بدەین، کۆمەڵێک لیژنە پێکبهێنین بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ پرسی نەوت و غاز، دابەشکردنی داهات و پرسی ئاسایش بکەن.

**ڕووداو: دانوستاندنەکانی نەوت و غاز چۆن بەرەوپێش دەچن؟ ئێستا لە چ قۆناغێکدان؟ ئایا ئاستێک لە تێگەیشتن لە نێوان هەردوو حکومەتەکە هاتووەتە ئاراوە؟**

**سامر غەزبان:** جارێ حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە کێشەی زۆر لەسەر چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەبوون، واتە چۆن لەسەر سیاسەتێکی هاوبەش ڕێکبکەوین؟ چۆن نەوتی بەرهەمهاتووی هەرێمی کوردستان بخەینە بازاڕەوە؟ ڕۆڵی سۆمۆ چییە و چۆن مامەڵە لەگەڵ داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێمی کوردستان بکەین؟

ئێمە ڕێککەوتووین لەسەر ئەوەی کە بە ڕاستی دەبێ لیستێک لە بنەما ئامادە بکەین و ئەو بنەمایانە ڕێنوێنی ئێمە بن لە دیالۆگدا. من بەو پرۆسەیە نالێم دانوستاندن، چونکە یاسای بودجەی فیدراڵی 2019 زۆر ڕوونە و ماف و بەرپرسیارێتی تێدایە. ئێستا ئێمە لە حکومەتی فیدراڵ مووچەی هەموو فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەدەین، وەک چۆن مووچەی پێشمەرگەش لە چوارچێوەی بودجەی وەزارەتی بەرگریدایە. بەڵام یاساکە زۆر بە ڕوونی باسی ئەوەش دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ پابەند بێ بەوەی 250 هەزار بەرمیل لە نەوتی بەرهەمهاتوو ڕادەستی حکومەتی

> پەیوەندیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان باشتر بووە

فیدراڵ بکات، بۆ ئەوەی سۆمۆ، کۆمپانیای بازاڕدۆزی نەوتی حکومەتی فیدراڵ، بتوانێ لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بیفرۆشێ و پارەکەی بگەڕێنرێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەتی فیدراڵ. بەداخەوە، ئەمە هەتا ئێستا نەکراوە.

بێگومان نیگەرانی و ناکۆکی زۆر هەیە، بە تایبەتی لەناو لیژنە تایبەتەکان و پەرلەمانتارانی بەغدا، لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نییە بە یاساکەوە و ڕێزی لێناگرێ، لە کاتێکدا هەموو پەرلەمان یاساکەیان پەسەند کردووە و کۆک بوون لەسەری، کوتلە کوردییەکانی پەرلەمان دەنگیان بۆ داوە. ئێستا هەردوولا کاغەز ئاڵوگۆڕ دەکەن، هیوادارم کێشەکان لە کۆبوونەوەی ڕۆژانی داهاتوودا چارەسەر ببن و هەردوولا ڕێز لە جێبەجێکردنی یاسای بودجەی فیدراڵی بگرین، ئەگینا کێشەی گەورەمان لە یاسای بودجەی ساڵی 2020دا تووش دەبێ.

**ڕووداو: چەندی پێدەچێ هەتا دانوستاندنەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەمیان دەبێ و دەگەنە ڕێککەوتن؟ پێویستە پێش تێپەڕاندنی بودجەی 2020 ئەو ناکۆکییانە چارەسەر ببن؟**

**سامر غەزبان:** بە بۆچوونی من لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە خێرایی هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێ، نابێ کات بەفیڕۆ بدەین. ئێستا لە ئەیلوولین و حەوت مانگ بەسەر پەسەندکردنی یاسای بودجەدا تێپەڕیوە. ئێستا گفتوگۆی ورد لەبارەی یاسای بودجەی 2020 لە ناو حکومەتی فیدراڵ دەکرێ. نابێ بە ئیسراحەتی خۆمان مامەڵە بکەین، دەبوو ئێستا باسی کارکردنی پێکەوەیی و جێبەجێکردنی یاسای بودجەی فیدراڵی بکەین و لەسەر ئەو بنەمایانە ڕێکبکەوین کە بۆ ساڵی 2020 ڕێنوێنی هەردوولامان دەکەن.

**ڕووداو: حکومەتی عێراق هیچ پلانێکی هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەی خۆی لە ڕێگەی بۆڕیی نێوان کوردستان و بەندەری جەیهان؟ ئێستا چەندە نەوت لە ڕێگەی بۆڕیی جەیهانەوە ڕەوانەی بازاڕەکان دەکرێ؟**

**سامر غەزبان:** ئێستا ڕۆژانە نزیکەی 100 هەزار بەرمیل هەناردە دەکەین. حاڵی حازر پلانمان نییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردە. هۆکارەکەشی بۆ سنووری توانای بەرهەمهێنانی کۆمپانیای نەوتی باکوور دەگەڕێتەوە. جیا لەمە، نەوتێکی زۆریش لە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان کاریان لەسەر دەکرێ، واتە پاڵاوگەی کار و پاڵاوگەی قەیوان. ئێمە ڕۆژانە نزیکەی 140 بۆ 150 هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانە دەکەین. ڕێگەی سەرەکیی هەناردە لە باشوورە، کە توانایەکی زۆریشی لێیە (بۆ بەرهەمهێنان)، لەبەرئەوەی گەورەترین بازاڕی نەوتی عێراق بازاڕەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیان، نەک بازاڕەکانی یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا. بۆیە بۆ ساڵی داهاتووش لەو ئاستەدا دەیهێڵینەوە.

لە هەمانکاتدا ئێمە لە پرۆسەی ڕاکێشانی بۆڕییەکی نوێداین لە کەرکووکەوە بۆ پیشخابوور، تاوەکو شوێنی بۆڕییە کۆنەکە بگرێتەوە کە لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە زیانی گەورەی پێگەیشتووە. هەر کاتێک ئەو بۆڕییەمان هەبوو و پەیوەندییەکی زۆرترمان لەگەڵ تۆڕەکانی باشووریش دروستکرد، ئەوە لە داهاتوودا دەتوانین زیاتر لەو ئاستەی ئێستا هەناردە بکەین.

**ڕووداو: لە 2014، وەزیری نەوتی عێراق (بەهۆی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتەوە) سکاڵایەکی لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرزکردەوە.**

> گوشار لە دادگای فیدراڵی ناکەین بۆ ئەو سکاڵایەی لەدژی هەرێمی کوردستان بەرزکراوەتەوە

**بۆچوونی تۆ لەبارەی ئەو کەیسەوە چییە و چۆن دەبێ چارە بکرێ؟**

**سامر غەزبان:** ئەو سکاڵایە لە دادگای فیدراڵە و بێگومان ماوەیەکی زۆریشە لەوێیە. بێگومان ئێمە گوشار ناکەین. بەڵام لە هەمانکاتدا دەمانەوێ لەبەر بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی عێراق ئەو کێشانە بە شێوەیەکی دۆستانە چارەسەر بکرێن و ڕێککەوتنێکی تەندروست و درێژماوەمان هەبێ کە بە وردەکارییەوە دەربڕێت سیاسەتێکی هاوبەشمان هەیە.

ئێمە ئێستا کێشەمان لەگەڵ تۆپێک بۆ دروست بووە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بڕێکی زۆر نەوت بەرهەمدەهێنێ، بێگومان ئەوە مەسەلەیەکی جدییە. ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ تۆپێک بۆ هەموو عێراقە، نەک هەر بۆ حکومەتی فیدراڵ بە تەنیا. بۆیە هەموو ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بەرهەم دەهێنرێ، بە بەشێک لە نەوتی بەرهەمهاتووی عێراق هەژمار دەکرێ. کەوابێ وەک پێشتریش گوتم، هەرکاتێک ڕێککەوتنێکمان کرد و خاوەن سیاسەتێکی هاوبەش بووین بۆ ڕێکخستنی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت، ئەوە کێشە هەڵپەسێردراوەکانیش چارەسەر دەبن.

**ڕووداو: لە ساڵی 2014، بەغدا لە ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتیی لە پاریس ڕێکاری یاسایی لە دژی تورکیا گرتەبەر، ئەوەش دوای ئەوەی ئەنقەرە ڕایگەیاند کە نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی بازاڕە نێودەوڵەتییەکان دەکات. ئێستا بۆچوونی ئێوە چییە؟**

**سامر غەزبان:** ئێستا گفتوگۆیەک لە نێوان هەردوولا هەیە. هیوادارم بگەینە ڕێککەوتنێک. گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە ئێمە بگەینە ڕێککەوتنێک لە نێوان هەردوو وڵات و هەر کاتێک لایەنێکی سێیەم سیستەمەکەی بەکارهێنا، ئەوە دەبێ بە ڕەزامەندیی هەردوو لایەن بێ. بەڵام ئەوەی لە ڕابردوودا کراوە تاکلایەنە و بێ ڕەزامەندیی حکومەتی فیدراڵ بووە، هەر بۆیە حکومەتی پێشوو سکاڵای تۆمار کردووە و حەقیان بووە وابکەن.

> گفتوگۆیەکمان لەگەڵ تورکیا هەیە و هیوادارم بگەینە ڕێککەوتن

# سەردەمی ڕاگوزەری وزە بەڕێوەیە

## دەبێت هەرێمی کوردستانیش سەرچاوەکانی دابینکردنی وزەی خۆی هەمەڕەنگ بکات



عومەر ئەحمەد

لە ماوەی 4 ڕۆژدا 15 هەزار ئەکادیمیست و شارەزا و 70 وەزیر و بەرپرسی حکومی لە 150 وڵاتی جیهانەوە دوایین گۆڕانکارییەکانی کەرتی وزەی جیهانیان لە شاری ئەبوزەبی لە میانەی 24 ەمین کونگرەی جیهانیی وزە تاوتوێ کرد. تیمیکی تۆڕی میدیایی ڕووداو ڕووماڵی ئەم ڕووداوە گەورەیەی کرد. لە 10 ساڵی ڕابردوودا بەهۆی کارەساتە سرووشتییەکان و دیاردەی گەرمبوونی زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا نیگەرانییەکان زۆربوون سەبارەت بەوەی کە چۆن ڕێگری بکرێت لە تێکچوونی زیاتری کەشوهەوا و کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانی ئەو دیاردەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ.

بۆ دابینکردنی وزە و بەدیاریکراوی وزەی کارەبا زیاتر لە سەدەیەکە مرۆڤ پشتی بە سەرچاوەکانی وەک خەڵووز و نەوت و گازی سرووشتی بەستووە کە بە هۆکاری سەرەکی پیسکردن و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا ئەژمار دەکرێن. کاریگەری بەکارهێنانی ئەو جۆرە سووتەمەنییانە کە بە سووتەمەنی فۆسیل ناسراون لەسەر ژینگە، هێندە بەرفراوانە کە لە کۆنگرەی جیهانیی وزەی ئەمساڵ بانگەواز بۆ کەمتر بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنیان کرا.

بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، بەکارهێنانی سووتەمەنی فۆسیل بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، سەرچاوەی سەرەکی دروستکردنی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆنە کە بە هۆکاری سەرەکی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و گەرمبوونی زەوی ناسراوە. دوانە ئۆکسیدی کاربۆن بەشی سەرەکی گازە زیانبەخشەکان پێکدەهێنێت.

### ڕێککەوتنی پاریس

لە ساڵی 2015 دا، 196 وڵات و لایەنی نێودەوڵەتی لە پاریس ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە هەوڵی جددی بدەن بۆ کۆنترۆڵردنی ئەو گازە زیانبەخشانەی کە سات بە سات و ڕۆژ بە ڕۆژ دەکرێتە بەرگەهەواوە، بەئامانجی ئەوەی پلەی گەرمیی زەوی زیاتر نەبێت لە 2 پلەی سیلیسی کە زانایان پێیانوایە ئەگەر ئەوە ڕووبدات مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە، سەهۆڵەکان لە جەمسەری باکوور و باشوور دەتوێنەوە و ئاستی ئاوی ئۆقیانووسەکان بەرز دەبێتەوە و بەشێک لە شارەکان دەکەونە ژێرئاوەوە و سەدان زیانی دیکەی لێدەکەوێتەوە. پارادۆکسی سەرەکی ناو ڕێککەوتنی پاریس ئەوەیە کە وڵاتان پێویستیان بە بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە، تەنانەت پێویستییەکانیان بە کارەبا لەبەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و گەشەسەندنی زیاتری ئابووری ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر دەبێت. کەواتە چۆن کاربکەن بۆ کەمکردنەوەی بڕی گازە زیانبەخشەکان لە کاتێکدا دروستبوونی ئەم گازە زیانبەخشانە هاوتەریبە لەگەڵ گەشەی پیشەسازی و ئابووری. وەڵامەکەی بەکارهێنانی سەرچاوەی وزەی پاکترە. گۆڕینی سەرچاوەکانی وزە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە ژینگە پیس ناکەن یان کەمتر ژینگە پیس دەکەن لێکەوتەیەکی ڕێککەوتنی ژینگەیی پاریسە کە ئەنجوومەنی وزەی جیهان بە "شۆڕشە گەورەکە" ناوزەدی کردووە.

### شۆڕشی گەورەی وزە

بەکارهێنانی سووتەمەنی فۆسیل (خەڵووز و نەوت و گاز) بەڕێژەی 78% هۆکاری سەرەکی گەرمبوونی زەوین. ساڵ لە دوای ساڵیش ئەم ڕێژەیە بەهۆی بەکارهێنانی زیاتری ئەو جۆرە سووتەمەنییانە زیاد دەبێت. گۆڕینی سەرچاوەکانی سووتەمەنی فۆسیل هێندە ئاسان نییە. گۆڕانکاری لە سیستمی ئێستای وزەی جیهان گۆڕانکارییەکی گەورە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دروستدەکات، چونکە هەموو لایەنێکی ژیانی جیهانی نوێ بەندە بە وزەوە. لەبەر ئەوە شارەزایانی سەر بە ئەنجوومەنی وزەی جیهان ئەم سەردەمەیان بە گۆڕانە گەورەکە ناوزەد کردووە و دەڵێن تاوەکوو ساڵی 2040 قوناخێکی گەورەی ڕاگوزەر لە سەرچاوەکانی سووتەمەنی فۆسیلەوە بۆ سەرچاوەی پاکتر دەستپێدەکات. گەورەترین تەحەدداش لەم سەردەمەدا ئەوەیە چۆن ژێرخانی وزەی ئێستا کە بۆ سووتەمەنییە فۆسیلییەکان دیزاین کراوە، بگۆڕدرێت بۆ سەرچاوەی سووتەمەنی نوێ. ئەمە دەبێتە ئەرکێکی گەورە لە سەرشانی پیشەسازییەکان و کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنەری وزە کە دەبێت خۆیان بۆ سەردەمی ڕاگوزەر ئامادە بکەن و ئاراستەی وەبەرهێنانەکانیان بگۆڕن.



### وزە نوێبووەوەکان

سەرچاوەکانی وزەی بەدەر لە سووتەمەنیی فۆسیل وەک وزەی با و وزەی خۆر و شەپۆلەکانی دەریا و سووتەمەنییە سەوزەکانی دیکە وەک سووتەمەنی هایدرۆجینی بە وزە نوێبووەوەکان دەناسرێن. تاوەکوو چەند ساڵ لەمەوبەر تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا لەم جۆرە سووتەمەنییانە چەندین هێندەی سووتەمەنیە فۆسیلییەکان بوو، بەڵام بە یارمەتی تەکنۆلۆجیا و داهێنانە بەردەوامەکان لەم بوارەدا، ئێستا دابینکردنی کارەبا لەرێگەی وزە نوێبووەوەکان توانای رکابەری هەیە لەگەڵ سەرچاوەکانی فۆسیل. بۆ نموونە لە ئەمریکا، بەپێی نوێترین لێکۆڵینەوەکان 75% ی ئەو کارەبایە کە لە ڕێگەی سووتاندنی خەڵووزەوە بەرهەمدێت، ئێستا تێچووەکەی زیاترە لە تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی سەرچاوە نوێبووەوەکانەوە. لەبەر ئەوە هیوایەکی گەورە هەیە کە بەکارهێنانی خەڵووز نە تەنیا لە ئەمریکا، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەی جیهانیش کۆتایی بێت و جێگەی خۆی بە وزە نوێیەکان بدات.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە زانستییانە، بەکارهێنانی وزە نوێبووەوەکان چیدیکە بەتەنیا کارێک نییە بە ئاراستەی ژینگەپارێزی، بەڵکو کارێکی بازرگانییە و قازانجداریشە. پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2020 دا تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی سەرچاوە نوێیەکانەوە زیاتر دابەزێت. ئێستا تێچووی بەرهەمهێنانی یەک کیلۆوات کارەبا لە هەر کاژێرێکدا لەرێگەی سووتاندنی بەرهەمە نەوتییەکان و سووتەمەنی فۆسیل لە نێوان 0.05 دۆلار تاوەکو 0.17 دۆلارە. بەڵام بەپێی دوایین خەمڵاندنەکان لە 2020 دا تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی سەرچاوە نوێیەکانەوە 0.03 دۆلار تاوەکو 0.10 دۆلار دەبێت.

کێشەیەکی دیکەی وزە نوێبووەوەکان ئەوەیە کە قەبارەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەرێگەی ئەو سەرچاوانە بەپێی وەرز و کاتەکانی ساڵ دەگۆڕێت و بەوپێیەش گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا هێندە ئاسان نییە. بەڵام دیسان داهێنانی کۆمپانیا پیشەسازییەکان لەم بوارەدا بوونەتە هۆکار بۆ ئەوەی بتوانرێت لەو کاتانەی کە کارەبای زۆر بەرهەمدێت، وزە پاشەکەوت بکرێت بۆ ئەو کاتانەی کە کارەبا کەمتر بەرهەمدێت و لەم نێوەندەشدا کۆمپانیاکانی وەک سیمێنس و جێنراڵ ئەلێکتریک پێشەنگن کە توانیویانە بە تێکەڵکردنی وزەی پاک لەگەڵ وزەی ئاسایی و فۆسیل، وزەیەکی خاوێنتر و جێگیرتر بگوازنەوە بۆ بەکارهێنەران.

### گرینگیی گازی سرووشتی

گازی سرووشتی کە خۆی یەکێکە لە چەشنەکانی سووتەمەنی فۆسیل، بەراورد بە خەڵووز و نەوت لە ڕووی ژینگەییەوە جێگەی بایەخە، چونکە کەمتر ژینگە پیس دەکات. بەکارهێنانی گازی سرووشتی لە وێستگەکانی کارەبا بەراورد بە بەکارهێنانی گازوایل بەڕێژەی 20% گازی زیانبەخشی کەمتر دروستدەکات و بەراورد بە خەڵووزیش بەڕێژەی 50%. ئەمە ئەو گرینگییەیە کە گازی سرووشتی هەیەتی. بەپێی ئەنجوومەنی جیهانیی وزە، لە قۆناغی ڕاگوزەردا دەبێت گازی سرووشتی شوێنی خەڵووز و بەرهەمە نەوتییەکانی وەک گازوایل و نەوتی ڕەش بگرێتەوە. لێرەدایە کە لە قۆناغی ڕاگوزەری وزە، هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرینگی دەبێت بەو پێیەی کە دەوڵەمەندە بە گازی سرووشتی و جگە لە دابینکردنی خواستی ناوخۆ بۆ وزەی کارەبا و پیشەسازییەکان، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ وڵاتانی دیکەش.

### ڕۆڵی تەکنۆلۆجیا

قۆناغی ڕاگوزەری وزە دەستپێکردووە. چیدی نەوت و گاز و خەڵووز بەتەنیا ئەو ماددە بەنرخ و ستراتژییە نین کە وڵاتان کارەبای لێ بەرهەمدەهێنن. بەڵکو ئێستا دەتوانن لەرێگەی کەڵکوەرگرتن لە با و هەتاو و شەپۆلەکانی دەریا و ڕووبار و ئەقیانووسەکان و چەندین سەرچاوەی دیکە کە تەواو نابن و سنووردراریش نین، بەشێکی بەرچاو لە کارەبای پێویستی خۆیان بەرهەمبهێنن. ئەم گۆڕانکارییە خێرایە بەهۆی ئەوە سەریهەڵداوە کە پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا بەرهەمهێنانی کارەبای لەڕێی سەرچاوە نوێیەکان هەرزانتر کردووە و لە داهاتوویەکی زۆر نزیکیشدا تێچووەکانیان تەنانەت کەمتریش دەبن لە سەرچاوەکانی ئێستای بەرهەمهێنانی کارەبا. کۆمپانیا گەورەکانی جیهان هەر لە ئێستاوە وەبەرهێنانی زەبەلاحیان لە وزە نوێبووەوەکان کردووە. تەنانەت ئەو بانک و سندووقە گەورانەی کە پێشتر لە نەوت و گازدا وەبەرهێنانی گەورەیان دەکرد، ئێستا ڕوویان لە وەبەرهێنانی گەورە کردووە لە سەرچاوە نوێبووەوەکان. بەڕێوەچوونی کۆنگرەی جیهانیی وزە لە وڵاتێکی نەوتیی وەک ئیمارات کە ڕۆژانە لە سەرووی 2 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت، بەو واتایە کە وڵاتە نەوتییەکانیش دەبێت خۆیان بۆ ئەم ڕاستییە ئامادە بکەن. هەر لەبەر ئەوەیە زۆربەی وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوتی کەنداو وەبەرهێنانی گەورەیان لەم بوارەدا کردووە و ئێستا لەڕووی گەورەیی پرۆژەکان و قەبارەی وەبەرهێنانەکان لە وزە نوێبووەوەکان لە جیهاندا پێشەنگن. هەرێمی کوردستانیش دەبێت جددیتر لەم بابەتە بڕوانێت و سەرچاوەکانی دابینکردنی وزەی خۆی هەمەڕەنگ بکات. وەک چۆن کریستۆ بۆنیۆ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای کیواتی فینلاندی بە ئێمەی گوت، هەرێمی کوردستان هەتاوی باش و چیای بەرزی هەیە و دەتوانێت بەباشی سوود لە وزەی خۆر و با وەربگرێت بە مەرجێک پلانێکی باش بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکات و ئاگاداری دوایین گۆڕانکارییەکان لەم بوارە بێت.

> هەرێمی کوردستان هەتاوی باش و چیای بەرزی هەیە و دەتوانێت بەباشی سوود لە وزەی خۆر و با وەربگرێت
>
> بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای کیواتی فینلاندی

# "پەپوولە بەڕوو" ئازارەکانی سنوور دەگێڕێتەوە



**پەسار فایەق**
**ڕووداو- هەولێر**

"پەپوولە بەڕوو" نوێترین بەرهەمی ئەشکان ئەحمەدی، دەرهێنەری کوردە کە کورتەفیلمێکی 15 خولەکییە و چیرۆکی کچێکی نەوجەوانی بێ باوک دەگێڕێتەوە.

ئەم کچە نەوجەوانە بەهۆی لەدەستدانی باوکییەوە ڕووبەڕووی ژیانێکی سەخت دەبێتەوە. ئەشکان ئەحمەدی بە (ڕووداو)ی گوت کە فیلمەکەی بەرهەمی ئەمساڵە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە زمانی کوردی بەرهەمهاتووە و بۆ چەند فێستیڤاڵێکی سینەمایی نێردراوە.

فیلمەکە باس لە کچێکی نەوجەوان دەکات کە لە کاتی ڕاوە پەپوولەدا باوکی دەکوژرێت، بەهۆی ئەوەی لە سنوورەوە نزیکن و گومانی ئەوەی لێکراوە قاچاخچی بێت. کچەکەی پاش لەدەستدانی باوکی، بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگەوە ڕووبەڕووی ژیانێکی سەخت دەبێتەوە.

ئەشکان دەڵێت، پەیامی ئەو لەو فیلمە پەردەلادانە لەسەر چیرۆکی ئەو کەسانەی بەبێ هۆکار دەکوژرێن و هەوڵ دەدرێت تاوانی کوشتنەکەیان پەردەپۆش بکرێت و کەس لەبارەیەوە نەکۆڵێتەوە. بەتایبەت لەو شوێنانەی کە ناوچەی سنوورین و بەهۆی کاری قاچاخ و کۆڵبەری، یان گومانی ئەو کارەوە دەکوژرێن.

زۆربەی دەرهێنەرە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە زمانی کوردی و لەبارەی کوردەوە فیلم بەرهەمدێنن، زۆربەی جاریش سانسۆر دەخرێتە سەر کار و چالاکییەکانیان.

ئەحمەدی لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئێستاش سانسۆر لەسەر بەرهەمی دەرهێنەرە سینەماییەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، بۆیە ئەوان زۆرجار ناچار دەبن بە ناڕاستەوخۆ باس لە بابەتە سەرەکییەکەی نێو فیلمەکەیان بکەن". گوتیشی، لە ئێران تەنیا یەک شوێن نییە بڕیار لەسەر بەرهەمهێنانی فیلم بدات، بەڵکو چەند شوێنێک هەن کە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن و بەپێی ئەو شوێنانە بڕیاردان لەسەر کاری بەرهەمهێنانی فیلم دەگۆڕێت.

کورتەفیلمی "پەپوولە بەڕوو" لە بەشی پێشبڕکێی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆک بەشدار بووە وبۆ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلێمانیش نێردراوە، بەڵام لە فێستیڤاڵی سلێمانی ڕەتکراوەتەوە، ئەوەش بەهۆی پیشاندانی لە فێستیڤاڵی دهۆک.

ئەحمەدی لەوبارەیەوە دەڵێت: "فیلمەکەم بۆ فێستیڤاڵی سلێمانی و فێستیڤاڵی دهۆکیش ناردبوو، بەڵام بەهۆی نیشاندانی فیلمەکە لە فێستیڤاڵی دهۆک، فێستیڤاڵی سلێمانی بەپێی ئەو یاسایەی کاری پێ دەکەن، ڕێگەی بە بەشداریی فیلمەکەم نەدا. ئەو هیوای خواست ئەو مەرجە لەسەر فیلمە کوردییەکان هەڵبگیرێ کە تەنیا دەبێت لە یەکێک لەو دوو فێستیڤاڵە سینەماییەدا بەشداربن، بۆ ئەوەی زۆرترین سینەماکار و بینەری سینەمایی فیلمەکانیان ببینن.

ئەشکان ئەحمەدی سەرقاڵی تەواوکردنی فیلمێکی بەڵگەنامەییشە بەناوی "13 هەزار هەنگاو" کە باس لە ڕەوشی کۆڵبەران دەکات لەسەر سنوورەکان و ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە.

ئەم دەرهێنەرە کوردە ساڵی 1974 لە بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە و تاوەکو ئێستا 10 کورتە فیلمی بەرهەم هێناوە بەناوەکانی "مرۆڤەکان دوورن"، "ژنێک لە هۆزی تەم"، "دینگەی دارین"، "گۆماو"، "ڕێبوارانی دۆڵی هەنار"، "وێنە نەگیراوەکان"، "تەنوور"، "ڕوخسارە جێماوەکان"، "جانتای خوساو" و هەروەها فیلمی "ڕێبوارانی دۆڵی هەنار" کە ئەمەی دوایی باس لە کارەساتی ئەنفال دەکات. ئەحمەدی تا ئێستا چەندین خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە.



## ڕۆژا گەرگەری، خانمە گۆرانیبێژی کوردی جۆرجیا بۆ (ڕووداو) دەدوێت

# تەنیا بە جەستە لە جۆرجیام، دڵ و هەست و خەیاڵم لە کوردستانە



ناوی ڕۆژا گەرگەرییە، گۆرانیبێژێکی کوردە و ئێزدییە و لەدایکبووی جۆرجیایە. ماوەی چەند ساڵێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە خۆی پیانۆکەیەوە دەردەکەوێت و گۆرانیی کوردی دەڵێت، بەهۆی دەنگە خۆشەکەیەوە بینەرێکی یەکجار زۆری هەیە. ڕۆژا دەڵێت هەرچەندە بە جەستە لە جۆرجیا دەژی، بەڵام دڵ و هەست و خەیاڵی لە کوردستانی مەزنە و هیواخوازە ڕۆژێک دابێت کوردستانی مەزن بە ئازادی ببینێ. ڕۆژا لەم هەڤپەیڤینەدا پتر باسی خۆی و هونەری کوردی و کوردی جۆرجیا بە گشتی دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: باسێکی خۆت بکە، ڕۆژا گەرگەری کێیە؟**

**ڕۆژا:** من لە ساڵی 1991 لە تبلیسیی پایتەختی جۆرجیا لەدایکبوومە، بەشی ئامێری پیانۆم لە قوتابخانەی میوزیک تەواو کردووە، هەروەها بەشی دەروونناسیم لە زانکۆ تەواو کردووە و، ماوەی چەند ساڵێکە کاری هونەری دەکەم و چەند گۆرانییەکم بڵاوکردووەتەوە.

**ڕووداو: لە کەیەوە تێکەڵی دنیای هونەر بوویت؟**

**ڕۆژا:** هەر لە منداڵییەوە ڕۆحم لەگەڵ میوزیک و گۆرانی تێکەڵ بووە، زۆر بچووک بووم کاتێک لە ماڵەوە لەبەرخۆمەوە گۆرانیم دەگوت، دوای ئەوەی کەمێک گەورەبووم، لە قوتابخانە بەشی میوزیکم خوێند و ئامێری پیانۆم هەڵبژارد، ئیدی لەو کاتەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئاوێزانی میوزیک و گۆرانی بووم، خێزانەکەشم زۆر هاوکار و پاڵپشتم بووە، بۆیە بەردەوام لە کار و چالاکییە هونەرییەکان بەشداریم دەکرد و گۆرانیم دەگوت، خەڵکیش زۆر بە دڵیان بووم و هاندەرم بوون.

**ڕووداو: لە نێو بنەماڵەکەتاندا کێ زۆر هاوکارو پاڵپشتی تۆیە؟**

**ڕۆژا:** لەنێو بنەماڵەکەماندا باوکم لە هەموو کەسێک زیاتر هاوکار و پاڵپشتم بووە، خۆیشی هونەرمەندێکی باش بووە و ئامێری بلوێر و دەف و زوڕنای دەژەند، ئەمەش هاوکارێکی باشی من بوو بۆ فێربوونی هونەری میوزیک و مەقامات و ژەنینی ئامێری میوزیک، هەروەها دایکیشم هونەردۆستێکی باش بوو، خاڵی دایکم ناوی قەناتێ کاکێ-یە کە میوزیکژەنێکی ناوداری ئەرمینیایە، ئەمانە هاندەر و هاوکارم بوون بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای میوزیک و هونەر ببم، دەمەوێت ئەوەش بۆ مێژوو باس بکەم کەوا دایکم بوو منی بردە قوتابخانەی میوزیکی و گوتی دەبێت بەشێوەیەکی ئەکادیمی فێری میوزیک و گۆرانی بیت، بەڵام وەکو گوتم ئێستا باوکم زیاتر هاندەر و پاڵپشتی منە.

**ڕووداو: لە جۆرجیا تاچەند گرنگی بە میوزیک و گۆرانیی کوردی دەدرێت؟**

**ڕۆژا:** هەڵبەتە لەوێ هونەر و میوزیک و کولتووری کوردی کەوتووەتە پلەی دووەم، واتە زیاتر گرنگی بە هونەر و میوزیکی گورجستان دەدرێت و کەمتر هونەری کوردی لەبەرچاوە. ساڵی 1950 چەند دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیری و کولتووریی کوردی دامەزران، چەند گرووپێکی میوزیکی دروستکران، لە ساڵی 1973 لە گورجستان گرووپی میوزیکی وەتەن وەکو یەکەم گرووپی میوزیکی ڕۆکی کوردی دامەزرا، لە تبلیسی تاوەکو ئێستاش رادیۆیەکی کوردی هەیە کە زیاتر لە 35 ساڵە ئەم رادیۆیە کار لەسەر هونەر و کولتووری کوردی دەکات. پێشتر شانۆی کوردیش پێشکەش دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی لاوانی کوردی گورجستان هەیە کە منیش یەکێکم لە ئەندامانی، ئێمە لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە دەمانەوێت لەگەڵ کوردی گورجستان تێکەڵ بین و ئەوان بە هونەر و ڕۆشنبیریی باب و باپیرانمان ئاشنا بکەین.

**ڕووداو: ئێستا ژمارەی کورد لەوێ چەندە؟**

**ڕۆژا:** لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی جاران زیاتر لە 40 هەزار کورد لە هەبوون، بۆیە کتێب بە کوردی چاپ دەکرا و پێشانگا و کاری هونەریی زۆر پێشکەش دەکران، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆریان لەبەر بارودۆخی ئابووری کۆچیان بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ڕووسیا کردووە، ئێستا نزیکەی 15 هەزار کورد لە گورجستان دەژین، بەداخەوە ئێستا ڕەوشی هونەر و کولتووری کوردی وەکو جاران نییە و کەمتر بەرچاوە.

**ڕووداو: بنەماڵەی ئێوە چۆن و کەی چوونەتە جۆرجیا ؟**

**ڕۆژا:** وەکو هەموو کوردانی دیکە، ئێمەش وەکو بنەماڵەیەکی ئێزدی باب و باپیرانم خەڵکی سەرحەدی باکووری کوردستان بوونە، لە گوندی سێچان سەر بە قەرسێ بوونە، ئیدی لە ساڵی 1915 لەبەر شەڕ و کوشتاری ئەو کاتە هەڵاتن بۆ ناوچەی قەفقاس و لە ئەرمەنستان و گورجستان گیرسانەوە، لەوکاتەوە ئێمە لە گورجستان دەژین و هەوڵمانداوە کولتوور و هونەر و فەرهەنگی خۆمان لەبیر نەکەین و پارێزگاری لێ بکەین.

**ڕووداو: جۆرجییەکان چۆن دەڕواننە کورد؟**

**ڕۆژا:** هاوڕێیەتییەکی باش لە نێوان جۆرجییەکان و کورد هەیە، هەڵبەتە کوردی گورجستان زۆر لە حکومەت ڕازین، هەربۆیە لەگەڵ جۆرجییەکان لەگەڵ دوژمن بۆ پاراستنی گورجستان لە یەک بەرەدان، ئێمە سوپاسگوزاری ئەو خاکە و خەڵکی گورجستانین کە هیچ کاتێک زمان و کولتووری ئێمەیان قەدەغە نەکردووە.

**ڕووداو: کامە هونەرمەند زیاتر کاریگەری لەسەر تۆ هەبووە؟**

**ڕۆژا:** بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی دێرینی کورد کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر من هەبووە، وەکو هونەرمەندان کەرەپاتێ خەچۆ، شەرۆێ برۆ، شاکرۆ، مەریەم خان، عایشەشان، محەممەد شێخۆ، ئارام تیگران و چەندین دەنگبێژی ناوداری دیکەی کورد. هەروەها کۆمەڵێک گۆرانیبێژی دیکەش سەرنجم ڕادەکێشن، وەکو ئاینور دۆغان، جوان حاجۆ، خێرۆ عەباس کە گۆرانیی جوانیان هەیە و کاریگەرییان لەسەر هەستی من هەیە.

**ڕووداو: ژیانی کۆچبەری چ کاریگەرییەکی لەسەر هونەری تۆ هەبووە؟**

**ڕۆژا:** من تەنیا بە جەستە لە گورجستانم، دڵ و دەروون و هەست و خەیاڵم هەر لە کوردستانی مەزنە، بە حەسرەتی وڵاتی خۆمەوەم، هەڵبەتە ئەم دوورییە لە کوردستان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من و هونەرەکەم هەبووە، زۆرجار پێمدەڵێن لە دەنگی تۆدا خەمگینی هەیە، دەکرێت ئەم خەمگینییە هی دووریی وڵات بێت، بەتایبەتی دەڤەری سەرحەد کە هەمیشە لە خەیاڵمدایە، هەرچەندە هیچکات نەمتوانیوە سەردانی بکەم و لە نزیکەوە بیبینم، بەڵام لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی باب و باپیرم لەسەر سەرحەد، وا هەست دەکەم هەموو کوچە و کۆڵانەکانی ئەو شارە شارەزام.

> ئێستا نزیکەی 15 هەزار کورد لە جۆرجیا دەژین

> هاوڕێیەتییەکی باش لە نێوان کورد و جۆرجییەکاندا هەیە

> کوردی جۆرجیا زۆر لە حکومەت ڕازین

> جۆرجییەکان هیچ کاتێک زمان و کولتووری ئێمەیان قەدەغە نەکردووە

> ڕەنگە ئەو خەمگینییەی لە دەنگی مندا هەیە هی دووریی وڵات بێت




## ئەڵمانیا 25%ی کۆچبەرانی ئیتاڵیا وەردەگرێ

**رووداو- هەولێر**

حکومەتی ئەڵمانیا ئامادەیە 25%ی ئەو کۆچبەرانە وەربگرێ کە لە رێگەی دەریاوە خۆیان گەیاندووەتە ئیتاڵیا، هەڵبەت ئەگەر لەگەڵ پێوەرەکانی کۆچبەریی ئەڵمانیادا یەک بگرنەوە.

هۆرست زیهۆفەر، وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا، بە رۆژنامەی (زوددویچە سایتونگ)ی ئەڵمانیای راگەیاندووە "هەمیشە گوتوومە سیاسەتی کۆچبەری ئێمە مرۆڤانەیە، ئێمە رێگە نادەین هیچ کەسێک لە ئاودا نوقم بێ". پێشتر حکومەتی نوێی ئیتاڵیا جەختی لەوە کردبووەوە کە رێککەوتنێکیان لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپیدا کردووە بۆ ئەوەی کۆچبەرانی نیشتەجێی ئیتاڵیا بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن.

# ژنێکی ئێزدی لە دادگایەکی ئەڵمانیا رووبەڕووی داعشێک دەبێتەوە



شەزا سەلیم کە لە زستانی 2017 و دوای سێ ساڵ و نیو لە رفاندنی، لەدەست چەکدارانی داعش رزگاری بوو

**رووداو- هەولێر**

حکومەتی ئەڵمانیا دەستی بە هەوڵێک کردووە بۆ دادگایی چەکدارە ئەڵمانەکانی ناو داعش، ئەوانەی دەستیان لە کوشتن و رفاندنی کوردە ئێزدییەکاندا هەبووە. ئەم کارە پێویستی بە بەڵگەی زۆر و شایەتیدانی قوربانیان هەیە، یەکێک لە شایەتەکان لە هەرێمی کوردستانەوە دەچێتە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی لە دادگا رووبەڕووی ئەو چەکدارە ببێتەوە کە دەستدرێژی کردووەتە سەری.

شەزا سەلیم بەشار لە زستانی 2017 و دوای سێ ساڵ و نیو لە رفاندنی، لە دەست چەکدارانی داعش رزگاری بوو. لەو ماوەیەشدا 14 جار کڕین و فرۆشتنی پێکراوە. شەزا بە کەناڵی (فۆکس نیوز)ی ئەمریکی گوتبوو "هیچکات ئەو رۆژەم لەبیر ناچێ کە بۆ یەکەمجار دەستدرێژییان کردە سەرم".

شەزا خەڵکی گوندی کۆچۆیە لە ناوچەی شنگال و لە هاوینی 2014 لەگەڵ دایکی، خوشکێکی و دوو برای لەخۆی بچووکتری لەلایەن داعشەوە رفێنران. مانگی داهاتوو شەزا دەچێتە ئەڵمانیا و لە دانیشتنی دادگایی یەکێک لەو چەکدارانەدا شایەتی دەدات کە دەستدرێژی کردووەتە سەری.

لەدوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال و دەوروبەری لە ئابی 2014، سەدان هەزار کوردی ئێزدی ئاوارە بوون کە هێشتا 360 هەزار کەسیان لە کەمپی ئاوارەکاندان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەو پەلامارەدا 6417 کوردی ئێزدی رفێنران کە 3548 کەسیان ئافرەت و 2869 کەسیان نێرینە بوون. 3059 ئێزدی رزگاریان بووە و 2908 کەسیان هێشتا شوێنبزرن. ئەو پەلامارەی داعش 2745 منداڵی بێسەرپەرشتی ئێزدی لێکەوتووەتەوە و 100 هەزار ئێزدیش لە چوار ساڵی رابردوودا عێراقیان جێهێشتووە.

شەزا بە کەناڵە ئەمریکییەکەی گوتبوو دەیەوێ دەنگی ئەوانە بێ کە بێدەنگ کراون و کارەساتی کۆمەڵگای ئێزدی بەبیری جیهان بهێنێتەوە.

لە ساڵی 2018 وە، یەکەی تاوانەکانی جەنگ لە هەرێمی نۆردراین ویسفالنی ئەڵمانیا تیمێکیان راسپاردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگە لەسەر کۆمەڵکوژی و رفاندنی ئێزدییەکان. یەکەی تاوانەکانی جەنگ بەشێکە لە فەرمانگەی پۆلیسی تاوانی فیدراڵی ئەڵمانیا کە لە ساڵی 1970 دامەزراوە و ئەوکات هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی چالاکییە تیرۆریستییەکانی گروپە چەپەکانی سەر بە سوپای سووریان دەدا.

مانگی رابردوو کلاوس سۆرن، جێگری سەرۆکی یەکەمی تاوانەکانی جەنگ بە کەناڵی (دۆیچە وێلە)ی ئەڵمانی راگەیاند کە زیاتر لە 100 ئافرەتی ئێزدی شایەتییان داوە و 100 ئافرەتی دیکەش ماون شایەتی بدەن، جەختی لەوەش کردەوە کە لێکۆڵەری ئافرەت شایەتی لە ئافرەتە ئێزدییەکان وەردەگرن و کۆی پرۆسەکە کاتێکی زۆری دەوێ، رێگە بە شایەتەکانیش دەدرێ کەسوکار یان هاوڕێکانیان لەگەڵ خۆیان بهێنن.

بە گوێرەی راپۆرتی کەناڵە ئەڵمانییەکە، یەکێک لەو فاکتەرانەی وایکردووە پرۆسەکە بە خاوی بەرەوپێش بچێ، ئەوەیە ئافرەتەکان دەبێ وردەکاریی ئازار و ئەشکەنجە و دەستدرێژییەکان بگێڕنەوە، هەندێکجاریش زۆری دەوێ هەتا متمانەی پێویست لە نێوان قوربانییەکە و لێکۆڵەرانی پۆلیس دروست دەبێ. ئافرەتەکان دواتر دەبێ هەمان ئەزموونی سەختی خۆیان لە دانیشتنە یەک لە دوای یەکەکانی دادگادا بگێڕنەوە.

یەکێ لە قوربانییە شایەتەکان شەزای تەمەن 28 ساڵە کە جگە لەو دەستدرێژییانەی کراوەتە سەری، چەندین جاریش وەک قەڵغانی مرۆیی بەکارهێنراوە، مەیدانەکانی شەڕی داعش و هێزەکانی هاوپەیمانانی بینیوە و هاوڕێ ئێزدییەکانی بە بەرچاوی خۆیەوە کوژراون. شەزا بە هەوڵی نووسینگەی کاروباری رفێنراوانی کوردی ئێزدی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دایکی و خوشکی رزگارکراوە، بەڵام دوو براکەی هەتا ئێستا شوێنبزرن. بە گوتەی خۆی دوایین جار کە چاوی بە براکانی کەوتووە، ئەو کاتە بوو کە بۆ کەمپەکانی مەشقی سەربازی داعش دەگوازرانەوە.

حوسێن کۆرۆ، بەرپرسی نووسینگەی کاروباری رفێنراوەکان داوا لە حکومەتی ناوەندی دەکات رێگەیان بدرێ لە کەمپی دەستبەسەری چەکدار و خێزانە داعشەکان تاقیکردنەوەی دی ئێن ئەی بکەن. حوسێن دەڵێ "ئێمە پێمانوایە ئێزدی لە نێوان ئەواندا هەن. ئەگەر وڵاتان چەکدارانی بیانی وەربگرنەوە، ئەوە دوور نییە منداڵی ئێزدیش لەگەڵ ئەوان بگوازنەوە".

بەشێکی زۆر لەو پارێزەر و دادوەرانەی لە یەکەی تیرۆر کار دەکەن، ئەزموونی لێکۆڵینەوە لە جینۆسایدی دیکەیان هەیە، لەوانەش جینۆسایدی رواندا. بەڵام بە گوتەی یەکێک لە پارێزەرەکان کە قسەی بۆ (دۆیچە وێلە) کردووە "داعش بە شێوەیەکی بێوێنە و سیستەماتیک سوودی لە دەستدرێژی وەرگرتووە".

پارێزەرەکە نایشارێتەوە کە لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا ئافرەت هەیە لە هۆش خۆی دەچێ و ناچار دەبن لێکۆڵینەوەکە رابگرن، وەک چۆن کێشەی زمان و جیاوازیی کولتووریش بەربەستێکی گەورەی بەردەوام لێکۆڵینەوەکانە. پارێزەرەکە دەڵێ: "ئێمە وەک تیمی لێکۆڵینەوە زۆر پەرۆشی فاکت و ژمارەین. بەڵام شایەتحاڵەکانمان ئاوا نین. هەموو کات کێشەی کاتمان هەیە".

لە ساڵی 2015 وە زیاتر لە 85 هەزار ئێزدی لە ئەڵمانیا داوای پەنابەرێتیان کردووە، لەو ژمارەیە هەزار ئافرەت و منداڵیان لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی تایبەتی هەرێمی بادن ڤورتمبێرگ هێنراون کە یەکێکیان نادیە موراد، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی 2018یە. نادیە موراد خۆیشی کە خەڵکی هەمان گوندەکەی شەزایە، لەو لێکۆڵینەوانەدا شایەتی داوە و داوای لە ئافرەتەکانی دیکەش کردووە هەمان کار بکەن.

## بازاڕە رۆژهەڵاتییەکان لە کێبڕکێیەکی قورسی مارکە سوێدییەکاندان

# کورد بازاڕە رۆژهەڵاتییەکانی سوێد کۆنترۆڵ دەکەن




مارکێتەکەی سەلام کوردە، کۆنترین بازاڕی رۆژهەڵاتی لە ستۆکهۆڵم کە بەهۆی توندوتیژی دایخست

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

"بازاڕی رۆژهەڵاتی" کە بەرهەمە خۆراکییە رۆژهەڵاتییەکانی تێدا دەفرۆشرێ، سەرەتا وەکو ئەزموونێک دەستیپێکرد. ئەم بازاڕانە خۆراکی رۆژهەڵاتی و ئەو بەرهەمانەی تێدا دەفرۆشرێ کە لە خواردنی ناوخۆیی و سەوزە و بەهاراتی ئاسیایی نزیکن.

دەستەواژەی "بازاڕی رۆژهەڵاتی" لە تەک بازاڕی هیندی، پاکستانی و ئەورووپی، بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە و ئێستا بۆ وڵاتانی دیکەی ئەورووپاش گواستراوەتەوە.

ئەم بازاڕە ئەمڕۆ کێبڕکێ لەگەڵ براندە ئەورووپییەکانی دیکە دەکات، وەک بازرگانێکی کورد دەڵێت "کێبڕکێیەکی ئاسان نییە".

لە پشت ئەم کارەوە، چەند بازرگانێکی کوردی دانیشتووی سوید هەیە، ئەوان ئێستا لەڕێگەی چەند فرۆشیار و بازرگانێکەوە کە سەرمایەکەیان گەورە نییە، لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەو وڵاتە سەوزە و میوە بەرهەمدەهێنن و هەندێکیشیان لە کوردستانەوە وەبەرهێنانی بۆ دەکەن.

بازرگانێکی گەورەی خۆراک دەڵێت: "ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکار بێت، بەرهەمە خۆراکییەکانی کوردستان لێرە ساخ دەکەینەوە".

بەڵێن ئەحمەد سەعید، بازرگانێکی کوردە، ئەو لەگەڵ براکانی بازاڕی (براکان) لە گەڕەکی ڤێخوێ بەڕێوەدەبەن، بازاڕەکەی ئەوان کە تێکەڵەیەکە لە سوێدی، کوردی و رۆژهەڵاتی، کێبڕکێی هەموو مارکێتە ناسراوەکانی بواری خۆراک لەو ناوچەیە دەکات.

بەڵێن دەڵێت: "نهێنیی کێبڕکێکەمان خۆراکی رۆژهەڵاتییە، بۆ نموونە ئەو داوودەرمانەی دەیفرۆشین، هەمان تامی ئەوەی کەرکووکی هەیە، گۆشتەکەشمان هەروایە، سەموونیش بەهەمان شێوە".

ئەو هەروەها دەڵێت: "ئێمە گۆشتێک دەفرۆشین کە وەک بەرخی تازەیە، ئەمە نەک تەنیا بیانییەکان سەرنجی سوێدییەکانی ئەم هەرێمەشی راکێشاوە".

ئالان سەعید، فرۆشیارێکی دیکەیە و بەرپرسی بازاڕی یەکێک لە مارکێتە ناسراوەکانی ناوچەی شیستای بیانیشینی ستۆکهۆڵمە.

ئالان دەڵێت: "تەنیا لای ئێمە هەشت جۆر برنجی رۆژهەڵاتی و زیاتر لە 15 جۆر چا و 10 جۆر سەوزەواتمان هەیە، وێڕای سەروپێی ئامادەکراو و کفتەی بەستوو".

دەشڵێت: "دەرمان و بەهاراتمان بەهەمان ئەو تام و لەزەتە هەیە، کە لای حاجی عارفی حەوزە وشکەکەی سلێمانی هەیە، خەڵک ئەمەی دەوێت".

خواست لەسەر بەرهەمی ناوخۆیی و فرێش، سەوزە و گۆشت لە سوێد و وڵاتانی دیکەی ئەورووپاش زۆر زیادی کردووە.

لە رێگەی باخچە بچووکە تایبەتەکان کە شارەوانی بە پارەیەکی زۆر کەم دەیداتە کەسانی بێکار یان بە ساڵاچوو، چاندنی سەوزە و میوەی دەگمەنی کوردی وردە وردە پەرەی سەند.

سوێدییەکان لەو باخچانەدا گوڵیان دەچاند، کوردیش سڵق و گەڵامێو و کەرەوز و تەرخوون. ئێستا ئەمە بووەتە بازاڕ و هێدی هێدی بووەتە بزنسێک.

ئالان دەڵێت: "زیاتر لە هەشت کەس رۆژانە سەوزەمان بۆ دەهێنن و لێیان دەکڕین و شتێکی کەمی دەخەینە سەر و بە خەڵکی دەفرۆشینەوە".

ئەو گوتیشی: "ئەوەی زۆر خواستی لەسەرە، سڵق و کەرەوز و گەڵامێو و تەرخوونە، رۆژ هەیە 500 بۆ 800 دەسک لای ئێمە دەفرۆشرێ کە هەمووی کوردی ئێرە دەیچێنن".

تەنیا لە ستۆکهۆڵم لە هەشت بازاڕی گەورەی ناوچە جیاجیاکانی ستۆکهۆڵم بازاڕی لەم شێوەیە هەن کە پشت بەو جۆرە بەرهەمە دەبەستن.

هیوا سەید، لە نێوان و سوێد و فینلاند کاری بازرگانیی خۆراکە رۆژهەڵاتییەکان دەکات، دەڵێت: "پێشتر برنج و چا و گۆشت و هەندێک سەوزەم لێرەوە دەبرد و لە فینلاند دەمفرۆشت، ئێستا کارەکەمان فراوان بووە و سەوزەش لەوێوە دەهێنین کە فرۆشتنی زۆر ئاسانە و خواستی زۆری لەسەرە، جاری واهەیە گۆشتیش دێنین، کە ئەو رۆژە سەربڕدراوە".

## لە ئاوارەییەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکانی سوێد

کەم کەس هەیە لە بازاڕەکانی ئیدمۆن لە ئۆپسالا و خولەی شیستا و سەلامی کوردە و جەلیل و دلێر لە ستۆکهۆڵمی پایتەخت شتی نەکڕیبێت، یان ناوەکانیانی نەبیستبێت. ئەمانە هەندێ لەو کوردە بازرگانانەی سوێدن کە بازاڕی رۆژهەڵاتییان گەشە پێداوە.

دوو ناوی ناسراویش، پاڵپشتێکی بەهێزی هەموو ئەمانە و ئەو براندە سوێدییەشن کە ئێستا رکابەری بازاڕە رۆژهەڵاتییەکانن. ئەویش کۆمپانیاکانی (کوردە) و (قیبلە حەلاڵ)ن. ئێستا بەرهەمەکانی ئەم ناوانە لە مارکێتە ناسراوەکانی وەک (ئیکا و ڤیلیس) دەبینی.

ئەوان بەهەمان شێوە لەو کوردانەی باشووری کوردستانن کە لە ئاوارەییەوە بوونە ملیۆنێری ناسراوی سوێد و ئێستا کاریگەرییان لەسەر بازاڕی ئەو وڵاتە هەیە.

فارووق، بەرپرسی ئیداری لە مارکەی (قیبلە حەلاڵ) دەڵێت: "ساڵی 1991 کە هاتمە سوێد، برا گەورکەم لەگەڵ شەریکێکی دووکانێکی بچووکیان هەبوو، لە ماوەی نزیکەی 10 ساڵدا گەیاندمانە ئەو ئاستەی کە ئێستا خاوەنی سێ کارگەی گەورەین لەسەر ئاستی سوێد و ئەورووپا گۆشت بەرهەم دەهێنین".

کۆمپانیاکەی ئەوان ئێستا کێبڕکێی بازاڕە گەورەکان دەکات و وێڕای فرۆشی خۆیان، پێداویستی هەموو بازاڕە رۆژهەڵاتییەکانی دیکەی سوێد دابین دەکات و هەناردەی زیاتر لە 6 وڵاتی ئەورووپیشی دەکات.

بچیتە هەر مارکێتێک ناوی کوردە لەسەر بەرهەمێکی خۆراکی دەبینی. خاوەنی ئەو ناوە کوردێکی دیرینی سوێدە کە سەلام کوردەیە و لەناو کوردی سوێد کەم کەس هەیە ناوی نەبیستبێ.

ئەو خاوەنی کۆنترین بازاڕی رۆژهەڵاتییە لە سوێد کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو دایمەزراندووە. ئەو لە بوارە جیاوازەکانی برنج، چا، پەنیر، خواردنی ئامادە، بەرهەمە پاقلەمەنی، بەهارات و چەند بەرهەمێکی دیکەی خۆراکی وەبەرهێنان دەکات و خاوەنی براندی خۆیەتی.

گەرچی ئێستا بازاڕەکەی نەماوە و تەنیا لە رێگەی بازرگانی و مارکێتەکانی دیکەوە وەبەرهێنان دەکات، بەڵام هەمیشە شانازی دەکات بەوەی وەک کوردێکی دێرینی سوێد کاریگەری هەیە و خەونی ئەوەی هەیە بەرهەمی کوردستان بگەیەنێتە بازاڕەکانی ئەورووپا.

## براندەکانی سوێد، رکابەرییەکی قورس

تا ئێستاش براندە سوێدییەکان نەیانتوانیوە پشتی بازاڕە رۆژهەڵاتییەکان لە زەوی بدەن. سەلام کوردە لەوبارەیەوە دەڵێت: "زۆربوونی خواست لەسەر بەرهەمی رۆژهەڵاتی، ئەو براندانەی ناچار کرد روو لە بەرهەمی رۆژهەڵاتی بکەن، لەزۆر ناوەند بەرهەمەکانی من لەوانەی ئەوان زیاتر دەفرۆشرێن".

ئەو نموونە بە چەند ناوێکی ناسراوی سوێدی وەک (ئیکا، کووپ، ڤیلیس،هیمشۆپ) دەهێنێتەوە کە کۆمەڵەن و زنجیرە مارکێتی بەهێزن و ئەنجوومەنی گەورە و بەهێزیان لە پشتە.

ئەو بازرگانە کوردە دەڵێت: "ئەوان لە هەر لقێکیان زیان بکەن، یان بازاڕەکەیان روو لە کزی و کەمی بکات، ئەنجوومەن هاوکارییان دەکات و نایەڵێت بکەون، بەڵام ئێمە هەمووی دەکەوێتە سەر خۆمان، ئەمە جیا لە پشتگیریی حکومەت و دەیان دامەزراوەی دیکە، بۆیە رکابەری لەگەڵ ئەوان کارێکی ئاسان نییە، رووکردنە بەرهەمە خۆراکییە رۆژهەڵاتییەکان لەلایەن ئەوانەوە، کارتێکی بەهێزی ئەوانە بۆ رکابەرایەتی لەگەڵ کاری بازرگانیی ئێمە".

رووداو
ژنان
ژمارە (570) - دووشەممە 2019/9/16



## کچی هونەرمەندێکی ئێزیدی خۆی دەخنکێنێت

**رووداو ـ دهۆک**

رۆژی 2019/9/13 کچێکی تەمەن 18 ساڵی ئێزیدی دوای گەڕانەوەی لە جەژنی جەما خۆی هەڵدەواسێت و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

هونەرمەند خەڵەف باپیر، باوکی هەیامە، بە پۆلیسی گوتووە بۆ گۆرانی گوتن لە جەژنی جەما بانگهێشتکرابوو، و لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانم تا شەو لەوێ ماینەوە، بەرەبەیانی رۆژی دواتر بینیمان کچەکەم لە ژوورەوە بە پەت خۆی خنکاندووە.

هەروەها هەڵۆ شەمۆ، دایکی هەیامیش دەڵێ: "کچەکەم زۆر ئاقڵ و بێدەنگ بوو، نەمبیستووە کێشەیەکی لەگەڵ کەس هەبێت، بۆیە لەم رووداوە گومانمان لە کەس نییە".

دوای رووداوەکە پۆلیسی دهۆک پەراوی لێکۆڵینەوەی بۆ دۆسیەکە کردووەتەوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.

# "ئەژی" ئەو خێزانانە کۆدەکاتەوە که یەکێ لە ئەندامانیان خۆی کوشتووە

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

دوای خۆکوشتنی کوڕە 16 ساڵانەکەی، پەخشان سەردانی پزیشکێکی دەروونی دەکات. پزیشکەکە پێیدەڵێ: "ئەمە با ببێتە وانەیەک بۆ ئاگاداربوون لە منداڵەکانی دیکەت".

ئەم ڕستەیە ژیانی پەخشان دەگۆڕێت، لە گریان و پاڵەپەستۆی دەروونییەوە بۆ دانانی ڕێکخراوێک بەناوی "ئەژی". ئێستا 14 کەسی خۆبەخش لە بوارە جیاجیاکاندا هاوکاریی کەسوکاری ئەوانە دەکەن کە بە هەر هۆکارێک بێت خۆیان کوشتووە. ئەم ڕێکخراوە بووە بە لانەیەکی ئارام بۆ دڵدانەوەی چەندین خێزان کە کەسێکی نزیکیان لەدەستداوە و لە بارێکی دەروونیی سەختدان.

پەخشان و ڕێکخراوەکەی، ئێستا لە هەوڵی نووسینەوەی ڕەشنووسێکدان بۆ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان تا بە هەندێ ڕێکار بەر بە دیاردەی خۆکوشتن بگرن و کەمی بکەنەوە.

پەخشان کاکەوەیس، دانیشتووی هەولێرە و زیاتر لە بیست ساڵە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا کار لەسەرجێندەر و توندوتیژیی دژی ئافرەتان و مافی منداڵ و بواری پەروەردە دەکات، ئێستاش بەڕێوەبەری ڕێکخراوی (ئەژی)یە.

ئەو دەربارەی بیرۆکەی دانانی ئەم ڕێکخراوە بە (ڕووداو)ی گوت: "بیرۆکەی دانانی ئەم ڕێکخراوە لە دوای مەرگی کوڕەکەم هات کە لە مانگی یازدەی ساڵی ڕابردوو بە هۆکارێکی نادیار خۆی کوشت، بەیانیەکی زوو لەخەو هەستام و بینیم تەبای کوڕم، لە ژوورەکەی خۆی کۆتایی بە ژیانی هێنابوو، ئەو دیمەنە ئێمەی شۆک کرد".



پەخشان کاکەوەیس

تەبا لەدوای خۆی چەند نامەیەکیشی جێهێشتبوو. لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت: "من ئەم جیهانە بەجێدێڵم، چونکە بەبێ من شوێنێکی باشترە، خۆشمدەوێن". ئەم ڕووداوە وەرچەرخانێکی کارەساتبار بوو لە ژیانی پەخشان و خێزانەکەیدا و دەڵێت "کەوتمە حاڵەتێکی دەروونیی سەختەوە، هەستم بە تاوانباری دەکرد، ئەو هەموو پرسیار و ناڕەحەتیەی هەمبوو، شوێنێک، سەنتەرێک، ڕێکخراوێک نەبوو بچم چارەسەری دەروونی خۆم و خێزانەکەمی لێبکەم و ئەو خەمە قورسەمان لەگەڵ هەڵبگرێت، تەنانەت پزیشکی دەروونی کارەکەی لێ سەختتر کردم و پێیگوتم با ئەمە وانەیەک بێت بۆ ئاگاداربوونت لە منداڵەکانی دیکەت. ئەم ڕستەیە و هاتنی خێزانێکی نەناسراو بۆ پرسەی کوڕەکەم کە گوتیان هەمان ئازاری تۆمان هەیە و هاتووین دڵنەواییتان بکەین، بوو بە هۆکاری لەدایکبوونی بیرۆکەی دانانی ئەم ڕێکخراوە".



(تەبا) کوڕی پەخشان

ڕێکخراوی ئەژی کە ناوەکەی هێمایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکەی خۆکوشتن و هێز بەخشینەوە بە ئیرادەی ژیان، ماوەی کەمتر لە شەش مانگە دامەزراوە. ئەوان بەو هیوایەن کە ئەژی لانەیەک بێت بۆ کۆکردنەوە و کەمکردنەوەی خەمی هەموو ئەو خێزانانەی کەسێکیان لەدەستداوە و کارەساتێکی لەدوای خۆی بۆ خێزانەکەی جێهێشتووە.

پەخشان دەڵێت: "لێرەوە لە ڕێگەی هاوکاریی ڕێکخراوە بیانییەکان دەمانەوێت ڕەشنووسێک ئامادە بکەین بۆ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ نموونە ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی پەیوەندییان بە دیاردەی خۆکوشتنەوە هەیە چارەسەرەکانی دەنێرین بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، هەروەها هۆکارە دەروونییەکان بۆ وەزارەتی تەندروستی، دانانی چەند خاڵێکی یاسایی بۆ پەرلەمان و بەمشێوەیە، بۆ دانانی ڕێگەچارەیەک بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی خۆکوشتن بە دیاردەی خۆسووتاندنیشەوە کە وەلانراوە و وەک خۆکوشتن زۆر باس ناکرێ".

پەخشان کاکەوەیس بەنیازە سنووری کاری ڕێکخراوەکە فراوانتر بکات و بۆ عێراق بێت، تا ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی خانەوادەی ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن و هەموو پێکهاتە و نەتەوەیەک لەخۆبگرێت.

سەبارەت بەچۆنیەتی هەماهەنگیی نێوان ئەم خانەوادانە، پەخشان کاکەوەیس گوتی: "لەکاتی حاڵەتێکی خۆکوشتن کە لەڕێگەی میدیا یاخود کەسێکەوە دەیبیستین، ئێمە دەچین بۆ پرسەکە و دڵنەوایی خێزانەکە دەکەین، بەردەوام دەبین لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتر، ئێستا جگە لە خانەوادەی کورد لەگەڵ چەند خانەوادەیەکی عەرەبیش پەیوەندیمان هەیە".

## کچێکی تەمەن 17 ساڵ لە کۆیە خۆی دەخنکێنێ

**عومەر چاوشین**
**رووداو- کۆیە**

خاوەر ئەو شەوە تا بەرەبەیان نەخەوتبوو، کەسوکارەکەی نازانن پێشتر نیازی خۆخنکاندنی هەبووە یاخود لەناکاو کەوتووەتە بیری خۆهەڵواسین. ئەوان دەڵێن هەرگیز بەبیری کەسیاندا نەهاتووە کچەکەیان پەنا بۆ کارێکی وا ببات، چونکە هیچ کێشەیەکی نەبووە.

خاوەر سەباح، تەمەن 17 ساڵ، بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە، 2019/9/10، لە گەڕەکی قەندیلی قەزای کۆیە تەرمەکەی بە هەڵواسراوی لە ماڵی خۆیاندا دۆزرایەوە.

باوکی خاوەر کە خەریکی بەڕێکردنی میوانەکانی پرسە بوو، دەڵێت: "هەرکەس ئێمە بناسێت، دەزانێت زۆر بێ کێشەین، لەگەڵ هیچ کەسێک کێشەمان نەبووە و لەناو خۆشماندا زۆر تەباین".

باوکی خاوەر باسی ئەو بەرەبەیانیە دەکات کە کچەکەی تێیدا خۆی کوشتووە و دەڵێت: "ئەو شەوە تا نزیکەی سەعات سێی بەیانی دانیشتبوو، تا درەنگ دایکی و خوشکەکانی لەگەڵی بوون و بە گاڵتە و خۆشییەوە یەکتریان بەجێهێشتبوو خەوتبوون، نازانم بۆچی دوای ئەوە چووەتە ئەو ژوورە و خۆی هەڵواسیوە".

سەباح دەڵێت کچەکەی زۆر هەست ناسک بووە و بە زۆر شت تووڕە دەبوو "بەڵام پێموانیە کەس خاوەری ڕەنجاندبێت، من هیچ هۆکارێکم بەخەیاڵدا نایەت و نازانم بۆچی وای بەسەر خۆی هێناوە". هەر لەبەر ئەوەش دەڵێت داوامان لەدژی کەس نییە و کەسیش بە تۆمەتبار نازانین.

چیمەن ڕەفیق، بەرپرسی لقی کۆیەی یەکێتی ژنانی کوردستان دەڵێت: "لە دوای ڕووداوەکە بۆ بەدواداچوون و بۆ پرسە و سەرەخۆشی چووینە ماڵی خاوەر و لە نزیکەوە دایکی و کەسوکارەکەیم بینی، باسیان کرد کە پێش ڕووداوەکە نان و میوەی خواردووە و پاشماوەکانی بەجێماوە، لەوە نەچووە هیچ کێشەی هەبووبێت، ئەوەی لەپڕ بەخەیاڵدا هاتووە و هیچ کێشەیەک لەنێوان خۆیان و کەسی تر لە دەرەوەی خێزانەکەیان ڕووینەداوە".

چیمەن گوتیشی: "دوای پرسەکە هەواڵم پرسینەوە، گوتیان خاوەر تازە لە نەخۆشیی مانگانەی ژنانە چاک بووەتەوە. سووڕی مانگانە زۆر کاریگەری لەسەر دەروونی ژنان هەیە، پێویستە هەموو کەس ئاگاداری ئەوە بن. لەبەرئەوەی نیشانەکانی سووڕی مانگانەی هەبووە و تازە چاک بووەتەوە، ڕەنگە کاریگەریی ئەو حاڵەتە دەروونیەی لەسەر مابێ".

ستار سەعدوون، بەڕێوەبەری بەشی کارگێڕیی پزیشکی دادوەری لە نەخۆشخانەی گشتیی کۆیە، لەبارەی ڕووداوەکە ڕایگەیاند: "لە نزیک کاژێر چواری بەرەبەیان تەرمی کچێک گەیەندرایە بەشەکەمان، لەبەرئەوەی تا یەکلابوونەوەی هۆکاری ڕووداوەکان هەموو ڕووداوێک گوماناویە، ئەو ڕووداوەش بەهەمان شێوە بوو، تەرمەکەیمان بۆ پەیمانگای پزیشکی دادوەریی هەولێر نارد بۆ دەستکەوتنی زانیاریی زیاتر ، تەرمەکە شوێنی حەبل بەملیەوە دیار بوو".

هەر لەوبارەوە رائید دانا حاجی لێپرسراوی نووسینگەی کۆیەی پۆلیسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان گوتی: "پۆلیس ڕێکارەکانی خۆی گرتووەتەبەر و دواتر دادوەر دۆسیەکەی گواستەوە بۆ لای ئێمە".

گوتیشی: "ئەو کچە بەدەستی خۆی و لە ماڵی خۆیان لە ژوورێکدا کە خۆراکی تێدا هەڵگیراوە، تەنەکە ڕۆنێکی بەکارتۆنەوە ناوەتە ژێرپێی خۆی و خۆی بە حەبل هەڵواسیوە".

دانا حاجی دەڵێت لەبەرئەوەی ڕووداوەکە خۆخنکاندنە و بەدەستی خۆی بووە و کەسی تۆمەتبار نەکردووە پێش ڕووداوەکە، فەرمانی گرتن بۆ کەس دەرنەچووە و کەسیش دەستگیرنەکراوە. بەڵام تا ئێستا لەبەرئەوەی ڕووداوەکە تازەیە، وتەی کەسوکاری وەرنەگیراوە و هۆکاری خۆکوشتنەکەی نەزانراوە.



## کەسوکارەکەی دەڵێن بەهۆی دەرنەچوونی بووە لە تاقیکردنەوەی خولی دووەم

# کچێکی 20 ساڵان لە ژاراوە خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**رووداو- قەڵادزە**

کچە خوێندکارێکی پۆلی 12ی وێژەیی لە ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەزای پشدەر، پاش وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم لەناو ماڵی خۆیاندا ئاگر لە خۆی بەردەدات.

ڕۆژی پێنجشەممە، 12ی ئەیلولی 2019 کچە خوێندکارێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی (ف.×.و)، دانیشتووی ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەزای پشدەر لە ماڵی خۆیاندا سووتا. (ف) قوتابی خوێندنی ئێواران بوو لە ئامادەیی ئارامی ئێواران.

(ب) کە برای ئەو کچە خوێندکارەیە، دەڵێت خوشکەکەی لەبەرئەوەی دوو ساڵ لە خوێندنی ڕۆژ دەرنەچوو، لە قوتابخانەی ئێواران درێژەی بەخوێندن دەدا "بەڵام لە ئێوارانیش دوو ساڵ بوو لە زمانی ئینگلیزی و وانەیەکی دیکە لاواز بوو، لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ سەرکەوتوو نەدەبوو، زۆر خەفەتی بەوە دەخوارد".

ئەو برایەی (ف) باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوویدا و دەڵێت: "نمرەی باشی هەبوو لە وانەکانی دیکە، کۆنمرەکەی 80 بوو، بەڵام کێشەی لە وانەی زمانی ئینگلیزیی بوو کە بەردەوام لێی دەترسا و لەکۆتاییشدا شکستی هێنا".

(ف) دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە و نزیکەی 12 ڕۆژ پاش وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی، نەوتی بردبووە بەشی پشتەوەی ماڵەوەیان و خۆی سووتاند.

ئەو کچە لە نەخۆشخانەی قەڵادزەوە بەڕێکراوە بۆ سلێمانی. برای (ف) دەڵێت: "خوشکەکەم ئێستا تەندروستی بەرەو باشی دەڕوات، ئێمە و ئەویش سکاڵامان لەدژی کەس نییە، چونکە بەهۆی دەرنەچوونی بووە لە خوێندن، لە نەخۆشخانە بەردەوام پەشیمانی دەردەبڕێت و دەڵێت دوعام بۆ بکەن و خۆزگە ئەو کارەم نەدەکرد".

(ئە) یەکێ لە خوشکەکانی ئەو کچە خوێندکارەیە و بەچاوی پڕ لە گریانەوە باسی خوشکەکەی دەکات و دەڵێت: "(ف) کچێکی ژیر و زیرەک بوو، نەماندەزانی بە شکستی لە خوێندن ئەو کارەساتە بەسەر خۆی دەهێنێ، هیچ بە ڕەنگ و ڕوخسار و کردار و گوفتارییەوە دیار نەبوو کە خۆی بسووتێنێ، خوشکەکەم زۆر حەزی لە قانون بوو، دەیگوت دەبێ ببمە پارێزەر. ئەگەر ڕۆژێک وانەی قوتابخانەی نەبووایە کتێبی دیکەی دەخوێندەوە و دەیگوت مرۆڤ نابێت لە کتێب داببڕێ، (ف) لەوانە نەبوو خۆی ئەشکەنجە بدات، یان هەڕەشەی خۆسووتاندن بکات".

یەکێک لە دراوسێکانی ماڵی ئەو کچە خوێندکارە کە نەیویست ناوی بڵاوبێتەوە، دەڵێت (ف) لە دەرەوە تەنیا چەند هاوڕێیەکی هەبوو، زۆر تێکەڵی خەڵک نەدەبوو، زۆر وریا و زیرەک بوو، لە ماڵەوە و لە دەرەوە زۆر بێکێشە بوو، لە ماڵەوەش بەگشتی زۆر تەبابوون و کەس نەیزانیوە کێشەیان هەبووبێت.

هەر لەوبارەوە مامۆستا ئاوات مەحموود، بەڕێوەبەری ئامادەیی ئارامی ئێواران لە ناحیەی ژاراوە دەڵێت: "(ف) یەکێک لە خوێندکارە وریاکانی ئامادەییەکەمان بوو، زۆر بێکێشە بوو، پێمنوانەبوو ئەمساڵ بمێنێتەوە".

ئەو بەڕێوەبەرە بێئاگایی خۆی نیشاندا لەوەی کە ئەو خوێندکارەیان لەسەر دەرنەچوونی لە تاقیکردنەوە خۆی سووتاندبێت و گوتی: "نازانم لەبەرچی خۆی سووتاندووە، تەنیا بە تەلەفۆن هەواڵپرسیمان لە کەسوکاری کردووە و هیوای چاکبوونەوەمان بۆ خواستووە".

مامۆستا ئاوات دەڵێت بە تەنیا لە ئامادەییەکەی ئێمە خوێندکاران لاواز نین لە وانەی بیرکاری و زمانی ئینگلیزی، بەگشتی لە زۆر شوێنی دیکەش خوێندکاران کێشەی ئەو وانانەیان هەیە.

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بە گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ، بەڵام هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەو ڕووداوە نەدا.

عوسمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی کارگێڕی لە نەخۆشخانەی گشتیی شەهیدانی نوێی قەڵادزە لەبارەی ڕووداوەکە گوتی: "سەرلەئێوارەی ڕۆژی 2019/9/12 کچێکی دانیشتووی ناحیەی ژاراوە لەلایەن کەسوکارییەوە گەیێندرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە، دوای چارەسەری سەرەتایی دەرکەوت بە نەوت خۆی سووتاندووە، 90%ی جەستەی تەنیا لەسەر پێستیەوە سووتابوو، برینەکەی قووڵ نەبوو، ئومێدی چاکبوونەوەی لێدەکرا و دواتر بەڕێمانکرد بۆ سلێمانی".



ڕووداو
ژمارە (570) - دووشەممە 2019/9/16



## لە گوندێکی شێخان پیاوێک هاوژینەکەی و پیاوێکی دیکە دەکوژێت

**ڕووداو ـ دهۆک**

بەهۆی کێشـەیەکی کۆمەڵایەتی لە گوندی موغارای سـەر بە شـارۆچکەی ئەتروش لە قەزای شـێخان، پیاوێک هاوژینەکەی و پیاوێکی دیکە دەکوژێت و تاوەکو ئێسـتاش دەستگیر نەکراوە. موقەدەم هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2019/9/15 پیاوێک بەناوی (ح.س) تەمەن 50 ساڵان کە خەڵکی گوندی موغارایە، هاوژینەکەی خۆی کە تەمەنی 25 ساڵە لە ماڵەوە کوشتووە و دواتریش پیاوێکی دیکەی تەمەن 30 ساڵانی کوشتووە. بەگوێرەی زانیارییەکانی هێمن سلێمان، ئەو پیاوە کرێکار بووە لە یەکێک لە کۆمپانیا نەوتییەکان و ڕووداوەکە لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بووە، گوتیشی: "ناسنامەی بکوژەکە دیارە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە دەستگیربکرێت و پەراوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە".

# باوکی خۆی بە قەناس دەکوژێت



محەممەد حوسێن

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

بەبێ ئـەوەی هۆکارەکـەی دیاربێـت، بـە نیشانشـکێن باوکـی خـۆی دەکوژێـت و بـۆ شـوێنێکی نادیـار ڕادەکات، پۆلیـس تۆمەتبارەکەی دەسـتگیرنەکردووە و کەسـوکاری کوژراوەکـەش هیچ سکاڵایەکیان تۆمار نەکردووە.

محەممـەد، ڕۆژی 8ی ئەیلوولـی 2019 لـە باخەکـەی خۆیـدا لـە گوندەکەیـان لـە سنووری زاخۆی سەر بە پارێـزگای دهۆک، خەریکـی ئاودانـی درەختەکانـی بـوو، کوڕەکەی لە دووریی چەنـد مەترێک بێ ئـەوەی باوکـی ئاگای لێبێت، بە قەناس تەقەی لێکرد و کوشتی.

محەممەد حوسـێن، تەمەن 70 ساڵ، هەر لەوێدا و دەستبەجێ گیانی دەرچووبوو.

عەمیـد سـەعدی عومـەر، بەڕێوەبـەری پۆلیسـی قـەزای زاخـۆ لەبـارەی ڕووداوەکە ڕایگەیاند "دوای ئەوەی لە ڕووداوێکی کوشـتن لـە گونـدی خێلەخێی سـەر بە قـەزای زاخۆ ئاگادارکراینـەوە ، هێزەکانی پۆلیس چوون بۆ گوندەکە و تەرمەکەیان بۆ پشـکنین ڕەوانەی نەخۆشخانەی زاخۆ کرد."

عەمید سـەعدی گوتی: "دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو پیاوە لەلایەن کوڕەکەی خۆیەوە کـوژراوە، تاوانبارەکـە لە شـوێنی ڕووداوەکە ڕایکردووە و تا ئێستا نەمانتوانیوە دەستگیری بکەین."

دەربارەی هۆکاری کوشتنی ئەو پیرەمێردە، عەمید سەعدی گوتی: "بەهۆی پرسە تا ئێستا کەسـوکاری کـوژراو نەهاتوون ئیفـادە بدەن، تاوانبارەکـەش وڵاتینامـەی ئەڵمانـی هەیـە، نازانین هۆکاری کوژرانی ئەو پیاوە چییە، ناوی بکوژەکەمـان داوەتە هەمـوو فڕۆکەخانەکان و پۆلیسـی شـارەکان، دەزانیـن تـا ئێسـتا لە کوردسـتانە، بـە زووتریـن کات دەسـتگیری دەکەین".

بـەڕۆژ زاخۆیـی، برازای محەممەد، باسـی کێشەی نێوان مامی و ئامۆزاکەی بۆ (ڕووداو) کـرد و گوتی: "ماوەی چەند سـاڵێکە کێشـە کەوتووەتە نێـوان مامم و ئامۆزاکەم، هۆکاری ئەو کێشەیەش ئامۆزاکەم بوو".

بەڕۆژ دەڵێت: " ئامۆزاکەم تەمەنی 37 ساڵە و خاوەنـی پێنج منداڵـە، هاوژینەکەی لەگەڵ خـۆی بـۆ ئەڵمانیا نەبـرد، خۆی مـاوە ماوە دەهاتەوە زاخۆ، مانگێک لە لای هاوژینەکەی و منداڵەکانی دەمایەوە و دەگەڕایەوە ئەڵمانیا".

وەک بەڕۆژ باسی دەکات، سێ ساڵ بەر لە ئێسـتا ئامۆزاکەی لە دەرەوە هاتووەتەوە ، بە باوکی گوتووە ژنەکەم تەڵاق دەدەم، باوکیشی زۆر تووڕە بووە و نەیهێشـتووە تەڵاقی بدات. کێشەی ئەو باوک و کوڕە لەوکاتەوە بەردەوامە.

وەک بەڕۆژ دەڵێت، محەممەد بە کوڕەکەی گوتبوو گەر دەتەوێت ژنێکی دیکە لە ئەڵمانیا بهێنیت بیهێنـە، بەڵام نابێت دایکی ئەو پێنج منداڵـە تـەڵاق بدەی، خـۆت لێـرە نیت کێ ئاگاداری ئەو منداڵانە دەبێت؟ ئەو ئافرەتە هیچ گوناهێکی نییە و هیـچ هەڵەیەکی بەرامبەرت نەکردووە، بۆ کوێ بچێت بە پێنج منداڵەوە؟

بە گوتەی بەڕۆژ، ئامۆزاکەی ئەو قسـانەی باوکی بەدڵ نەبووە و هەر پێداگربووە لەسـەر تەڵاقدانـی ژنەکەی. سـاڵی 2017 بێ ئەوەی باوکی و کەسـوکاری ئاگاداربن تەڵاقنامەی بۆ ناردووە.

کاتێـک محەممـەد بەوە دەزانێـت، زۆر لە کوڕەکـەی تووڕە دەبێت، بـەڵام کوڕەکەی لە تەڵاقدانی ژنەکەی پاشگەز نابێتەوە.

بەڕۆژ گوتیشی: "دوای ساڵێک ئامۆزاکەم لە دادگا لە هاوژینەکەی جیابووەوە، مامیشـم بۆ ئەوەی منداڵەکان و دایکیان بێ شـوێن نەبن، خانوویەکی بۆ گرتن بۆ ئەوەی ئاگاداریان بێت و پێویستیان بە هیچ کەسێک نەبێت".

وەک بـە ڕۆژ باسـی دەکات، دوای ئەوەی ئامۆزاکەی ژنەکەی تەڵاقـداوە، چووەتەوە بۆ ئەڵمانیا و دوای مانگێک هاتووەتەوە، لە زاخۆ دەسـتی بە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو کـردووە، بەڵام نێوانی لەگەڵ باوکی باش نەبوو.

بـەڕۆژ باسـی هەڵسـوکەوتی ئامۆزاکـەی دەکات و دەڵێـت: "زۆر گۆڕابوو، چەندین جار مامـم ئاگاداری کەسـوکاری خۆی کردەوە کە کوڕەکەی چەکی پێیە، باوکم و چەند کەسێکی خزممان چەکەکەیان لـە ئامۆزاکەم وەرگرت، ئەوەش ئامۆزاکەمی زیاتر تووڕە کردبوو".

بـەڕۆژ دەربـارەی سـاتی کوژرانـی مامی بەدەسـتی کوڕەکـەی دەڵێـت: "مامـم سـەرلەبەیانی ئـەو ڕۆژەی کوژرا ڕۆیشـتبوو بۆ گوندەکەمـان، هەفتەی دوو جار یان زیاتر دەچوو باخەکەی ئاو بدات، نیوەڕۆ ئامۆزاکەم چووبـووە ماڵـەوە نانی نیـوەڕۆی خواردبوو، پرسـیاری باوکی کردبوو ئەوانیش گوتبوویان لە گوندە".

هـەر دوای ئـەوە دەچێتـە گوندەکە و بێ ئەوەی هیچ قسـەیەک لەگەڵ باوکی بکات بە چەکێکی قەناس گولـلەیەک لە باوکی دەدات و دەیکوژێ.

# بە بەرچاوی خێزانەکەیەوە خۆی کوشت



**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – کەرکووک**

پێش ئـەوەی خۆی بکـوژێ، داوای لە باوکی کردبـوو بۆی بچێتـە خوازبێنیی ئـەو کچەی کە خۆشیدەویسـت، بەڵام باوکـی ڕازی نەبوو. بۆیە بە بەرچـاوی ئەندامانی خێزانەکەیەوە دەمانچەی دەرهێنـا و گوللەیەکی لەخۆی دا و دەمودەسـت گیانی دەرچوو.

شەوی 2019/9/6، گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی محەممەد سەرکەوت، دانیشتووی گەڕەکی فەیلـەق لە کەرکـووک، بە بەرچـاوی ئەندامانی خێزانەکەیەوە خۆی کوشـت. محەممەد شاگردی چایخانەیەک بوو لە شەقامی پزیشکانی کەرکووک.

موقـەدەم زەید عـادل، بەڕێوەبـەری بنکەی پۆلیسـی عەرەفـە بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد کە هـۆکاری خۆکوشـتنی ئـەو گەنجـە بۆ ئـەوان ڕوون نەبووەتـەوە، چونکە هێشـتا ئیفادەیان لە کەسوکاری وەرنەگرتووە. پۆلیس تەنیا پرسیاری چەکەکەیـان کـردووە، خێزانەکەیشـی دەڵێن نە ئەوان و نە محەممەدیش پێشتر چەکیان نەبووە، بۆیە نازانن ئەو چەکەی لە کوێ دەستکەوتووە.

(ڕووداو) پەیوەنـدی بـە بـاوک و بـرای محەممەدەوە کرد، بەڵام مۆبایلەکانیان داخرابوو. بـە گوتەی کەسـێکی نزیک لەو خێزانـە، ئەوان نایانـەوێ کەس بـە ڕووداوەکە بزانـێ، تەنانەت پرسەشیان بۆ دانەناوە.

(ئـە.ن) هاوڕێی محەممەد دەڵێت: "محەممەد چەنـد هاوڕێیەکی کەمی هەبوو، وازی لە خوێندن هێنابوو، لە چایخانەیەک کاری دەکرد و کەسێکی تا بڵێی بێ کێشە بوو".

(ئـە) دەڵێـت بەمدواییە تێبینییـان کردبوو هەڵسـوکەوتی هاوڕێکەیـان گـۆڕاوە، بـەردەوام دەمبەخەنـدە بوو، لە جـاران زیاتر کاری دەکرد. ئـەوان دەیانزانـی کـە محەممـەد کەوتووەتـە پەیوەندیـی خۆشەویسـتییەوە، بـەڵام هیچی بۆ هاوڕێکانی باس نەکردبوو.

دڵخۆشییەکەی محەممەد بەمدواییە گۆڕابوو، بـەردەوام نیگـەران دەردەکـەوت. (ئـە) دەڵێت ڕۆژێک محەممەدم بینـی بە تووڕەییەوە لە ماڵی خۆیـان هاتە دەرەوە و بەپەلە ڕۆیشـت، نەمزانی چییەتی، ئەوەندە خێرا بوو فریای نەکەوتم".

محەممەد خالید هاوڕێیەکی دیکەی محەممەدە و ئاگاداری بەشـێک لە ژیانی بووە. ئەو دەڵێت: "مـاوەی جەند مانگێک بوو لـە دوکانێکی نزیک چایخانەکـەی محەممەد ئیشـم دەکـرد، زوو زوو لەلای ئەو چام دەخواردەوە، لەو ڕێگەیەوە بووین بە هاوڕێی نزیکی یەکدی".

شـەوێک محەممەد دڵی خۆی بـۆ هاوڕێکەی دەکاتـەوە. محەممـەد خالیـد دەڵێت: "باسـی خۆشەویستی و هاوسـەرگیریمان کرد. محەممەد گوتی من کچێکم خۆشدەوێ، خۆشەویستییەکەش ڕاستەقینەیە، هێندە متمانەمان بە یەکدی هەیە، تەنانەت پاسوۆردی فەیسبووکمان لەلای یەکدییە. بەنیـازم بە خێزانەکەم بڵێم خوازبێنی ئەو کچەم بۆ بکەن".

محەممـەد خالیـد واز لـە کارەکـەی دێنێ و ئیدی ئاگاشـی لـە هاوڕێکـەی نامێنـێ تاوەکو شەوی 2019/9/6 هەواڵی خۆکوشتنی محەممەد دەبیستێ "سەرەتا باوەڕم نەکرد، گوتم محەممەد شـتی وا ناکات، ئەو بەتەمای هاوسـەرگیری بوو لەگەڵ خۆشەویستەکەی".

ئەو دەڵێت "محەممەد داوای لە باوکی کردبوو خوازبێنی ئەو کچەی بۆ بکەن، بەڵام باوکی ڕازی نەبوو، بۆیە خۆی کوشت".

(ئە) قەت لەو باوەڕەدا نەبووە محەممەد خۆی بکوژێ و دەڵێت سـەعاتێک پێـش ئەوەی خۆی بکوژێ، لەگەڵ هاوڕێیەکی چووبوو بۆ بازاڕ مۆبایل بکڕێ.

(ئـە) گوێی لە دەنگی ئەو فیشـەکە بووە کە گیانی لە محەممەد سـەند و دەڵێت: "لەبەردەرگا وەستابووم. یەکێک لە دراوسێکانمان هاتە دەرەوە و گوتـم: ئـەو دەنگەدەنگە چییە لـە ماڵی کاک سەرکەوت؟ ئەویش گوتی: محەممەد زۆر تووڕەیە و هـەر هاوار بەسـەر دایـک و باوکیـدا دەکات. ئێمە لەو قسـانەدا بوویـن، دەنگی تەقە لە ماڵی محەممـەد هـات، بـە پەلـە چووینـە ژوورەوە و بینیمان محەممەد خۆی کوشتووە".

(ئـە) لـە ماڵی محەممەد بووە تـا ئەوکاتەی پۆلیس گەیشـتووەتە ئەوێ. کاتێـک لە باوک و براکەیان پرسیوە ئەو کوڕە بۆچی خۆی کوشتووە؟ ئەوان گوتوویانە: کچێکی خۆشدەویسـت، چەند جارێک داوای کـرد بچینە خوازبێنی، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین، بۆیە خۆی کوشت.

# بە 45 هەزار دۆلار لەدەست باندێکی تورکی ڕزگاریان بوو



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دوو هاووڵاتیـی کـوردی دانیشـتووی هەرێمـی کوردستان لە ئیستەنبوڵ فێڵیان لێدەکرێت و ماوەی 5 ڕۆژ دەستبەسـەر دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن. یەکێکیان دەڵـێ ئەوانە بەناوی کۆمپانیا خۆیان بە ئێمە ناساند، بەڵام مافیا دەرچوون.

دژوار محەممەد حوسێن کە ماوەی چەند ساڵێکە وەک نوێنـەری کۆمپانیایەکـی ئیماراتی لە هەرێمی کوردسـتان کاردەکات، بـە (ڕووداو)ی گـوت: "من نوێنـەری کۆمپانیـای گڵۆبال سـفەیر (GLOBAL SPHERE)م کـە کۆمپانیایەکـی ئیماراتییـە و لە هەموو جیهانـدا کاری تەمویلکردنی پڕۆژە دەکات، بەکاری کۆمپانیاکـەم چووم بۆ تورکیا، بەڵام لەوێ کەوتمە داوی باندێک".

کۆمپانیاکـەی دژوار بانگێشـتنامەیەکیان لـە کۆمپانیایەکی تورکی پێدەگات بۆ ڕێککەوتن لەسەر پڕۆژەیەک کە بریتی بووە لە دروستکردنی بورجێک لە تورکیا، خاوەنی کۆمپانیاکە دژوار دەستنیشـان دەکات بۆ ئەوەی بە نوێنەرایەتی کۆمپانیاکەی بچێتە تورکیا و لەوێ گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکە بکات.

دژوار دەڵێـت: "ڕۆژی 2019/8/23 چـووم بـۆ ئیسـتانبوڵ. لەگەڵ خـاوەن و چەنـد کارمەندێکی کۆمپانیـا تورکییەکە کۆبوومەوە. داوام لێکردن ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە پێشتر قسەمان لەسەر کردبوو بیهێنـن، بەڵام ئـەوان گوتیان جـارێ ئامادە نییە، منیش گوتم کە ئامادەتان کرد دووبارە کۆدەبینەوە، کۆمپانیاکـە ئێمەیـان بـرد بـۆ هۆتێلێـک و لەوێ مایەنەوە".

دژوار چیرۆکی دەستبەسەرکردنیان دەگێڕێتەوە و دەڵێـت: "دوای دوو ڕۆژ کۆبوونـەوەی دووەمـم لەگەڵ کۆمپانیاکە کرد، ئەوان نووسراوێکیان خستە بەردەمـم و گوتیان ئـەوە ڕێککەوتنەکەیە و واژۆی بکە، نووسـراوەکەم خوێندەوە بینیم نووسرابوو کە دەبـێ من یـەک ملیۆن دۆلاریـان بدەمێ بەبێ هیچ بەرامبەرێـک، منیش زانیم ئەوە ڕێککەوتننامە نییە و دەیانەوێت قۆڵم ببڕن، گوتم من داوای ڕێککەوتن لەسـەر پڕۆژەکـەم کردووە نەک پارەی پێشـەکی، ئەوان گوتیان ئەوە ڕێککەوتنەکەیە و دەبێت واژۆی بکەی و لە ماوەی پێنج ڕۆژ پارەکەش بدەی، ئەگەرنا بۆت نییە لە تورکیا دەربچی، منیش واژۆم نەکرد".

دژوار و هاوڕێیەکەی دەستبەسـەر دەکرێن. ئەو دەڵێ: "تێگەیشتم ئەوانە مافیان نەک کۆمپانیا، بۆیە واژۆم لەسـەر نووسـراوەکە نەکرد و کۆبوونەوەکەم بەجێهێشـت، لەگـەڵ هاوڕێیەکەم بە نـاوی عومەر عادل بە ئۆتۆمبێلێک گەڕاینەوە بۆ هوتێل، لە ڕێگا پێشـیان پێگرتین و من و عومەریان دەستبەسـەر کرد، بردیانین بۆ ئەو هوتێلەی لێی دەماینەوە، لەوێ زانیم ئـەو هۆتێلەش هەر هی خۆیانـە، لە ژوورێک بەندیـان کردیـن و زۆر ئازاریان دایـن، گوتیان هەر دەبێت واژۆ لەسـەر نووسـراوەکە بکەی، بەڵام هەر ڕازی نەبووم".

دژوار گوتیشـی: "دواتر ئێمەیان گواسـتەوە بۆ شـوقەیەکی بچووک لە شوێنێکی چۆڵ. بە نزیکەی 20 کەس لێیاندایـن، جارێک هەوڵماندا ڕابکەین، بەڵام شـوێنەکە چۆڵ بوو دەرفەتی دەربازبوونمان نەبوو، ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ شوقەکە".

بەگوتـەی دژوار، باندەکە خەڵکی کوردیشـیان لەگـەڵ بـووە: "ئەو بانـدە یەکێک بوو لـە گەورە مافیاکانـی تورکیـا و هەموویـان تورکـن، بـەڵام یەکێکیـان لەگەڵ بوو بەناوی (س.ف) کە کوردە و خەڵکی هەولێر بوو. هەر ئەویش هەموو زانیارییەکی لەسـەر من دابـوو بە باندەکە و بە فێـڵ و بەناوی کۆمپانیـا منیـان برد بـۆ تورکیـا، لەوکاتەش کە ئێمەیان دەستبەسەر کردبوو، ئەویش لێیدەداین".

دژوار دەڵێت: "دوای ئەوەی باندەکە بێهیوا بوون لـەوەی نووسـراوەکە واژۆ بکەم، پاسـپۆرتەکەیان لێسەندم، من 20 هەزار دۆلارم پێبوو، دوو هاوڕێشم توانییان 25 هەزار دۆلاری دیکە پەیدا بکەن و بە 45 هەزار دۆلار ئێمەیان لەژێر دەستی ئەوان دەرهێنا".

دژوار بە جەسـتەیەکی بریـندارەوە دەگەڕێتەوە هەولێـر و دەڵـێ: "درەنگانـی شـەوی 2019/9/1 لەڕێگـەی فڕۆکەخانـەی هەولێـرەوە گەڕامـەوە کوردسـتان، زانیاریم هەبوو کـە (س.ف) دوو ڕۆژ پێش من لەگـەڵ ئافرەتێکی مەغریبی بەناوی (ن) گەڕابوونەوە هەولێر، بۆیە لە هەولێر چووم بۆ دادگا و ویستم سکاڵا تۆمار بکەم، بەڵام لێیان وەرنەگرتم، گوتیان تۆ خەڵکی سلێمانیت و دەبێت لەوێ سکاڵاکە تۆمار بکەی، لەکاتێکدا تۆمەتبارەکە لە هەولێر بوو".

بەڵام لە سلێمانیش سکاڵاکەی دژوار وەرناگیرێ. ئـەو گوتی: "چـووم بـۆ دادگای سـلێمانی، بەڵام ئەوانیـش لێیانوەرنەگرتـم و گوتیـان ڕووداوەکە لە تورکیا بووە، بۆیە دەبێت لەوێ سکاڵا تۆمار بکەی، بـەڵام من لـە تورکیا ڕفێنراوم و ئەشـکەنجەدراوم، چـۆن دەتوانـم ئەمجـارەش بچمەوە؟ پێم سـەیرە یەکێک لە تۆمەتبارەکان لە کوردستان بێت و بڵێن بڕۆ لە تورکیا سکاڵا تۆمار بکە".

بەگوتـەی دژوار (س.ف) کاری فێڵبازییـە لـە تورکیا: "ئێستا زانیاریم لەسەر (س) کۆکردووەتەوە، ئەو خەڵکی هەولێرە و لە تورکیا دادەنیشـێ، لەوێ خانوویەکی بەکرێ گرتبوو، بەڵام تاپۆی خانووەکەی سـاختە کـردووە و گوتوویەتی هـی خۆمە، لەیەک کاتـدا بە پێنج کەسـی فرۆشـتووە کـە یەکێکیان کوردە و نـاوی مەروانە. (س.ف) کوڕێکی خەڵکی سلێمانیشـی بەناوی (ئە) لەگەڵـە و لەگەڵ چەند ئافرەتێکی مەغریبی خەریکی کاری سـاختەکاری و فێڵبازین".

# کێشەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە هەولێر چارەسەر دەکرێن

**کار لە پڕۆژەکانی دەشتی بەهەشت، کانی ئەڵمانی و کۆیە ستی دەستپێدەکاتەوە**

شکار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

لەماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا کارکردن لە سێ پڕۆژەی گەورەی وەبەرهێنان لە هەولێر دەستپێدەکاتەوە کە زیاتر لە سێ هەزار کەس تێیدا زەرەرمەندبوونە. بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان دەڵێ:" فەرمانی دەستگیرکردن بۆ خاوەنی پڕۆژەکان دەرچووە".

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "پێشتر شەش پڕۆژەی وەبەرهێنان لە هەولێر کێشەی زۆریان تێدابوو، وەبەرهێنەرەکانیان مافی خەڵکیان خوارد و پڕۆژەکانیشیان تەواو نەکرد، لە ماوەی رابردوودا کێشەی پڕۆژەکانی فلۆریا ستی، مەموزین و زێڕین چارەسەرکران، ئێستا لەو پڕۆژانە دەست بەکارکردن کراوەتەوە".

لەبارەی پڕۆژەکانی دەشتی بەهەشت، کانی ئەڵمانی و کۆیەستی کە پڕۆژەی گەورەن، سامان عارەب دەڵێ: "ئەو پڕۆژانە 100% کێشەیان تێدابوو، مافی زیاتر لە 3 هەزار کەسی تێدا خورابوو، بەڵام لەبەرئەوەی پڕۆژەی گەورە بوون، هیچ وەبەرهێنەرێک ئامادە نەبوو وەریانبگرێت، بۆیە ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان بڕیاریدا ئاسانکاری و ئیمتیازات بدات بەو وەبەرهێنەرانەی پڕۆژەکان تەواو دەکەن، کە پێدانی زەوی بۆ پڕۆژەی دیکە، فراوانکردنی پڕۆژەکە و تەملیککردنی بەشێک لە پێکهاتەی پڕۆژەکە لەخۆدەگرێ، بۆیە وەبەرهێنەر ئامادەن بۆ تەواوکردنی هەرسێ پڕۆژەکە".

بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوودا دەست بە کارکردن لە هەرسێ پڕۆژەکەدا بکرێتەوە. بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە هەولێر گوتی: "بۆ پڕۆژەی دەشتی بەهەشت کە دوو هەزار و 300 یەکەی نیشتەجێبوونە، حکومەت رەزامەندی داوە ئەو وەبەرهێنەرەی پڕۆژەکە تەواو بکات، پڕۆژەیەکی دیکەی پێدەدرێت، پێنج وەبەرهێنەر داواکارییان پێشکەش کردووە، پڕۆژەی کانی ئەڵمانیش کە 320 یەکەیە، پڕۆژەکە فراوان دەکرێ و شوقەی زیاتر دەدرێت بە وەبەرهێنەرەکە، دوو وەبەرهێنەریش ئامادەییان نیشانداوە تەواوی بکەن، بۆ کۆیەستیش کە 410 یەکەی نیشتەجێبوونە، وەبەرهێنەرێک ئامادەیە پڕۆژەکە تەواو بکات".

**نزیکەی 120 پڕۆژە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە هەڵوەشاونەتەوە و بەشێکیان دەدرێن بە وەبەرهێنەری دیکە**
گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران

سامان عارەب گوتیشی: "ئێمە لە 2019/8/26 ئاگادارییەکمان بڵاوکردەوە و ماوەی 15 رۆژمان دا بەو وەبەرهێنەرانەی دەیانەوێت ئەو پڕۆژانە تەواو بکەن، لە 2019/9/9ـ ئەو وادەیە تەواو بوو، ئێستا ئێمە هەڵسەنگاندن بۆ وەبەرهێنەرەکان دەکەین و باشترینیان دەستنیشان دەکەین و پێشبینی دەکەم لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا دەستبەکار ببن".

لەبارە ئەو وەبەرهێنەرانەش کە سکاڵا لەدژیان تۆمارکراوە، سامان عارەب دەڵێ: "خاوەنی هەرسێ پڕۆژەی دەشتی بەهەشت، کانی ئەڵمانی، کۆیەستی دۆسیەکانیان لە دادگایە، بەڵام وەبەرهێنەرەکانیان هەڵاتوون بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، نووسراومان بۆ لایەنە ئەمنی و دادوەرییەکانی عێراق کردووە کە دەستگیریان بکەن، بەگشتی ئێستا لە هەولێر 15 وەبەرهێنەر دۆسیەکانیان لە دادگایە".

گوتیشی: "جگە لەوانە 13 وەبەرهێنەری دیکە کە پابەندنەبوون بە نرخی خزمەتگوزارییەکان، لە داواکاری گشتی داوای یاساییمان لەدژیان تۆمار کردووە، بەشێک لەوانە دۆسییەکانیان لە دادگای تێهەڵچوونەوەیە و بەشێکیشیان لە دادگای تەمیزە، هەروەها داواکاری گشتی خۆی چەند کەیسێکی دیکەی جوڵاندووە لە دژی خاوەنی پڕۆژەی دریم ستی و سیپا ستی و چەند پڕۆژەیەکی دیکە و دەستەی دەستپاکیش لێکۆڵینەوە لە چەند پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان دەکات".

بەپێی ئامارەکانی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان نزیکەی 120 پڕۆژە هەڵوەشێنراونەتەوە. مەلا یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 120 پڕۆژە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە هەڵوەشاونەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە و لە ماوەیەکی نزیکدا بەشێکی زۆر لەو پڕۆژانە دەدرێن بە وەبەرهێنەری دیکە و دەست بە پڕۆژەکان دەکەنەوە".

**هەندێ وەبەرهێنەر زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلاری خەڵکیان بردووە و هەڵاتوون**

**دۆسیەی زیاتر لە 30 وەبەرهێنەر لە دادگای هەولێرە**

مەلا یاسین مەحموود گوتیشی: "لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەو کێشەیەمان هەیە، بەشێک لەو وەبەرهێنەرانە زیاتر لە 100 ملیۆن دۆلاری خەڵکیان بردووە و هەڵاتوون بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و وڵاتانی دیکە، بەشێک لەوانە لە وڵاتانی دەرەوە ڤێلایان هەیە و لەسەر قووتی خەڵک ژیانێکی باش بەسەردەبەن، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بکات بۆ دەستگیرکردنی ئەو وەبەرهێنەرانە و رادەستکردنەوەیان تاوەکو دادگایی بکرێن".

لەکاتی قەیرانی دارایی بەشێک لە وەبەرهێنەرانی کورد چوون بۆ تورکیا و ئێران و لەوێ دەستیان بە کاری وەبەرهێنان کرد. یاسین مەحموود دەڵێ: "لەکاتی قەیرانی دارایی بەشێک لە وەبەرهێنەرەکان هەرێمی کوردستانیان بەجێهێشت و چوون بۆ تورکیا و ئێران، ئەوان دۆلاریان بردبوو، بەڵام بەهۆی پاشەکشەی ئابووریی ئەو دوو وڵاتە زەرەرمەندبوون، ئەوانەی لە ئێران دەستیان بە وەبەرهێنان کرد نزیکەی 80%ی سەرمایەکانیان لەدەستدا، ئەوانەی چووشن بۆ تورکیا نزیکەی50%ی سەرمایەکانیان لەدەستداوە، ئەمەش ئەو وەبەرهێنەرانەی ناچار کردووە دووبارە بگەڕێنەوە و لە هەرێمی کوردستان دەست بە وەبەرهێنان بکەنەوە".

# دارایی پارە ناداتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

شکار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

بریکاری وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن رایدەگەیەنێت، وەزارەتی دارایی دەستی بەسەر ئەو پارەیەدا گرتووە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون رەزامەندی لەسەر داوە و بڕیار لەسەر خەرجکردنی نادات، بەمەش وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی لەبەردەم هاووڵاتیان تووشی ئیحراجی کردووە.

ساڵی 2011 پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە حەوتی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ کەمدەرامەتان دەرکرد، بڕیار بوو ساڵانە 250 ملیار دینار بۆ دروستکردنی پێنج هەزار یەکەی نیشتەجێبوون تەرخان بکرێ و لەماوەی دوو ساڵدا تەواو بکرێن، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی نەتوانرا تەواویان بکەن. بە گوتەی بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنیش ئێستا وەزارەتی دارایی بەهۆی خەرجنەکردنی پارەی هەندێک پڕۆژە رێگرە لە تەواوکردنی پڕۆژەکان و دابەشکردنیان بەسەر فەرمانبەر و خەڵکی کەمدەرامەتدا.

ئاگرین عەبدوڵڵا، بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بۆ کاروباری نیشتەجێکردن بە (رووداو)ی راگەیاند: "حکومەت چوار پڕۆژەی نیشتەجێکردنی بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین و فەرمانبەران لە شارەکانی هەولێر، قەڵادزێ، سۆران و هەڵەبجە هەبوو، لە ساڵی 2012 بڕیاری دروستکردنیان درا و دەبوو لە ماوەی دوو ساڵدا تەواو بکرێن، ئەو پڕۆژانە شوقەکانیان تەواو بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش نەتوانرا خزمەتگوزاری سەرەکی پڕۆژەکان وەک ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و شەقامە ناوخۆییەکانی تەواو بکرێن".

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن گوتیشی: "خۆشبەختانە نزیکەی شەش مانگ پێش ئێستا بە هەوڵ و گوشارێکی زۆر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر خەرجکردنی دوو ملیار و 300 ملیۆن دیناردا بۆ تەواوکردنی خزمەتگوزاریی ئەو پڕۆژانە، بەڵام تاوەکو ئێستا دووجار لەلایەن وەزارەتی داراییەوە خەرجکردنی راگیراوە، بەبیانووی ئەوەی کە حیسابەکانیان یەکدەخەنەوە".

**بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە:**
**وەزارەتی دارایی ئێمەی لەبەردەم هاونیشتمانیان ئیحراج کردووە**

بەڵێندەرەکان هەڕەشەی راگرتنی کارەکانیان لە پڕۆژەکان دەکەن. ئاگرین عەبدوڵلا دەڵێ: "ئێمە بە واژۆی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن نووسراومان کردووە بۆ وەزارەتی دارایی، بەڵام تاوەکو ئێستا کێشەکەیان بۆ چارەسەر نەکردووین و وەڵامیان نادەنەوە، ئێستا بەڵێندەرەکان دەڵێن ئێمە کارەکانمان رادەگرین ئەگەر ئەو پارانەمان نەدەنێ، ئێمە تووشی ئیحراجی بووین لەبەردەم رای گشتی و هاونیشتمانیاندا، بۆیە ئەگەر ئەو پارانەمان بۆ خەرج نەکرێت ناتوانین ئەو بەرنامەیەی دامانابوو بۆ تەواوکردنی خزمەتگوزاریی پڕۆژەکان کە بڕیار بوو لە چەند مانگی داهاتوو تەواویان بکەین و شوقەکان دابەش بکەین بەسەر خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشیندا".

بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئاماژە بە وردەکاری ئەو پڕۆژانە دەکات و دەڵێ: "396 شوقەی هەولێر کە لە بنەسڵاوەیە 19 ملیار و 600 ملیۆن دیناری تێدەچێت، بۆ دروستکردنی شوقەکان 17 ملیار و 600 ملیۆن دینار و خزمەتگوزارییەکەشی بایی دوو ملیار دینارە، قەڵادزێ کە 84 شوقەیە، سۆران 144 شوقە و 72 شوقەش لە هەڵەبجەن، تێچووی 696 شوقەکە 39 ملیار دینارە، تێچووی خزمەتگوزاریی ئەو پڕۆژانەش نزیکەی 5 ملیار دینارە و پێشتر هەندێک پارەی تێدا خەرجکراوە و ئەو دوو ملیار و 300 ملیۆن دینارە لەو 5 ملیار دینارەیە کە بۆ خزمەتگوزاریی پڕۆژەکان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی خەرجکردنی ئەو پارەی راگرتووە، هەموو رۆژێ بەرپرسی حیساباتی دارایی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن دەنێرین بۆ وەزارەتی دارایی، بەڵام ئامادەنین کێشەکە چارەسەر بکەن و لەو ئیحراجییە رزگارمان بکەن".

بەپێی یاسای ژمارە 7ی پەرلەمانی کوردستان، دەبوو 9 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی هەژار دروست بکرێ، بەڵام بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەڵێ: "5 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارکردن تێیاندا وەستاوە، لەو چوار هەزار یەکەیەی دیکەش تەنیا 612 یەکە لە سلێمانی دابەشکراوە و دوو هەزار و 676 یەکە لە سلێمانی تەواو نەکراون، لە هەولێریش هەزار و 776 یەکە و لە دهۆکیش دوو هەزار و 440 یەکە بۆ دروستکردن دانراون، تێچووی تەواوکردنی هەموویان 200 ملیۆن دینارە و هەوڵدەدەین لەماوەی ئەو چوار ساڵەی کابینەی نوێیەمدا تەواویان بکەین، ئەگەر پارەیان بۆ خەرج بکرێت".

لەبارەی سوودمەندانی ئەو پڕۆژانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنیش، ئاگرین عەبدوڵلا گوتی: "یەکەکان بەسەر هاونیشتمانیانی کەمدەرامەت و کرێنشێن و فەرمانبەراندا دابەشدەکرێن، نیوەی بۆ کرێنشین و کەمدەرامەتان دەبێت و نیوەکەی دیکەش بۆ فەرمانبەرانە، بەپێی یاسا و رێنماییەکان ئەو هاونیشتمانیانە دەتوانن سوودمەندبن کە دانیشتووی پارێزگاکەن، خێزاندار و کەمدەرامەتن، لە پێشینەی خانووبەرە و یەکەی وەبەرهێنانیش سوودمەند نەبووبن، هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوونی بەناو نەبێت، حکومەت بەبێ پێشەکی یەکەکانیان پێدەدات و پارەکە بە ماوەی 25 ساڵ دەدەنەوە بە حکومەت".

(رووداو) پەیوەندی بە وەزارەتی داراییەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوون لەو بارەوە هیچ زانیارییەک بدەن.

# ئۆتۆمبێلی کۆن بە قاچاخ هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن

شکار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

سەرەڕای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریداوە ئۆتۆمبێلی مۆدێل نزم و لێدراو هاوردە نەکرێن، بەڵام چەند بەرپرسێکی پلەبەرزی ئەو وەزارەتە تۆمەتبار دەکرێن کە ئۆتۆمبێلی قەدەخەکراویان هاوردەی هەرێمی کوردستان کردووە. پەرلەمانتارێکی کوردستان دەڵێت بە بەڵگەوە وەزارەتی ناوخۆیان ئاگادارکردووەتەوە.

**بەرپرسی پلە باڵای وەزارەتی ناوخۆ لەپشتی ئەو کارەن**
پەرلەمانتارێکی کوردستان

## "رۆژانە هاوردەدەکرێن"

لە مانگی حەوتی 2019، وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریداوە ئۆتۆمبێلی مۆدێل خوار 2017 و لێدراو و بنئاوکەوتوو و کۆن هاوردە نەکرێن. بەڵام بەپێی بەدواداچوونی چەند ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، "رۆژانە و بەشێوەیەکی نایاسایی ئۆتۆمبێلی کۆن هاوردە دەکرێن". دابان محەممەد، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند: "لەدوای بڕیارەکەوە، رۆژانە ئەو ئۆتۆمبێلانە لەڕێگەی دەروازەی سنووری باشماخ و پەروێزخانەوە، بەدەر لە یاسا و رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ و دەروازە سنوورییەکان، هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن". ئەو پەرلەمانتارە دەشڵێ: "بەڵگەی تەواومان لەبەردەستە کە چەند بەرپرسێکی پلە باڵای وەزارەتی ناوخۆ لەو کارەوە گلاون. بە واژۆی ئەوان لە دەروازە سنوورییەکان بە نایاسایی ئۆتۆمبێل هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن. هەر خۆشیان مامەڵەی ئۆتۆمبێلەکان دەکەن و تابلۆیان بۆ وەردەگرن، کە زیاتر بریتین لە ئۆتۆمبێلی جۆری مارسیدس، تۆیۆیا (لاندگرۆزەر). بەتایبەتی ئەوانەی پێیاندەگوترێت مۆنیکا و لێگزسی مۆدێل 2006 و 2007، ئێستاش لەنێو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان مامەڵەیان پێوە دەکرێت".

## "واژۆیەک بە 6 هەزار دۆلارە"

ئەندامەکەی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان دەشڵێ: "زانیاریمان هەیە کە رێگەپێدان بەناوی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی بێ سەرەتا دەکرێت. ئۆتۆمبێلەکەش وجودی نییە و واژۆی لەسەر دەکرێت و دواتر ئەو واژۆیە بە 5 بۆ 6 هەزار دۆلار دەفرۆشرێتەوە. ئینجا مامەڵەی ئۆتۆمبێلی دیکەی بێ سەرەتای پێ تۆمار دەکرێت. واتە واژۆکە بەو پارەیە دەفرۆشرێتەوە".

لەبارەی تێوەگلانی بەرپرسانی دەروازە سنوورییەکانیش لەو مامەڵە نایاساییانەدا، دابان محەممەد دەڵێ: "نازانم ئەوانیش دەستیان تێکەڵکردووە لەگەڵ ئەو گرووپە مافیاییانە یان نا، بەڵام ئەگەر لەگەڵیشیان نەبن، بەبەرچاوی ئەوانەوە دەکرێت و بەناچاری دەبێت رێگە بە هاوردەکردنیان بدەن".

بەگوتەی ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان "لیژنەیەک لە پەرلەمان سەردانی وەزارەتی ناوخۆیان کردووە، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتەکەیان لەو مامەڵە نایاساییە و چەند شتێکی دیکەش ئاگادار کردووەتەوە. لە قۆناغی یەکەمدا داوامان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بکەن و بەزووترین کات ئەم مامەڵە نایاساییە رابگرن. ئەگەرنا دۆسیەکە دەجوڵێنین و دەیخەینە بەردەستی دەستەی دەستپاکی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە".

**هیچ ئۆتۆمبێلێک بە گومرگەکاندا نەهێنراوە**
گومرگی هەرێمی کوردستان

## گومرگ: پابەندین بە بڕیاری وەزارەتەوە

د. سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە رۆژی 2019/7/1ـەوە وەزارەتی ناوخۆ بە رێنمایی بڕیاری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی سنووردار کردووە. هەر ئۆتۆمبێلێکیش بەدەر لە رێنماییەکان هاوردە بکرێ، لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێ. چونکە لە دەرەوەی یاسا و رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆیە و پێویستە لەڕێگەی گومرگەکانەوە بەدواداچوون و چاودێریی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بکرێ". ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستانیش بە (رووداو)ی راگەیاند: "بە هیچ شێوەیەک لەڕێگەی گومرگەکانەوە ئۆتۆمبێل بەشێوەی نایاسایی هاوردە نەکراوە. گومرگەکان بەتەواوی پابەندن بەو نووسراوانەی کە خۆمان بۆیان دەکەین و بەپێی یاسا و رێنماییەکان و رەزامەندیی ئێمە دەکرێت".

لەبارەی هاوردەکردنی ئەو ئۆتۆمبێلە نایاساییانەش بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان دەڵێ: "سنوورێکی بەرفراوان هەیە کە ئەو ئۆتۆمبێلانەی لێوەدێت یان بەشێوەیەکی نهێنی لەنێو کاڵای دیکە دەشاردرێتەوە و داخیلی هەرێمی کوردستان دەکرێ".

**"نرخی واژۆیەک 6 هەزار دۆلارە"**

**دەسەڵاتی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانمان نییە**
بەغدا

## بەغداش کێشەی هەیە

لە عێراقیش ئەم بارزگانییە نایاساییە دەکرێ. عەلائەدین قەیسی، گوتەبێژی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند: "هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بەشێوەی نایاسایی لە دەوازە سنوورییەکان و بەنداوەکان، بەتایبەت بەنداوی ئوم قەسری باکوور و باشوور هەیە، کە لەنێو کۆنتێنەردا بەناوی کاڵای ناوماڵ و جلوبەرگ و کارەبایی هاوردە دەکرێ، بەڵام کە پشکنینیان بۆ دەکەین، ئۆتۆمبێلیش لەنێو بارەکاندا شاردراونەتەوە".

لەبارەی ئاماری ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەشێوەیەکی نایاسایی هاوردەکراون و دەستیان بەسەردا گیراوە، گوتەبێژی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق گوتی: "مانگانە دوو سێ کاروان دەستیان بەسەردا دەگیرێ. مانگ هەبووە دەستمان بەسەر 24 ئۆتۆمبێلدا گرتووە کە بازرگان و خەڵکی دیکەش دەیکەن، بەڵام هەموو هەوڵەکانمان پووچەڵ کردۆتەوە". سەبارەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی مۆدێل کۆن بەشێوەیەکی نایاساییش لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، عەلائەدین قەیسی دەڵێ: "ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستاندا ناشکێت و نازانین لەوێش بەهەمان شێوە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بەشێوەیەکی نایاسایی هەیە یان نا".



## بۆ دابەزاندنی کۆلیسترۆڵ و کێشی لەش

# ڕۆژانە چوار دەنک بادەم بخۆ

**ڕووداو- برایت ساید**

بادەم بە یەکێک لە باشترین جۆرەکانی چەرەس دادەنرێت، بەوپێیەی بە ڤیتامینەکان و کانزا گرنگەکان دەوڵەمەندە. ماڵپەڕی پزیشکیی برایت ساید باسی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەسەر جەستەدا دێن ئەگەر بێت و ڕۆژانە چوار دانە بادەم بخۆیت:

### - کۆلیسترۆڵی جەستە کەمدەکاتەوە:

نیشانەکانی بەرزیی کۆلیسترۆڵی زیانبەخش لەخوێندا بریتین لە کۆبوونەوەی پەڵەی سپی لە پێڵووی چاوەکان، ئازاری قاچ و زوو سپیبوونی موو. بادەم یەکێکە لەو پێنج خۆراکە بەسوودانەی کە ئاستی کۆلیسترۆڵی زیانبەخش لە جەستەدا دادەبەزێنن، پزیشکان دەڵێن بۆ ئەو کەسانەی ئاستی کۆلیسترۆڵی زیانبەخشیان ئێجگار بەرزە، دەتوانن ڕۆژانە 10-20 دانە بادەم بخۆن.

### - وەڕینی قژ کەمدەکاتەوە:

خۆراک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تەندروست هێشتنەوەی قژ، زۆرجار وەڕین و تەنکبوونی قژ هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی ڤیتامینەکان لە جەستەدا، بادەم بەهۆی دەوڵەمەندی بە ڤیتامینەکان بەگشتی و ڤیتامین B بەتایبەتی، یارمەتی گەشەی خێرای قژ دەدات و وەرینیشی کەمدەکاتەوە.

### - دۆستی دڵە:

بادەم دژە ئۆکسینەکان، چەورییە سوودبەخشەکان، مەگنیسیۆم و مسی تێدایە، بەمەش یارمەتی تەندروست هێشتنەوەی دڵ و لوولەکانی خوێن دەدات.

### - ناهێڵێ پێست پیر بێت:

بادەم ڕێگە لە چرچولۆچبوونی پێست دەگرێت، چونکە مەنگەنیزی تێدایە کە یارمەتی دروستبوونی کۆلاجین دەدات، هەروەها ڤیتامین Eیشی تێدایە کە ڕێگە لە زوو پیربوونی پێست دەگرێت.

### - کێش دادەبەزێنێ:

توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو کەسانەی دەیانەوێت کێشی جەستەیان دابەزێنن، دەتوانن بادەم وەک سووکە ژەم بخۆن، چونکە بادەم زیندەکردارەکانی جەستە چالاک دەکات و پرۆسەی هەرسکردنیش خێرا دەکات.

# چوار ڕێگا بۆ نەهێشتنی بۆنی دەم



**ڕووداو- وێب مێد**

بەشێکی زۆری خەڵکی بەدەست بۆنی ناخۆشی نێودەمەوە دەناڵێنن کە چەندین هۆکاری هەیە، لەوانە: بایەخنەدان بە پاکڕاگرتنی دەم و ددان، یاخود گرفتەکانی کۆئەندامی هەناسە و هەرس.

بەم چوار ڕێگایە بۆنی ناخۆشی نێودەم کەم دەبێتەوە:

### 1 پاکڕاگرتنی دەم و ددان:

کۆبوونەوەی خۆراک لەسەر ددانەکان کە دواتر دەبێتە هۆی دروستبوونی کلس، یەکێکە لە هۆکارەکانی بۆنی ناخۆشی نێودەم، پزیشکانی پسپۆڕی ددان ڕێنمایی دەدەن ڕۆژانە لانیکەم دوو جار دەم و ددان بشۆردرێت، بەڵام شێوازی شۆردنیشی زۆر گرنگە و دەبێت کاتی شۆردنی ددان لە دوو خولەک کەمتر نەبێت و لەگەڵیدا زمانیش بشۆرێ.

### 2 غەرغەرەی دەم:

یەکێکی دیکە لە ڕێگەکانی نەهێشتنی بۆنی دەم ئەوەیە غەرغەرەی دەم بکەی. دەتوانی بە هەندێک ماددەی پاککەرەوەی دەم و ددان ئەو کارە بکەی کە لە دەرمانخانەکان بەردەستن، یاخود بە ئاو و خوێ، ئەم کارە بەکتریا زیانبەخشەکانی نێو دەم ناهێڵێ کە هۆکاری بۆنی ناخۆشی نێو دەمن.

### 3 خۆراک:

دەبێت لە خواردنی ئەو خۆراکانەی دەبنە هۆی بەخشینی بۆنێکی ناخۆش بە دەم دووربیت، وەکو پیاز و سیر، چونکە تەنانەت شۆردنی ددانیش نابێتە هۆی لەنێوچوونی بۆنەکەی، ماددەکانی نێو ئەم دوو خۆراکە لە ڕێگەی خوێنەوە دەچنە سییەکان، بۆیە لە جیاتی ئەوە ئەو خۆراکانە بخۆن کە بۆنی دەم خۆش دەکەن وەک: چای سەوز، گێلاس، کاڵەک و ماست.

### 4 وازهێنان لە جگەرە:

جگەرەکێشان جگە لەوەی دەبێتە هۆی زەرد هەڵگەڕانی ددانەکان، لە هەمانکاتدا هۆکارێکی دیاری بۆنی ناخۆشی دەمیشە، بۆیە باشتر وایە واز لە تووتن بهێنیت ئەگەر بەدەست بۆنی ناخۆشی دەمەوە دەناڵێنی.

# نیشانەکانی تەمبەڵبوونی ڕژێنی دەرەقی



**ڕووداو- برایت ساید**

ڕژێنی پەریزادە (ڕژێنی دەرەقی) بەرپرسە لە دروستکردنی ئەو هۆڕمۆنانەی کە پەیوەندییان بە زیندەچالاکییەکانی جەستە، پلەی گەرمی و لێدانی دڵەوە هەیە، ئەمانە بەشێکی ئەو نیشانانەن کە دەرخەری گرفتن لە ڕژێنی دەرەقیدا:

### - هەستکردن بە ماندووبوون:

سەرچاوەی دروستکردنی وزەی جەستە، پشت بە هۆڕمۆنەکانی ڕژێنی دەرەقی دەبەستێ، کاتێک ئەم هۆڕمۆنانە لە جەستەدا کەمدەبنەوە، هەست بە بێهێزی و ماندووبوون دەکەی، بۆیە ئەوانەی بەردەوام هەست بە ماندووبوون دەکەن بەبێ هیچ هۆکارێک، دەبێت سەردانی پزیشک بکەن بۆ ئەوەی دڵنیابنەوە لەوەی ڕژێنی پەریزادەیان تەمبەڵ نەبووە.

### - گۆڕانکاری لە لێدانی دڵ:

بەشێوەیەکی ئاسایی لێدانی دڵ لە نێوان 60-100 لێدانە لە خولەکێکدا، ئەو کەسانەی ڕژێنی دەرەقییان تەمبەڵە، لێدانی دڵیان 10-20 لێدان کەمتر دەبێت لە باری ئاسایی، ئەوانەشی بەپێچەوانەوە ڕژێنی دەرەقییان زۆر چالاکە، هەست بە دڵەکوتێ دەکەن، چونکە لێدانی دڵیان زیاد دەبێت.

### - گۆڕانی کێشی جەستە:

گۆڕانی کێشی جەستە لە زیادبوون یان کەمبوون بەبێ هیچ هۆکارێکی ئاشکرا، یەکێکە لە نیشانە بڵاوەکانی نەخۆشیی ڕژێنی دەرەقی، لەکاتی کەمچالاکیی ڕژێنەکە کێشی جەستە زیاد دەکات، لە کاتی زۆر چالاکیی ڕژێنەکەش بەبێ پەیڕەوکردنی هیچ ڕژیمێکی دیاریکراو کێشی جەستە کەمدەکات.

### - وشکبوونی پێست:

زۆرجار لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا وشکبوونی پێست و قژ ڕوودەدات، بەڵام ئەو کەسانەی پێستیان وشکە و خورشتی هەیە، دەبێت سەردانی پزیشک بکەن، چونکە ڕەنگە ڕژێنی دەرەقییان تەمبەڵ بووبێ.



# چ کاتێک ددانی ژێری دەردەهێنری؟

**ڕووداو- وێب مێد**

ددانی ژێری، مانای ئەوە ناگەیێنێت کە کەسێک ژیر و دانایە تەنیا بەهۆی ئەوەی لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن، واتە لە تەمەنی سەرووی 18 ساڵ، ئەم ددانە دەردێت. ئەم ددانانە لە دواوەی هەموو ددانەکانن و دوو دانەیان لە شەویلاگی سەرەوە و دوو دانەشیان لە شەویلاگی خوارەوە دەردەکەون، بەمشێوەیەش سێتی تەواوی ددانەکان دەبێتە 32 ددان.

توێژینەوەکان دەریانخستووە بەهۆی گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان، لەوانەیە زۆر کەس ددانی ژیریيان نەبێت، دەرکەوتنی ئەم ددانانە زۆرجار گرفتیان بەدواوەیە، چونکە لەوانەیە بەشێوەیەکی نارێک دەربکەون، ئەمەش لەوانەیە زیان بە تەندروستیی دەم و ددان بگەیێنێت، بەڵام پرسیارە باوەکەی خەڵکی ئەوەیە، ئایا پێویست دەکات ددانی ژێری دەربهێنرێت؟ پزیشکانی پسپۆڕی ددان دەڵێن ئەگەر ددانەکە هیچ گرفتێک دروستنەکات، پێویست بە دەرهێنانی ناکات، بەڵام لەم حاڵەتانەدا باشترە دەربهێنرێت:

- **ئەگەر ددانەکان لەژێر پووک مابوونەوە و دەرنەکەوتن، چونکە بەمشێوەیە هۆکارن بۆ دروستبوونی کیس.**
- **نیوەی ددانەکە دەرکەوتووە و ناتوانرێت بە تەواوی پاکبکرێتەوە و ئەمەش هۆکارە بۆ کۆبوونەوەی بەکتریا و دواتر هەوکردنی بەدوادا دێت.**
- **هەستکردن بە ئازار لە شوێنی دەرهاتنی ددانەکە.**
- **هەوکردن لە دەوروبەری ددانەکە.**
- **هەوکردنی پووک.**
- **بوونی گرفت لە ددانەکانی تەنیشت ددانی ژێری.**

لەکاتی سەردانی نۆڕینگەی پسپۆڕی ددان، پزیشکی ددان داوای وێنەیەکی تیشکی دەکات بۆ ئەوەی شوێنی ددانەکە و شێوەکەی بزانێت، دواتر بەپێی ئاڵۆزییەکە بڕیار دەدات دەریبهێنێ یان نا.

# زۆر خواردنی شەکر چی لە جەستە دەکات؟

**ڕووداو- برایت ساید**

زۆربەی خەڵکی حەزیان لە خواردنی شیرینییە، ئەم حەزە زیاتر لە نێو خانمان و منداڵاندا بەربڵاوە و زۆربەی جاریش کۆنترۆڵ ناکرێ، زۆر لەو خۆراکانەی ڕۆژانە دەیانخۆین شەکریان تێدایە، زۆر خواردنی شەکر وا لە مرۆڤ دەکەن بەردەوام هەست بەم نیشانانە بکات:

### - برسێتیی بەردەوام:

کاتێک کەسێک بەردەوام شیرینی دەخوات، ئاستی شەکر لە خوێنیدا بەرز دەبێتەوە، بەمەش شەکرێکی کەمتر بۆ خانەکانی جەستە دەچێت، شەکر سەرچاوەی وزەیە بۆ خانەکانی جەستە، کاتێکیش ئەو شەکرەیان پێنەگات، ئەوا خانەکان بەردەوام داوای خۆراک دەکەن بۆ ئەوەی وزەیان دەستکەوێت.

### - زۆر میزکردن:

بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکر لە خوێندا، شلەکان لەلایەن گورچیلەکانەوە نامژرێن، لەو حاڵەتەدا جەستە هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان ئاستی شەکر لە خوێن و خانەکاندا ڕابگرێ، بۆیە ئەو کەسانەی شیرینی زۆر دەخۆن زوو زوو میز دەکەن.

### - هەوکردنی میزەڕۆ:

هەوکردنی میزەڕۆ لەنێو خانمان و پیاواندا باوە، بەڵام دەرکەوتووە لەنێو خانماندا، بەتایبەت ئەوانەی ئاستی شەکری خوێنیان بەرزە و شەکرەیان هەیە، بەربڵاوترە، شەکر ژینگەیەکی گونجاو بۆ زیندەوەرە زیانبەخشەکان دروستدەکات. ئەو کەسانەی شەکر زۆر دەخۆن، زۆرتر تووشی هەوکردن دەبن.

### - وشکبوونەوەی پێست:

زۆر خواردنی شەکر بە چەند ڕێگەیەک دەبێتە هۆی وشکبوونەوەی پێست. ئەوانەی زۆر شەکر دەخۆن زوو زوو میز دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی وشکبوونەوەی جەستە و سەرئەنجام وشکبوونەوەی پێست. هەروەها زیان بە دەمارەکان دەگات کە ئەوانیش کاردەکەنە سەر ئارەقە ڕژێنەکان و بەمەش وشکبوونەوەی پێستی لێدەکەوێتەوە.



# سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دوای



"لادانی بۆڵتن ڕێ بۆ دانیشتنی ترەمپ و سەرۆککۆماری ئێران خۆشدەکات"

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو جۆن بۆڵتن، دوای 17 مانگماڵئاوایی لە پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی کرد. تا ئێستا دیار نییە بۆڵتن خۆی وازی لە پۆستەکە هێناوە، یان دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ئەوی دوورخستووەتەوە، ئەوەی دیارە ئەوەیە لایەنگرێکی سەرسەختی دەستتێوەردان و ڕێگەچارەی سەربازی لە کۆشکی سپی دوورکەوتەوە.

## چۆن لە پۆستەکەی نەما؟

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، ترەمپ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ بۆڵتن کردبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بۆڵتن پێشنیازی وازهێنانی کردبوو، ترەمپ داوای کردبوو ڕۆژی دواتر قسەی لەسەر بکەن، بەڵام ئەوە دوایین جار بوو بۆڵتن چاوی بە سەرۆک بکەوێ.

ڕۆژی سێشەممە بۆڵتن لە نامەیەکی دوو دێڕیدا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی بە ترەمپ ڕاگەیاند: "لەڕێگەی ئەم نووسراوەوە دەست لەکار دەکێشمەوە، لە ئێستاشەوە کاری پێدەکرێ". سەرۆکی ئەمریکا نەیهێشت بگاتە نیوەڕۆ و وەک زۆربەی جارەکان لە ڕێگەی تویتەرەوە ڕایگەیاند "من لەگەڵ زۆر لە پێشنیازەکانی ئەودا ناکۆک بووم، ئەندامانی دیکەی ئیدارەکەش بە هەمانشێوە. بۆیە داوای دەستکێشانەوەم لە جۆن کرد".

بۆڵتن هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە دەیزانی لەبارەی زۆر پرسەوە لەگەڵ سەرۆکەکەیدا هاوڕا نین، بۆیەش لە مانگی ئایاری ئەمساڵ بە گۆڤاری (نیویۆرکەر)ی ئەمریکی گوتبوو: "سەرۆک بۆچوونی من لەبارەی هەموو کێشەکان دەزانێ، چونکە ئەو منی لەسەر تەلەفزیۆنی فۆکس نیوز بینیبوو. بەڵام کاتێک دێیە نێو حکومەتەوە، بۆت دەردەکەوێ ناکرێ هەموو ئەو شتانە بکەی کە دەتەوێ".

## ماوەی دەسەڵاتی بۆڵتن و ڕۆژی دوای دەرکردنی

بەشێک لە کێشەکەی نێوان ترەمپ و ڕاوێژکارە تەمەن 70 ساڵەکەی کێشەی تاکەکەسی بوون و پەیوەندییان بە دزەپێکردنی زانیاری بۆ میدیا هەبووە. بەرپرسانی ئەمریکی بۆ (واشنتن پۆست) یان ئاشکرا کردووە کە کاربەدەستانی کۆشکی سپی لای ترەمپ گازندەیان کردووە لەوەی بۆڵتن زانیاریی کۆبوونەوەکانی وەک چەکێک بەکارهێناوە، نموونەی ئەوەش زانیارییەکانی تایبەت بە دانوستاندنەکانی نێوان ئەمریکا و تاڵیبان بووە.

بۆڵتن لەگەڵ دانوستاندن و ڕێککەوتن لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان نەبوو، ئەو پێیوابوو ئەمریکا دەتوانێ ژمارەی هێزەکانی بۆ نۆ هەزار سەرباز کەم بکاتەوە، بێ ئەوەی لەگەڵ تاڵیبان ڕێکبکەوێ. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، مایک پۆمپیۆ و هاوپەیمانەکانی لە ئیدارەی ئەمریکی بۆڵتنیان خستبووە پەراوێزی ئەو هەوڵەوە کە نۆ دانیشتنی نێوان ئەمریکا و تاڵیبان لە دەوحەی قەتەری لە خۆگرتبوو.

چارەسەری کێشەی ئەفغانستان، ڕێککەوتن لەگەڵ تاڵیبان و دواجاریش کێشانەوەی 14 هەزار سەربازی ئەمریکی لەو وڵاتە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ بوو. سەرۆکی ئەمریکا لەو هەوڵەیدا هەتا ئەو شوێنەش چوو کە بیرۆکەی کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی تاڵیبان لە کەمپ دەیڤید بخاتەڕوو.

کۆریای باکوور خاڵێکی دیکەی ناکۆکیی نێوان ترەمپ و بۆڵتن بوو. دۆناڵد ترەمپ یەکەم سەرۆکی ئەمریکایە کە بێ هیچ پێشمەرجێک ئامادەی دانوستاندن لەگەڵ هاوتا کۆرییەکەی خۆی کیم جۆنگ ئون بوو. بەڵام بۆڵتن لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەردەوام جەختی لەوە کردووەتەوە کە کۆریای باکوور لە ژێر هیچ گوشار و لە بەرامبەر هیچ گەرەنتییەک دەست لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی هەڵناگرێ. لە سەرەتای 2018 لە وتارێکدا لە (وۆڵ ستریت جورناڵ) داوای لێدانی پیۆنگیانگی کردبوو.

دوو گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان ترەمپ و کیم جۆنگ ئون شکستیان هێنا، بەڵام ئەوە سەرکەوتن نەبوو بۆ بۆڵتن. دیپلۆماتێکی ئەوروپی کە بۆڵتن لە نزیکەوە دەناسێ، بە (نیویۆرکەر) دەڵێ: "کێشەی بۆڵتن ئەوەیە کە ترەمپ جەنگی ناوێ"، لە کاتێکدا لە ناو کۆمارییەکاندا کەم کەس هەیە هێندەی بۆڵتن بڕوای بەوە هەبێ هێزی سەربازی وەک ئامرازێکی سەرەکی لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە بەکاربێت.

مانگێک دوای دەستبەکاربوونی بۆڵتن، دۆناڵد ترەمپ کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران ڕاگەیاند. بۆڵتن چەندە بایەخ بە

# ئیسرائیل بە ئامێری سیخوڕی چاودێریی تر



**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی دوو ساڵ کۆمەڵێک ئامێری سیخوڕی بەسەر مۆبایلەوە لە نزیک کۆشکی سپی و لە شوێنە هەستیارەکانی واشنتن دی سی جێگیرکراون، بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا پەنجەی تۆمەت بۆ ئیسرائیل درێژ دەکەن. بە گوتەی بەرپرسانی پێشووی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا، ئامێرەکان بۆ سیخوڕی بووە بەسەر سەرۆکی ئەمریکاوە، بەڵام کۆشکی سپی هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەر ئیسرائیل نەنواندووە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (پۆلیتیکۆ)ی ئەمریکی، ئامێرەکان کە بە "ستینگ ڕەیز" ناسراون، ئاماژەی هەڵخەڵەتێنەر بۆ مۆبایلەکان دەنێرن و لەو ڕێگایەوە شوێنی مۆبایلەکە و ناوەڕۆکی پەیوەندییەکان و داتاکانی وەردەگرن. یەکێک لەو سێ سەرچاوەیەی قسەیان بۆ گۆڤارەکە کردووە، دەڵێ: "ئەگەری زۆرە ئەو ئامێرە بۆ سیخوڕی بەسەر سەرۆک دۆناڵد ترەمپ و ڕاوێژکارە باڵاکانیەوە دانرابێ"، بەڵام دیار نییە ئاخۆ هەوڵەکەی ئیسرائیل سەرکەوتوو بووە یان نا.

ترەمپ بەوە بەناوبانگە کە تەلەفۆنی "نەپارێزراو" بۆ پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانی بەکاردەهێنێ. ڕێک ساڵێک لەمەوبەر، ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ئاشکرای کرد کە "سیخوڕە چینییەکان گوێ لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی ترەمپ دەگرن". سەرۆکی ئەمریکا ڕاپۆرتەکەی ڕەتکردەوە.

بەرپرسێکی باڵای پێشووی هەواڵگریی ئەمریکا:

## زۆر ڕوون دیارە کە ئیسرائیلییەکان بەرپرسیارن لەو هەوڵە

لە ئایاری 2018، وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا کۆمەڵێک ئامێری سیخوڕی لە واشنتن دۆزیبووەوە، بێ ئەوەی بزانن ئەو ئامێرانە هی کام وڵاتن، بۆیەش وردەکارییەکانیان بۆ ئاژانسە ئەمنی و هەواڵگرییە پەیوەندیدارەکان ناردبوو. بە گوتەی سێ بەرپرسەکە، ئێف بی ئای لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا جەختی لەوە کردبووەوە کە ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن ئیسرائیل لە پشت دانانی ئەو ئامێرانە بێت.

سەرچاوەکانی گۆڤارەکە پێشتر لە پۆستی باڵای هەواڵگری و ئەمنیی ئەمریکادا کاریان کردووە. یەکێکیان دەڵێ ئێف بی ئای سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەکانی دەکرد، ئامانجیش ئەوە بوو شتێکی کەمیان دەستبکەوێ لەبارەی مێژووی ئامێرەکان، ئەو شوێنەی پارچەکانی ئامێرەکەی لێ دروستکراوە، تەمەنی هەرکام لە ئامێرەکان و ئەو وڵاتەی کە خاوەنی ئەو جۆرە ئامێرەیە.

بەرپرسێکی باڵای پێشووی هەواڵگریی ئەمریکا دەڵێ: "زۆر ڕوون دیارە کە ئیسرائیلییەکان بەرپرسیارن لەو هەوڵە".

ئیلاد شتومایەر، گوتەبێژی باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە ئەمریکا، ڕەتیدەکاتەوە ئامێریان دانابێ و دەڵێ: "ئەم تۆمەتانە قسەی پووچن. ئیسرائیل کاری سیخوڕی لەناو ئەمریکا ناکات". کاربەدەستانی پێشووی هەواڵگریی ئەمریکا ئەو لێدوانە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن ئیسرائیلییەکان لە کۆبوونەوە داخراوەکانیشدا هەمان شتیان بە هاوتا ئەمریکییەکانی خۆیان گوتووە.

یەکێک لە بەرپرسانی پێشووی هەواڵگریی ئەمریکا دەڵێ، دوای لێکۆڵینەوەکانی ئێف بی ئای و دەرکەوتنی ئەوەی کە ئیسرائیل لە پشت ئەو هەوڵەوە بووە، ئیدارەی ترەمپ هیچ هەوڵێکی بۆ "تەمبێکردن"ی ئیسرائیلییەکان نەدا و تەنانەت لە کۆبوونەوە تایبەتەکانیش ڕەخنەی لە حکومەتی ئیسرائیل نەگرت.

بەرپرسێکی باڵای پێشووی ئیدارەی ترەمپ بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە، مەترسیی سیخوڕی تەنیا لەسەر بەرپرسانی باڵا نییە، بەڵکو لەسەر ئەوکەسانەشە کە ئەو بەرپرسانە پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵیان هەیە. ترەمپ پەیوەندیی نزیک و بەردەوامی لەگەڵ ڕودی جولیانی پارێزەری و شان هەنیتی، پێشکەشکاری فۆکس نیوز هەیە. بەرپرسەکە دەڵێ: "کەسانی نێو بازنەی ترەمپ ئامانجی ئەو هێرشە سیخوڕییانەن".

بەرپرسەکانی هەواڵگری و بەرپرسەکەی پێشووی ئیدارەی ترەمپ پێیان سەیر نییە ئیسرائیل دەست بۆ ئەو هەوڵە ببات. یەکێک لە بەرپرسەکان بە (پۆلیتیکۆ) دەڵێ: کاتێک باسەکە دێتە سەر کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری "ئیسرائیلییەکان دەست لە هیچ ناپارێزن. ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیلە و ئەوەی بۆ ئەم ئامانجە پێویست بێ دەیکەن".

پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا لە قۆناغی سەرۆکایەتی باراک ئۆبامادا کز ببوون، ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران و بڕوای ئیدارەی ئۆباما بە چارەسەری دوو دەوڵەتی بۆ کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل دوو لە هۆکارە سەرەکییەکان بوون. بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان تەلەبیب و واشنتن لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپ پەرەی زۆری سەندووە، لەکاتێکدا ترەمپ ئۆرشەلیمی بە پایتەختی ئیسرائیل لەقەڵەم دا، ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانی هەڵوەشاندەوە و سزای سەختی بەسەر تاراندا سەپاند.

دیاردەی سیخوڕی بەسەر بەرپرسانی باڵای حکومەتی ئەمریکاوە لە واشنتن شتێکی نوێ نییە، بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، زۆر نین ئەو وڵاتانەی توانا یان پارەی پێویست بۆ دانانی ئەو ئامێرانەیان هەبێ کە لە نزیک کۆشکی سپی دۆزراونەتەوە، هەر بۆیە پەنجەی تۆمەت بۆ ئیسرائیل درێژ دەکرێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی (ڤایس نیوز)، یەک دانە ئامێری سیخوڕیی ستینگ ڕەیز بە 150 هەزار دۆلارە. یەکێک لە بەرپرسانی پێشووی ئیدارەی ترەمپ دەڵێ: "نرخی ئەو ئامێرە زۆرە. ئەوەی کراوە شتێکی ئاسان نییە و بە هەموو کەسێک ناکرێ".

هەواڵگریی ئیسرائیلی بەردەوام جێی نیگەرانی ئەمریکییەکان بوو، وەک بەرپرسێکی کۆنی ئەمریکی دەڵێ: "هەموو کات ترسی ئەوەم هەبووە کە ئیسرائیلییەکان ئاگایان لە گفتوگۆ نهێنییەکانی ئێمە بێ، گومانی ئەوە هەبوو کە ئەوان خەریکن گوێمان لێدەگرن"، چونکە هاوبەشە ئیسرائیلییەکانیان زانیاریی سەرنجڕاکێشیان لابووە، هەر ئەوەش وایکردووە ئەمریکییەکان پێیانوابێ ئیسرائیل سیخوڕییان بەسەرەوە دەکات.

# برێگزت پەرلەمان و حکومەتی بەریتانیا بەگ




ئۆپۆزیسیۆنی بەریتانیا هۆشداری داوە ئەگەر جۆنسن پابەندی یاسا نەبێ، متمانەی لێ دەستێننەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ململانێی نێوان حکومەتی بەریتانیا و ئۆپۆزیسیۆن لەسەر برێگزت توندتر بووە، لە کاتێکدا تەنیا مانگ و نیوێک بۆ دوا وادەی جێبەجێکردنی برێگزت ماوە. زۆرینەی پەرلەمان دژی بۆچوونی سەرۆکوەزیرانن کە پێیوایە بەریتانیا بێ ڕێککەوتنیش بێ دەبێ لە یەکێتیی ئەوروپا دەربچێ، لە کاتێکدا ڕاپۆرتێکی حکومەت لەبارەی مەترسییەکانی ئەو جۆرە دەرچوونە هۆشداری دەدات.

کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی بۆریس جۆنسن، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا و لیۆ ڤارادکار، سەرۆکوەزیرانی کۆماری ئێرلەندا بێ هیچ ڕێککەوتنێک لەبارەی بەکستۆپ (Backstop) کۆتایی هات، ئەگەر ئەو ناکۆکییە هەتا دوا وادەی ڕێککەوتنی بەریتانیا و یەکێتیی ئەوروپا بەردەوام بێ، ئەوە لەندەن ناتوانێ بێ کێشە لە یەکێتیی ئەوروپا دەربچێ.

بەکستۆپ ڕێکارێکی یاساییە لە نێوان بەریتانیا و یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئەوەی سنوورەکانی نێوان هەردوو ئێرلەندا لە ڕۆژی دوای جێبەجێکردنی برێگزت بە کراوەیی بمێننەوە، ئەو ڕێکارە لە هەمانکاتدا بۆ پاراستنی ڕێککەوتنی ئاشتی بێلفاستە، کە کۆتایی بە سێ دەیە شەڕی خوێناویی نێوان جوداخوازەکان و یەکێتیخوازەکانی ئێرلەندای باکوور هێنا.

هەر لە سەرەتای دانوستاندنەکانی برێگزتەوە، چارەنووسی پەیوەندییە بازرگانی و مرۆییەکانی نێوان هەردوو ئێرلەندا خاڵی سەرەکیی ناکۆکی نێوان بەریتانیا و ئەوروپییەکان بووە. تێرێزا مەی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی بەریتانیا، لەسەر ئەوە لەگەڵ ئەوروپییەکان ڕێککەوتبوو کە کار بە بەکستۆپ بکرێ، ئەو ڕێککەوتنەش هەموو بەریتانیای لە سیستەمی گومرگی یەکێتیی ئەوروپادا دەهێشتەوە.

ڕێککەوتنەکەی مەی لە سێ دانیشتنی پەرلەمانی بەریتانیادا ڕەتکرایەوە. پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆن پێیانوایە دوو بژاردەیان ماوە بۆ ئەوەی بەریتانیا بێ ڕێککەوتن لە ئەوروپا دەرنەچێ. یەکێک لە بژارەکان

# لادانی بۆڵتن

"ئەگەر ترەمپ بیەوێ دەستکەوتی دیپلۆماسی بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردن بەکاربهێنێ، ئەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ژاپۆن و کۆریای باشوور نیگەران دەکات و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش سعودیە و ئیسرائیل"

کۆریای باکوور دەدات ئەوەندەش ئێرانی بەلاوە گرنگە. هاوینی پارساڵ بۆڵتن بە یاریدەدەرەکانی خۆی گوتبوو دەبێ ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا لە سووریا فراوانتر بکرێن و تەنیا لە تێکشکاندنی داعشدا کورت نەکرێنەوە، بەڵکو سنوورێکیش بۆ فراوانخوازیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنرێ.

## بۆڵتن و هەڵوێستی بەرامبەر ئێران

بۆڵتن لەگەڵ لێدانی سەربازی و گۆڕینی ڕژێمە لە تاران، ترەمپ بڕوای بە گوشاری ئابووری و هەوڵی دیپلۆماسیی ژێربەژێرە. بەرپرسێکی باڵای ئێران بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ: "ترەمپ لە ساڵی 2017 هەشت جار داوای کۆبوونەوەی لە حەسەن ڕووحانی سەرۆککۆمار کرد"، بەرپرسێکی ئەمریکی لە ئەفغانستان داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێرانییەکان کردووە و ئێرانییەکانیش لەڕێگەی بازرگانێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە نامەیان بۆ کۆشکی سپی ناردووە.

ئێران خاڵی سەرەکی ناکۆکیی نێوان بۆڵتن و دامەزراوە جیاجیاکانی ئیدارەی ئەمریکا بوو. ترەمپ لە حوزەیرانی ڕابردوودا زۆر نزیک بوو لەوەی هێرشی ئاسمانی بکاتە سەر ئێران، دوای ئەوەی هێزە ئێرانییەکان فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکییان خستە خوارەوە. ترەمپ لە بڕیاری لێدانەکە پاشگەز بووەوە، وەک بەرپرسێکی ئەمریکی دەڵێ "بۆڵتن بەوە وێران بوو".

لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا ئەمریکا ژمارەیەک سزای قورسی بەسەر دامەزراوەکانی وزە و پیشەسازیی ئێراندا سەپاندووە. ئامانج لەو گوشارانە دروستکردنی بێزاری و گوشاری نێوخۆییە لەسەر حکومەتی تاران. بۆڵتن پێیوابوو گوشارەکان دەبێ توندتربن، بەڵام پۆمپیۆ و هاوپەیمانانی ئەمریکا پێیانوابوو سزاکان زۆر لەوە توندترن کە ئەوان دەیانویست. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست)، پۆمپیۆ داوای لە ڕاوێژکارانی خۆی کردبوو هیچ زانیارییەک لەبارەی ئێرانەوە نەدەنە بۆڵتن و تیمەکەی.

سێ کەسی ئاگادار بە تۆڕی میدیایی (بلومبێرگ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە، ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو و پێش دەستلەکارکێشانەوەی بۆڵتن، دەمەقاڵێیەکی توند لە نێوان ترەمپ و بۆڵتندا دروستبووە، کاتێک ترەمپ پێشنیازی کردووە سزاکان لەسەر ئێران سووک بکرێن، ئەوەش وەک ڕێخۆشکردن بۆ دانیشتنی لەگەڵ سەرۆکی ئێران لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیارە لە دوایین هەفتەی ئەم مانگە بکرێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، ترەمپ هەمان ڕۆژ بڕیاری دەرکردنی بۆڵتنی دابوو، ڕۆژی دواتریش هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەی نێوان ترەمپ و حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێران دەستییپێکرد، یەکێک لە بژارەکانیش ئەوەیە ترەمپ بەشداریی کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی نێوان ڕووحانی و ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا بکات.

تۆماس ڕایت، لێکۆڵەر لە پەیمانگای بڕووکینگز، لە ڕاپۆرتێکدا لە گۆڤاری (ئەتلانتیک) پێیوایە ئەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ترەمپ خەریکە لە سیاسەتی دەرەوەدا "بادەداتەوە" بۆ لای دیپلۆماسی. ڕایت لەگەڵ ژمارەیەک کاربەدەستی نزیک لە ترەمپ قسەی کردووە و هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی "قۆناغێکی نوێ" لە سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ دەستپێدەکات.

نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لەو بادانەوەیەدا بێ کاریگەری نییە، بەڵام هەر ئەوەش دەستی ئێران و کۆریای باکوور بەهێزتر دەکات. ئەگەر ترەمپ بەنیاز بێ دەستکەوتی دیپلۆماسی بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردن بەکاربهێنێ، ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دڵی ژاپۆن و کۆریای باشوور خۆشناکات و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش سعودیە و ئیسرائیل نیگەران دەکات.

# شەڕی دژی تیرۆر 18 ساڵ پاش 11ی سێپتەمبەر



**ڕووداو- هەولێر**

دوور نییە لە دوایین مانگەکانی ئەمساڵدا سەربازێکی ئەمریکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ڕەوانەی ئەفغانستان یان عێراق بکرێ کە هیچ یادەوەرییەکی لەبارەی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001 نییە. لە ماوەی تەمەنی ئەو سەربازە هەژدە ساڵییەدا جەنگی ئەفغانستان و عێراق و شەڕی نێوخۆی سووریا و لیبیا ڕوویانداوە، کە لە هەموویاندا مەلەفی تیرۆر باڵادەستە. ناوەندی دژەتیرۆری ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا بە بۆنەی هەژدەیەمین ساڵیادی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە بزووتنەوە جیهادییەکان هێشتا بەردەوامن لە چالاکی.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، ژمارەی ئەو کەسانەی لە 18 ساڵی ڕابردوودا لەسەر خاکی ئەمریکا لە لایەن گرووپە جیهادییەکانەوە کوژراون کەمە، بە جۆرێک لەو ماوەیەدا 104 ئەمریکی لەسەر خاکی ئەمریکا کوژراون، لەو ژمارەیە 49 کەسیان لە هێرشەکەی حوزەیرانی 2016 دا کوژراون. 140 ئەمریکیش بەهۆی هێرشی جیهادییەکانەوە لەو وڵاتانەدا کوژراون کە بە ناوچەی جەنگی هەژمار ناکرێن.

لە نزیک دوو دەیەی ڕابردوودا نزیکەی 7000 سەربازی ئەمریکی لەو وڵاتانەدا کوژراون کە بە ناوچەی چالاکیی گرووپە تەکفیرییەکان لەقەڵەم دەدرێن، لەوانەش عێراق و ئەفغانستان، لەو ژمارەیە 600 سەربازیان بەدەستی میلیشیا شیعییە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران کوژراون، زیاتر لە دوو هەزاریشیان لە شەڕی دژی تاڵیبان لە ئەفغانستان کوژراون.

گرووپە جیهادییەکان بەشدارییەکی کارایان لە شەڕە نێوخۆییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقادا هەیە، لە کاتی هێرشەکانی 2001 ەوە هەتا ئێستا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە شەڕە نێوخۆییەکانی ئەفغانستان، عێراق، لیبیا، مالی، نایجیریا، سۆماڵ، یەمەن و وڵاتانی دیکە کوژراون. لەو ژمارەیە سەدان هەزاریان بەدەستی هێزە حکومییەکانی ئەو وڵاتانە کوژراون.

ئامانجێکی سەرەکیی هێرشە تیرۆریستییەکان دروستکردنی ترسی گشتییە، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گرووپە جیهادییەکان هەتا ڕادەیەکی زۆر لەو ئامانجەیاندا سەرکەوتوو بوون، بە جۆرێک ژمارەی ئەو کەسانەی لە 2001 بۆ 2017 زۆر نیگەرانی ئەوەن کەسێکی نزیکیان لە هێرشێکی تیرۆریستیدا بکوژرێ، لە ٪8 بۆ ٪13 بەرزبووەتەوە.

چ شتێکی باش کراوە؟

لە دوای هێرشەکانی سێپتەمبەری 2001ەوە هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری گرووپە تەکفیرییەکان دەستپێکردووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، پێکهێنانی پەیوەندیی هەواڵگری لەگەڵ هاوبەش و هاوپەیمانان کرۆکی "هەوڵەکانی ئەمریکا لە دژی قاعیدە و داعش پێکدەهێنێ"، بەهۆی ئەم هاوئاهەنگییەوە ژمارەیەکی زۆر سەرکردەی ڕێکخراوە تەکفیرییەکان کوژراون و حەشارگەی ئەو گرووپانە کراونەتە ئامانج.

سەرهەڵدانی داعش هاوکات بوو لەگەڵ "جیهادی ئەلیکترۆنی"، کە یارمەتیدەری ئەو گرووپە بوو لەوەی بە خێرایی و لەسەر ئاستێکی بەرفراوان پڕوپاگەندەی خۆی بڵاوبکاتەوە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت "گرووپە جیهادییەکان تا ئێستاش لەسەر ئینتەرنێت چالاکن"، بەڵام دەرکەوتنیان "لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر زۆر مەترسیدارتر بووە بۆ ئەو گرووپانە خۆیان".

لە ساڵانی 2015 و 2016، چەکدارانی بیانیی داعش دوو هێرشی گەورەیان لە پاریس و بروکسل ڕێکخست، لە هەردووکیاندا 166 کەس کوژران و 753 کەس بریندار بوون. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، ڕیکۆردی ئەمریکا لەو ڕووەوە تەواو لە هی ئەورووپییەکان باشترە. لە 18 ساڵی ڕابردوودا، چەکدارانی بیانیی ڕێکخراوە تەکفیرییەکان نەیانتوانیوە هیچ هێرشێک لەسەر خاکی ئەمریکا ئەنجام بدەن.

لەو پۆلێنەدا، چەکداری بیانی بەو کەسە دەگوترێ کە لە وڵاتێکی ڕۆژئاواییەوە چووەتە ناو ڕێکخراوێکی تەکفیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دواتر گەڕاوەتەوە ڕۆژئاوا.

## شکست لە ڕادەستکردنەوەی مەلەفەکان

سەرەڕای هەوڵە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەکان، سنووری چالاکی و پڕوپاگەندەی ڕێکخراوە جیهادییەکان لە وڵاتانی ئیسلامی پەرەی سەندووە. ڕووداو و شەڕە نێوخۆییەکانی دوای "بەهاری عەرەبی" وایکردووە "نفووز و سنووری چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوانە پەرە بستێنێ". ئێستا لە سووریا، عێراق، یەمەن، میسر، لیبیا و ئەفغانستان شەڕی نێوخۆ یان ئاڵۆزی ئەمنی هەیە کە تێیاندا گرووپە جیهادییەکان بەشێکی سەرەکی کێشەکانن.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا، سەدان هەزار سەربازی ئەمریکی ڕەوانەی ئەفغانستان و عێراق کران. بەڵام درێژەکێشانی هەردوو جەنگەکە و بەرزبوونەوەی باجی گیانی و داراییان بووە هۆی ئەوەی لە نێوخۆی ئەمریکا پشتگیری ڕای گشتی بۆ دەستێوەردانی سەربازی کەمبێتەوە.

لە ڕاپرسییەکی ساڵی 2018دا، زیاتر لە نیوەی ئەمریکییەکان پێیانوابوو کە وڵاتەکەیان دەبێ ژمارەی هێزەکانی لە سووریا کەمبکاتەوە یان بە تەواوەتی ئەو وڵاتە جێبهێڵن. لە ڕاپرسییەکی 2019شدا، نیوەی ئەمریکییەکان ڕایان لەگەڵ ئەوە نەبوو سەربازانی وڵاتەکەیان لە سووریا بمێننەوە. ئێستا ئەمریکا لە 80 وڵاتی جیهان بەرەنگاری تیرۆر دەبێتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتەکە، ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی هەتا ئێستاش ناتوانن هەموو مەلەفی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ڕادەستی هێزە خۆجێییەکان بکەن، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەوەیە کە بەشێکی زۆری هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پێگەیاندنی هێزە لۆکاڵییەکان شکستی هێناوە، نموونەی ئەوەش عێراقی پێش 2014 و پرۆگرامەکەی ئەمریکا بۆ ڕاهێنان و پڕچەککردنی 15 هەزار چەکداری گرووپە میانڕەوەکانی سووریا بوو.

"لە دوو دەیەی ڕابردوودا 7000 سەربازی ئەمریکی لەو وڵاتانەدا کوژراون کە بە ناوچەی چالاکیی گرووپە تەکفیرییەکان دادەنرێن"

## سەرکەوتن و شکست لە گۆشەنیگای جیهادییەکانەوە

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، مەودای بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای گرووپە سەلەفییە جیهادییەکان یەکجار فراوانترە لە پێش 2001، بەشداریی ئەورووپییەکان لە جەنگەکانی ئەفغانستان و عێراق بیانووی ئەوەی بە جیهادییەکان دا کە پانتایی مانای "دوژمن" لە ئەمریکاوە بۆ ئەورووپا فراوان بکەنەوە، وەک چۆن شکستی ئەورووپییەکان لە تێکەڵکردنی موسڵمانان لەگەڵ کۆمەڵگاکانیان دەرفەتێکی زێڕینی بەو گرووپانە بەخشی تا لەو کیشوەرە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەندام بدەن.

سەرەڕای ئەوەش، ڕاپۆرتەکە پێیوایە لایەنی شکستی گرووپە جیهادییەکان گەورەترە لە لایەنی سەرکەوتنیان، لەبەر ئەوەی تێکشکانی خەلافەتەکەی داعش چەکێکی گەورەی کۆکردنەوەی ئەندامی لەو گرووپە سەندووە، فەرماندەیی قاعیدە و داعش بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بووە، ناکۆکی قووڵی تەکتیکی و ئایدیۆلۆژی لە نێوان گرووپە جیهادییەکاندا سەریهەڵداوە، جیا لەمەش ئەو گرووپانە بە پێچەوانەی حیزبوڵڵا و حەماس نەیانتوانیوە بۆ بزووتنەوەی جەماوەری بگۆڕێن، لەبەر ئەوەی گرووپە سەلەفییە جیهادییەکان نەیانتوانیوە لە نێوان ئایدیۆلۆژییەکەی خۆیان و سیاسەتدا هاوسەنگی دروست بکەن.

# ەمپی کردووە



# ژ یەکدا دەکات

زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنەکەی سەرۆکوەزیرانی پێشووە. بژارەیەکی دیکەش ئەوەیە بەکستۆپ تەنیا ئێرلەندا وەک حاڵەتێکی ڕیزپەڕ بگرێتەوە. ئەو بژارەیە لەلایەن پارتی دیموکراتی یەکێتیخوازی ئێرلەندای باکوور ڕەتکراوەتەوە.

بۆریس جۆنسن سوورە لەسەر ئەوەی بەریتانیا ئەگەر بێ ڕێککەوتنیش بێ لە یەکێتیی ئەورووپا دەربچێ، بۆ ئەو مەبەستەش دوو جار داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی کردووە کە بەپێی داوای جۆنسن دەبێ پێش کۆبوونەوەی لووتکەی یەکێتیی ئەورووپا بەڕێوەبچێ. هەردوو هەوڵەکەی جۆنسن شکستیان هێناوە، لەبەر ئەوەی نەیتوانی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی پەرلەمان بەدەستبهێنێ. زۆربەی ڕاپرسییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پارتی دەسەڵاتدار دەتوانێ لە هەڵبژاردنی پێشوەختدا زۆرینەی ڕەها بەدەستبهێنێ.

کۆبوونەوەی لووتکەی یەکێتیی ئەورووپا لە ڕۆژی 17ی تشرینی یەکەم بەڕێوەدەچێ. ئەوە دوایین دەرفەتی بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپایە بۆ ئەوەی پێش 31ی تشرینی یەکەم ڕێکبکەون یان بە لایەنی کەم داوای درێژکردنەوەی ماوەی دانوستاندنەکان بکەن، یانیش وەک جۆنسن داوای دەکات، بێ ڕێککەوتن لە یەکێتیی ئەورووپا دەربچن. پارتی کاری بەریتانیا کە سەرکردایەتیی هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکات، دەیەوێ هەتا دوای ئەو کۆبوونەوە لووتکەیە چاوەڕێ بکات و ئەو کات بڕیار لەسەر هەنگاوی داهاتووی خۆی بدات.

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، پەرلەمانتارانی بەریتانیا یاسایەکیان تێپەڕاند کە داوا لە حکومەت دەکات ئەگەر هەتا 19ی تشرینی یەکەم نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک، ئەوە ماوەی دانوستاندنەکان هەتا 31ی کانووی دووەمی 2020 درێژبکاتەوە. شاژنی بەریتانیا یاساکەی پەسەند کردووە و هی ئەوەیە جێبەجێ بکرێ.

میدیاکانی بەریتانیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە جۆنسن دەیەوێ یاسای بەریتانیا تێپەڕێنێت، یەکێک لەو خاڵانەش کە بیری لێدەکاتەوە ئەوەیە بێ ئەوەی هیچ ئەڵتەرناتیڤێک بخاتەڕوو، داوای درێژکردنەوەی ماوەی دانوستاندنەکان لە یەکێتیی ئەورووپا بکات، بەو هیوایەی کە ئەورووپییەکان داواکەی ڕەتبکەنەوە. بژارەی دووەمیش ئەوەیە جۆنسن نامەیەکی ڕاشکاوانە بۆ بڕۆکسل بنێرێ و پێیان ڕابگەیەنێ کە لەندەن درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکەی ناوێ.

دەرچوونی بێ ڕێککەوتنی بەریتانیا لە ئەورووپا ئاکامی سەختی بۆ ئابووریی و بازرگانیی بەریتانیا بە دواوەیە. هەفتەی ڕابردوو، حکومەتی بەریتانیا لە ژێر گوشاری پەرلەماندا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە شەش هەفتە لەمەوبەر لەبارەی لێکەوتەکانی دەرچوونی بێ ڕێککەوتنی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا ئامادە کرابوو.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی حکومەت، بەریتانیا ئامادەیی ئەوەی نییە مانگی داهاتوو بێ ڕێککەوتن لە بەریتانیا جیاببێتەوە، بۆ نموونە بارهەڵگرەکان دەبێ هەموو جارێ 60 کاژێر چاوەڕێ بکەن هەتا بە کاناڵی نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا بیپەڕنەوە، ئەوەش کاریگەری لەسەر خۆراک و دەرمان دەبێ و نیگەرانیی جەماوەری دروستدەکات و ئەگەری خۆپیشاندانی سەرتاسەری هەیە.

ئۆپۆزیسیۆنی بەریتانیا هۆشداری داوە ئەگەر جۆنسن پابەندی یاسا نەبێ، متمانەی لێ دەستێننەوە. ئەو هەنگاوە پێویستی بە زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمانە و ئەگەر سەر بگرێ، ئەوە نوێنەرانی بەریتانیا 14 ڕۆژیان لەبەر دەست دەبێ بۆ ئەوەی سەرۆکوەزیرانی نوێ بناسێنن. ئەگەر پەرلەمان لەو ماوەیەدا نەتوانێ کەسێک بۆ پۆستەکە دەستنیشان بکات، ئەوە هەڵبژاردنی پێشوەخت تاکە بژارەیە، ئەوەش بۆ جۆنسن دووشەشە.

پارتی کار جەخت لەوە دەکاتەوە کە جێرمی کۆربن، سەرکردەی پارتەکەیان باشترین بژارەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی شوێنی جۆنسن بگرێتەوە. لیبراڵ دیموکراتەکان و کۆنزەرڤاتیڤەکانی دژی جۆنسن دژی ئەو بژارەیەن و پێشنیازی کێن کلارک و هەریت هارمەن دەکەن کە کۆنترین پەرلەمانتارانی بەریتانیان.

کێن کلارک لە 1970 وە ئەندامی پەرلەمانە و بە باوکی پەرلەمان ناسراوە، بەڵام لە ڕۆژی چواری سێپتەمبەرەوە ئەندامێتییەکەی هەڵپەسێردراوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن دژی دەرچوونی بێ ڕێککەوتنی بەریتانیا لە ئەورووپا دەنگی دابوو. هارمەن لە ساڵی 1982 ەوە پەرلەمانتاری پارتی کارە.

پەرلەمانی بەریتانیا لەسەر داوای سەرۆکوەزیران و بە ڕەزامەندیی شاژن هەتا ڕۆژی 14ی تشرینی یەکەم داخراوە. هەرچەند لە بەریتانیا ئەو هەنگاوەی سەرۆکوەزیران شتێکی باوە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن پێیانوایە ئامانجی جۆنسن ئەوەیە لەو ماوەیە پەرلەمان لەبارەی برێگزت بێدەنگ بێ.

هەرچەند پێگەی جۆنسن لە پەرلەمان و پارتەکەی خۆیدا لاواز بووە، بەڵام مەترسیی دەرچوونی بێ ڕێککەوتنی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا زۆر بەهێزە. پەرلەمانی بەریتانیا دەکرێ سەرۆکوەزیران ناچار بکات داوای درێژکردنەوەی وادەی دانوستاندنەکان هەتا کۆتایی کانوونی دووەمی ئەمساڵ بکات، بەڵام بەریتانیا هەڵبژاردنێکی گشتیی پێشوەختەی لە پێشە، کە گومان دەکرێ پێش کۆتایی ئەمساڵ بەڕێوەبچێ.

جۆنسن بەربژێرێکی بەهێزی ئەو هەڵبژاردنەیە. ئەگەر لەو هەڵبژاردنەدا سەربکەوێ، ئەوە لە سەرەتاکانی 2020 خەونی لە مێژینەی خۆی بۆ جیاکردنەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا دەهێنێتەدی، جا بە ڕێککەوتن بێ یان بێ ڕێککەوتن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# هەرێمی دووەمی کوردستان

ئەو ڕێگەچارانەی لە رابردوودا بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە عێراق گیرانەبەر، خەریکە بە بنبەست دەگەن. هەروەها لێکەوتەی درێژەکێشان و مانەوەی کێشەکە، کۆمەڵێک دەرئەنجامی هەبووە کە کێشەی کوردی لە عێراق ئاڵۆزتر کرد. ئەمە سەرباری ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات کێشەگەلێکی جۆراوجۆری تریش سەری هەڵداوە کە چارەسەریان ئەستەمە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کورد چی بکات، چۆن لەناو ئەم هەموو ئاڵۆزی و دەرئەنجامە خراپانەدا بتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئەسڵی کێشەکەی کە کێشەی ناسنامەی خاک و نەتەوەیە؟ بەتایبەتیش کاتێک ستراتیجی دەسەڵات لە عێراق هیچکات بە ئەندازەی ئێستا ستراتیجێکی روون نەبووە کە جەوهەرەکەی زاڵکردنی ناسیۆنالیزمی عروبییە بەڵام بە بەرگ و رووپۆشێکی مەزهەبییەوە.

کورد پێویستە بەرچاوی روون بێت لەوەی بۆ داهاتوو زەمەن یارمەتیدەری نابێت لە تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکانی لەگەڵ عێراق، چونکە لە داهاتوودا کێشەکەی تەنیا لەگەڵ دەوڵەت نابێت، بەڵکوو ئایدیۆلۆجیایەکیش لە بۆسەدایە بۆ کورد. گۆڕانکاری هاوکێشەکانی ناوچەکەش وەک هەندێک ئومێدیان لەسەر بینا کردووە، دەستەبەری ئەو رەوشەی بۆ ناکات کە عێراق بخاتە سەر راستەڕێی مامەڵەکردنێکی تەندروستانە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد لە عێراق.

هەرچەندە بزووتنەوەی سیاسی کورد بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکەی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەند، لەلای خۆیەوە نەخشەڕێی (فیدراڵی) پەسەند کرد، بەڵام لەبەر دوو هۆکار ئەم بژارەیەش کۆتایی بەکێشەکە نەهێنا. یەکەمیان لەبەرئەوەی کێشەی خاک لەنێوان ئیدارەی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی دەوڵەتی ناوەند مایەوە. ئەو رێگاچارەیەش کە لە دەستووردا بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دەستنیشانکرا، نەبووە دەروازەی رزگاربوون لە کێشەکە، بەڵکو ئاڵۆزتری کرد. دووەمیش بەهۆی ئەوەی عەقڵیەتی حوکمڕان لە ناوەند نەک باوەڕی بەو چارەسەرە نییە کە کورد ئومێدی لەسەر هەڵچنیوە، بەڵکوو بەهەموو توانایەوە دژایەتی ئەو پرەنسیپە دەکات کە عێراق بەرەو فیدراڵی بەرێت. رۆژ لە دوای رۆژیش پایەکانی ناوەندێتی لە عێراق تۆکمەتر دەکەن و هەنگاو بە هەنگاو ئەو ستراتیجە جێبەجێ دەکەن کە ریشەی فیدراڵییەت هەڵدەتەکێنێ.

گەرچی نەخشەڕێی (فیدراڵی) نەیتوانی زامنی هەموو مافەکانی کورد لە عێراق بکات، بەڵام کورد پێی رازی بووە و هیوای لەسەر بنیاتناوە کە بەهۆیەوە لە دوورمەودادا بگاتە کەناری ئارامی. بەڵام بەهۆی زهنیەتی ئەو ستراتیجەی بەغدا بەڕێوەدەبات کە باوەڕی بە قبوڵکردنی جیاوازی نییە و هێشتا لەو بازنەیە تێنەپەڕیون کە دەیانەوێ هەموو جیاوازییەکی ئاینی و نەتەوەیی لەناو خۆیاندا بتوێننەوە، بۆیە نەخشەڕێی فیدراڵی نەبوو بە بژارەیەک کە هەردوو تەرەفی کێشەکە باوەڕیان پێی هەبێت وەک چارەسەرێکی ناوەندی. کەواتە سەرباری ئەوەی فیدراڵی نەخشەیەک نەبوو تەواوی کێشەی کورد چارە بکات، بەڵام ئێستا ئەویش هەڕەشەی لەسەرە. تازە زەمەن ناگەڕێتەوە تا رێگایەکی تر بگرینە بەر، بەڵام گرتنەبەری سیاسەتی عەقڵانی دەتوانێت قەرەبووی بەشێک لە هەڵەکان بکاتەوە. بۆیە لە دۆخێکی وادا کە کورد لانیکەم لەم کاتەدا چارەی تری لەبەردەست نییە، پێویستە دەستبگرێت بەو بژارەیەوە و لەبەرانبەر هەوڵەکانی بەغدا بۆ بەهێزکردنی پایەی ناوەندگەرێتی، دەبێت کوردستانیش هەوڵ و کارت بەکاربهێنێ بۆ بەهێزکردنی پێگەی فیدراڵی، ئەویش سەرەتا لەو رێگەیەوە دەکرێت کە هەرێمی تر لە عێراق دروستبکرێت.

لە رابردوودا شارە سوننییەکانی عەرەبی عێراق، بە جیاجیا و پاشان هەموشیان پێکەوە رێکارە یاسایی و دەستوورییەکانی بە هەرێمکردنی ناوچەکانیان گرتەبەر، بەڵام ناوەند بە مەبەستی سیاسی رەتیکردەوە. پارێزگای شیعەنشینی (بەسرە) بە هەمان رێگادا رۆیشت و بەغدا گرفتی خستە بەردەم هەوڵەکانی ئەویش. هۆکارەکەشی روونە کە ستراتیجی شیعە لە عێراق ئەوە نییە رێگە بدات ناوەند لاواز بێت و هەرێمەکان بەهێزبن، بەپێچەوانەوە دەخوازن مەرکەزییەت بەسەر تەواوی عێراقدا بسەپێنن، چونکە لەو رێگەیەوە ئاسانتر تەشەیوع گەشەدەکات کە ئامانجی ستراتیجی شیعەیە لە ئێران و لە عێراقیش.

پێویستە ئێستا کورد چەند هەنگاوێک بنێت، لەوانە هاندانی عەرەبی سوننە بۆ جوڵاندنی هەمان داواکاری رابردوویان لە بەهەرێمکردنی ناوچە سوننییە عەرەبییەکان، ئەمەش وەک چارەسەرێکی تازەی دوای داعش بۆ پێکەوەژیانی سوننە و شیعە. لە بەرانبەر ئەمەشدا کورد پرۆژەیەکی تازە پێشکەش بکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی تر بۆ کێشەی خاک و ناسنامەی خۆی لە عێراق. ئەو هەڵەیەش راستبکاتەوە کە وەک چارەسەرێک بۆ کێشەی کەرکوک بەجیا پێشنیازی بەهەرێمکردنی کرا. چونکە جیاکردنەوەی کەرکوک لەناوچەکانی تر، دەبووە هۆی لەدەستچوونی جوگرافیایەکی فراوانتر لە خاکی کەرکوک لە ناوچەکانی گەرمەسێر، هەروەها لەدەستچوونی هەموو دەشتی نەینەوا و لە دوورمەوداشدا کەرکووکیش دەبووە هەرێمێکی زۆرینە عەرەبی.

کورد بە بژارەی مادەی 140 نەیتوانی کێشەی خاک چارەسەر بکات و لە داهاتووشدا ئەو مادەیە دەبێتە مەترسیی گەورە بۆ لەدەستچوونی یەکجاریی ئەو خاکە. ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوی بڕیوەتە کێشەکانی عێراق و بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێن کە عێراقییەکان کۆبکاتەوە. گرنگە کورد بیر لەوە بکاتەوە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم هەموویان پێکەوە لە بەدرەوە بۆ شەنگال بکرێنە هەرێمێکی سەربەخۆ. کەرکوک پایتەختی ئەم هەرێمە بێت، پارێزگایەک لە گەرمەسێر لە قەزاکانی بەدرە و مەندەلی و خانەقین و خورماتوو دروستبکرێت و پارێزگایەک لە دەشتی نەینەوا لە قەزا و ناحییەکانی شەنگال و شێخان و تەلعەفەر و حەمدانیە و تەلکێف دروستبکرێت و ببنە سێ پارێزگا لە هەرێمی دووەمی سەر خاکی کوردستان.

گەرچی ئەمە کارێکی ئاسان نابێت، بەتایبەت کە بەغدا دەیەوێ هەرێمی کوردستانیش نەمێنێ، بەڵام هەلومەرجی ناوخۆی عێراق و رەوشی خراپی سوننە، ئەو کۆمەڵکوژیانەی بەرانبەریان کراون، ژمارەی بێ سەروشوێنەکانیان کە بە سەتان هەزار کەس مەزەندە دەکرێن و چارەنووسیان نادیارە، هەروەها خراپیی دۆخی کوردی ئێزدی و کریستیان و شەبەک و پێکهاتە جیاجیاکانی تری دەشتی نەینەوا، مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش و تێکچوونەوەی دۆخی عێراق، هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن لەوەی پرسێکی وا بورووژێنرێت و ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بهێنرێتە ناو کێشەکە و وەک چارەسەری بەدیل پێشکەش بکرێت، وەک حاڵەتی ئەمری واقیع ئەگەری فەرزکردنی هەیە بەسەر بەغدادا و بەمەش مەترسی و هەژموونی لایەک بەسەر تەرەفەکانی ترەوە دەرەوێتەوە.

بۆ کوردیش لەلایەک پرسی فیدراڵی دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، خەونی بەغدا کۆتایی دێت لە نەهێشتنی هەرێمی کوردستان یان دوولەتکردنی. هەروەها کێشەی لەگەڵ ناوەند بەو جۆرەی ئێستا نامێنێ. لەمپەرێکیش لەبەردەم هەژموونگەرایی عەرەب دروست دەبێت بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکان. رەوشی کورد لەو ناوچانە بەجۆرێکی تر دەگۆڕێت کە ئەو مەترسییانەی ئێستا لەسەریان هەیە نامێنێت و لەگەڵ پێکهاتەکانی تر پێکەوە خۆیان بەڕێوەدەبەن. بۆ دوورمەوداش دەکرێت لە هەر گۆڕانکارییەکی ناوچەکە ئارەزوومەندانە بیر لە یەکگرتنی ئەم دوو هەرێمە بکرێتەوە، ئەوەش دەروازەیەک بۆ چارەسەری کێشەی خاک و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە عێراق دەکاتەوە.



عەبدوڵڵا رێشاوی
abdulla.reshawi@gmail.com

# وەرزی کۆنگرەی ئەحزاب

ئەمساڵ زۆرێک لە حیزبەکان بڕیاری کۆنگرە و هەڵبژاردنی ناوخۆییان داوە، بە شێوەیەک کە دەتوانین ئەمساڵ ناوبنێین وەرزی کۆنگرەکان.

مەرجی کۆمیسیۆن بۆ بەستنی کۆنگرە لەسەر ئەو حیزبانە، جووڵەی بەستنی کۆنگرەی لەناو حیزبەکاندا خێراتر کردووە، ئەمەش دوو رووی باش و خراپی هەیە.

باشەکە ئەوەیە ناکرێت حیزبەکان داوای هەڵبژاردن و گۆڕانکاری سیاسی لە دەرەوە بکەن، بەڵام بۆخۆیان لەم پێویستییە رابکەن، بۆیە بەناچارییش بێت دەبێت کۆنگرە ببەستن.

خراپییەکەشی ئەوەیە کە کۆنگرە و هەڵبژاردنی ناوخۆیی ئەحزاب ببێتە شتێکی رۆتینی بۆ رازیکردن و پڕکردنەوەی فۆرمی بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا نەک وێستگەیەکی گرنگی گۆڕانکاری.

بەڵام هەرچۆن بێت دەکرێت ئەنجامدانی هەڵبژاردن و کۆنگرە خولییەکان لە ئەحزابدا لەلایەن ئەوانەوە بقۆزرێتەوە کە دەیانەوێت گۆڕانکاری بکەن، یان دەیانەوێت پارتی سیاسیی خۆیان بەهێز بکەن.

## کۆنگرە بۆ چییە؟

نابێ کۆنگرە بەتەنیا کەرنەڤاڵێکی میدیایی و خۆنمایشکردنێکی کادێرە بێ تفاقەکانی حیزب و ئاهەنگێک بێت بۆ یەکتربینین و قسەی خۆش و نانخواردن.

دەبێت کۆنگرە مینبەرێکی راستەقینە و راشکاو بێت بۆ باسکردن لە گیروگرفتەکانی حیزب و دانانی بەرنامە بۆ خولی ئایندە تا تیایدا حزب هەنگاوبەهەنگاو بچێتە پێشەوە و نفووز و دەسەڵاتی خۆی لە کۆمەڵگەدا زیاد بکات.

بەڵام ئەگەر کۆنگرە تەنها رۆتین و خۆنمایشکردن بێت و هیچ ئیلزام و ئیلتیزامێک دروستنەکات و پێشڕەفت لە حیزبدا دروستنەکات، ئەوە جگە لە کوشتنی کات و بەخەرجدانی دارایی گشتی و هەروەها بێهیواکردنی زیاتری ئەندامانی حزب شتێکی دیکە نییە و لەم حاڵەتەشدا نەبەستنی باشترە.

یەکێک لە پێویستییەکانی کۆنگرە دەکەوێتە پاش کۆنگرەوە کە ئەویش چاودێری و بەدواداچوونە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی بڕیاری لێدراوە لە چەند ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێت. زۆرینەی ئەو بەرنامانەی لە کۆنگرەی ئەحزابی کوردستانیدا بڕیاریان لێدەدرێت بە تەواوی جێبەجێ ناکرێن و تەنیا وەک بەڵێن و دروشمی میدیایی دەمێننەوە.

## "ی.ن.ک"

یەک لەو حیزبانەی بەتەواوی ئاتاجی بە کۆنگرەیە و ئیدی ناکرێت دوایبخات، یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە، کەسی یەکەمی نەماوە و ململانێیەکی راستەقینەش لەسەر دەسەڵات لەم حیزبەدا هەیە.

یەکێتی چ لەڕووی شەرعییەت و چ لەڕووی رێکخراوەیی پێویستییەکی زۆری بە بەستنی کۆنگرە هەیە، کۆنگرەیەک کە سەرکردایەتییەکی روون و خاوەن شەرعییەت بۆ ئەم حیزبە بێنێتە کایەوە و ململانێی دەسەڵات لەناوخۆی حیزبەکەدا بەلایەکدا بخات، تا ئەم حیزبە هەم بپەرژێتە سەر ململانێی دەرەوەی خۆی و هەمیش بتوانێت بەڕاستی بەرپرسیارێتییەکانی لەناو حکومەت و ئیدارە محەلییەکاندا هەڵبگرێت.

ریسکی یەکێتی نیشتیمانی لە کۆنگرەدا لەسەر کەسی یەکەمە، ئەگەر یەکێتی بتوانێت کەسی یەکەم یەکلایی بکاتەوە ئیشی مەیسەر دەبێت، بەڵام ئەمەش زۆر قورسە، چونکە باڵانسێکی هێزی راستەقینە لەناو پێکهاتەی ئەم حزبەدا هەیە و هەموو جەمسەرەکان بەیەک ئاست لەیەکەوە نزیکن و وەک یەک بەهێزن، ئەمەش وادەکات چارەسەری ئەو حیزبە بۆ کەسی یەکەم تەنیا لە رێگەی تەوافوقەوە بێت و پێویستە جەمسەرەکانی بەرلەوەی بچنە کۆنگرەوە، لەسەر کەسی یەکەم رێکبکەون.

لێرەدا پێویستە سەرکردایەتی یەکێتی خۆی لە دەستوەردانی دەرەکی بپارێزێت، زۆر گرنگە یەکێتی خۆی سەرکردایەتییەکەی یەکلایی بکاتەوە و رێگە نەدات هیچ زلهێزێکی بێگانە کەلێنی ململانێکان بقۆزێتەوە و ئەم کارەی بۆ بکات. لێرەدا دەتوانین بڵێین کۆنگرەی داهاتوو چارەنووسی یەکێتی دیاری دەکات.

## "یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان"

بەپێچەوانەی یەکێتی نیشتمانی، یەکگرتووی ئیسلامی کە بڕیارە ئەمساڵ کۆنگرە ببەستێ، پێویستییەکی ئەوتۆی بە کۆنگرە نییە، چونکە ئەگەر یەکێتی نیشتمانی سەری کۆنگرەی بئێشێت ئەوا یەکگرتوو سەری کۆنگرەی نائێشێت، بەڵکو سەری هەڵبژاردنە گشتییەکانی دێشێت و لەڕاستیشدا هەر حیزبە و شوێنێکی دێشێت و گرنگە حیزب حەبی چارەی ئەو شوێنەی بخوات، نەک شوێنێکی دیکەی.

یەکگرتووی ئیسلامی بە درێژایی ژیانی سیاسی خۆی کێشەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەبووە نەک کێشەی سەرکردایەتی، یان ململانێی دەسەڵات، بۆیە کۆنگرە شتێکی ئەوتۆ بۆ یەکگرتووی ئیسلامی چارەسەر ناکات.

لەناو یەکگرتووی ئیسلامیدا نە کێشەی شەرعییەت هەیە، نە کێشەی پەیکەرەی رێکخراوەیی و نە کێشەیەکی راستەقینەی ململانێی دەسەڵات، تەنانەت لەڕووی ئایدیای سیاسیشەوە تارادەیەک ئایدیای یەکگرتوو روونە، لە ئۆپۆزسیۆندا ئیجابیە و لەڕووی جەماوەریشەوە پۆپۆلیست نییە و خیتابی واقیعییە و یەکەم حزبیش بوو بڕیاری ئۆپۆزسیۆنبوونی دا، بەڵام کێشەکە هەر ئەوەیە مارکێتینی ئەم روئیایە بەتەواوی لاوازە، ئەویش بە هۆی لاوازیی میدیا و ئۆرگانە سیاسییەکانی دیکەی حیزبەکەوە.

بەڵام ئایا بۆچی یەکگرتوو بڕیاری پێشخستنی کۆنگرەی خۆی داوە؟ ئەمە دەبێت چاوەڕێی رۆژانی کۆنگرەکە بین بزانین چی لێدەخوێنینەوە. یەکگرتووی ئیسلامیش دیسانەوە دەبێت خۆی بپارێزێت لە دەستوەردانی دەرەکی. بەکورتی یەکگرتووی ئیسلامی شوێنێکی دێشێ، بەڵام حەبی شوێنێکی دیکە دەخوات.

## بزووتنەوەی گۆڕان

ئێستا بزووتنەوەی گۆڕانیش لە سەروبەندی رێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی خۆیدایە، گۆڕانکاری کردووە بەتایبەت لە خانەی راپەڕاندندا، وەک دەبینرێت چەند گەنجێکی هێناوەتە خانەکەوە، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە و بارودۆخی ناوخۆی حیزبەکە و ئەو پاشەکشانەی لەم دواییە بەخۆیەوە بینیویەتی، پێماندەڵێن ئەگەر ئەم حیزبە بیەوێت هەستێتەوە، زۆر لەمە زیاتری دەوێت و ئەم شتانە هیچی بۆ ناکەن.

لەو هەنگاوانەی بزووتنەوەی گۆڕان پێویستی پێیە: تەبایی ناوخۆیی و هەروەها رێکخستنەوەی گوتاری سیاسی و پاشان بەهێزکردنەوەی میدیا و ئۆرگانەکانیەتی.

بزووتنەوەی گۆڕانیش پێویستی بە دیاریکردنی ستراتیجێکی چەند ساڵە هەیە تا دەگاتەوە هەڵبژاردنە گشتییەکان، کە بۆ ئەم حیزبە دەرئەنجامی هەر هەڵبژاردنێکی دیکە لە کوردستان ئەنجام بدرێت تەواو چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەیە، بۆ ئەمەش پێویستی بە رێکخستنەوەی گوتار و نووسینەوەی روئیای سیاسی خۆی هەیە و پاشان ناساندنی ئەو روئیایە بە جەماوەر.

سەرکردایەتی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان ئەرکی رزگارکردنی گۆڕانیان لەسەرشانە، ئایا لە قۆناغی داهاتوودا دەتوانن ئەمە بکەن؟



زریان رۆژهەڵاتی
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# بۆچی سەدر لە تاران دەرکەوت؟

لایەنگرانی موقتەدا سەدر پێیانباشە سەردانەکەی ئەو بۆ ئێران بە بابەتێکی ناسیاسی هەژمار بکەن. تەنانەت هەندێکیان بڵاوکردنەوەی وێنەی دانیشتنەکەی موقتەدا سەدر لە بەینی خامنەیی، رابەری ئێران و قاسم سلێمانی، فەرماندەی سوپای قودس، بە بابەتێکی سیاسەتی ناوخۆی ئێران هەژمار دەکەن. بەڵام بۆ ئەو کەسانەی بەدواداچوونی سیاسەتی عێراق و ناوچەکە دەکەن، ئەستەمە بڕوا بەوە بکەن. چونکە لە عاشووراکانی رابردوودا، سەدر دیمەنێکی وای پیشاننەداوە و دەمێکیشە لەگەڵ بەرپرسانی ئێراندا ساردوسڕە!

بۆچوونێکی دیکەش باس لەوە دەکات کە لەوانەیە موقتەدا سەدر بۆ رێککەوتن لەگەڵ ئێرانییەکان سەبارەت بە تێپەڕکردنی عادل عەبدولمەهدی سەردانی تارانی کردبێت. بەڵام ئەمەش ناچێتە عەقڵەوە، چونکە سەرەڕای گوشار و رەخنەکان، هێشتا هەوڵێکی بەرچاوی سائیرون- سەدر بۆ لابردنی عەبدولمەهدی لەئارادا نییە.

بەڕای هەندێکی دیکەش، لەوانەیە سەدر خەریکی ناوبژیوانیی ئێران و سعودیە بێت و بۆ ئەوە سەردانی تارانی کردبێت. راستییەکەی، ئێران و سعودییە کەناڵێکی بەهێزتر لە عێراق و سەدریان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن گفتوگۆ بکەن. ئەوان دەتوانن لەڕێی هەندێک لە وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو یان تەنانەت راستەوخۆ پەیام بۆ یەک بنێرن ئەگەر مەیلی دانوستاندنیان هەبێت نەک سەدر کە ماوەیەک لەگەڵ ئێرانییەکان لە یەکتری لالووت بوون.

## رۆڵی ئایەتوڵڵا حائیری و کێشەی ناوخۆیی شیعەی عێراق

دوابەدوای هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حەشدی شەعبی، موقتەدا سەدر رایگەیاند کە پێیوانییە ئەوە کاری ئیسرائیل بێت و لەگەڵ بەشێک لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبیش سەبارەت بە ملکەچبوون بۆ بڕیارەکانی حکومەت و بابەتی دروستکردنی هێزی ئاسمانیی حەشدی شەعبی کەوتە ناکۆکی. هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا، ئایەتوڵڵا کازمی حائیری کە بە ئەسڵ کەربەلاییە و لە حەوزەی علمییەی قوم وانە دەڵێتەوە، فەتوایەکی سەبارەت بە حەرامکردنی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەرکرد. کازمی حائیری لە فەتواکەیدا حەشدی شەعبیی بە "موقەدەس" ناوبردووە. قسەکانی ئەم ئایەتوڵڵایەش بۆ سەدر گرنگە و ناتوانێ لێیان بێخەم بێت. چونکە، باوکی سەدر وەسیەتی کردووە شیعەکان پێڕەوی لەم ئایەتوڵڵایە بکەن! ئەگەر سەدر گوێ بەمە نەدات، دوورنییە بەشێک لەو لایەنگرانەی لێی بتەکێتەوە کە "تەقلید"ی کازمی حائیری دەکەن. بە ئەگەری زۆر، سەدر ناتوانێت بە تەواوی واز لە گوتارەکانی پێشووی خۆی سەبارەت بە سەربەخۆیی سیاسەتی عێراق بهێنێ، بەڵام ململانێی زیاتر لەگەڵ حەشدی شەعبی (بەشێک لەو هێزە) و گوێنەدان بە کازمی حائیری، پوتانسیێلی دابەشکردنێکی دیکەی لەنێو سەدرییەکان تێدایە کە زەحمەتە لەم ئانوساتەدا موقتەدا سەدر ریسکێکی وا لە پێشچاو نەگرێت.

موقتەدا سەدر چەند جارێکیش هۆشداریی داوەتە حکومەت و خوازیاری ئەوە بووە کە بێلایەن بێت و بەلای هەندێکدا نەیشکێنێتەوە. دەشێ ئەمەش ئاماژە بێت بۆ ئەو نیگەرانییانەی کە سەبارەت بە پێدانی پۆستی گرنگ بە هەندێک لە بەرپرسانی بەدر و داشکاندنی سیاسەتەکان بەلای کوتلە رکابەرەکەی سەدر لە ئاراداN. دانوستاندن لەگەڵ بەرپرسانی ئێران دەتوانێت کاریگەری لەسەر کێشەی نێوان سەدر و لایەنەکانی پێکهێنەری حکومەت هەبێت.

## پەیوەندیی ئاڵۆز، بەڵام بەردەوامی سەدر لەگەڵ ئێران

سەدر لە بنەماڵەیەکی ناوداری شیعەیە کە لەڕێی خانەوادەییەوە بە خاڵێکی بەیەکگەیشتنی سیاسەت و مەزهەب لە عێراق و لوبنان و ئێران هەژمار دەکرێت. خزمایەتیی سەدرییەکانی عێراق و لوبنان لەگەڵ یەکتری و بەیەکگەیشتنیان بە ماڵەکانی خومەینی و خاتەمی لەڕێی زەواجەوە، گرێیەکی ئەو پەیوەندییە سیاسی- مەزهەبییەن. جگە لەوە، حەسەن نەسروڵڵای رێبەری حیزبوڵڵای لوبنانیش تیکەڵاوییەکی بەهێزی لەگەڵ بنەماڵەی سەدرییەکان هەبووە و دەشێ رۆڵێکیشی لە پەیوەندیی ئێران و سەدردا هەبێت.

نووسینگەی تایبەتی موقتەدا سەدر، تا ئێستا سیفەتی "جوجەتولئیسلام وەلموسلمین"ی بۆ بەکاردێنێت کە لە کۆی پێنج پلە، سێیەم پلەی رۆحانییەکانی شیعەیە. بەڵام کەسانی نزیک لەو نەیانشاردووەتەوە کە بەتەمای وەرگرتنی پلەی ئایەتوڵڵاییە و پێدەچێت جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ حەوزەی قوم (ئێران) و حەوزەی نەجەف (ئایەتوڵڵاعەلی سیستانی) هۆکارێک بووبێت لەوەی تا ئێستا بەو پلەیە نەگەیشتووە. موقتەدا سەدر دەرسی "خارج"ی لە قوم وەرگرتووە کە مەرجێکی وەرگرتنی پلەی ئایەتوڵڵاییە، بەڵام تا ئێستا بەو مەرامەی نەگەیشتووە. سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانێک لە ئێران ماوەتەوە و دەرسی دینی خوێندووە، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە لە نیوەی دووەمی 2000ەکان بەدواوە ساردوسڕیی لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ تاران دروستبوو. کار گەیشتە ئەوەی کە لایەنگرەکانی سەدر تەنانەت لەگەڵ گرووپە شیعییەکانی نزیک لە ئێرانیش لە یەکیاندا و دژی قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانیش دروشمیان گوتەوە (یا قاسم سلیمانی..... هژا ×در ربانی). سەدر زیاتر لە سیاسەتێکی مەزهەبی، رووی لە گوتارێکی ناسیۆنالیستی- دینی کرد و لە دەرئەنجامی ئەوەشدا پەیوەندیی خۆی لەگەڵ سعودیە و وڵاتانی سوننەمەزهەبدا گەشەپێدا. ئەو پێشتر رایگەیاندبوو کە دژی دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق، بەڵام ناشیەوێت عێراق ببێتە مەیدانی دژایەتیکردنی دراوسێکانی کە ئاماژەیەکە بۆ کێشەکانی بەینی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکە. هەڵبەت لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران نەپچڕاند و لە ئاستی ناوخۆی عێراقیشدا، دواجار رازی بووە لەگەڵ ژمارەیەک لەوە هێزانەی کە بەنزیک لە ئێران دەناسرێن، ببێتە کوڵەکەیەک بۆ پێکهێنانی حکومەت!

## سوپرایزەکانی سەدر

موقتەدا سەدر بە کەسایەتییەک ناوبانگی دەرکردووە کە جارجار بڕیاری کتوپڕ دەدات. لەم ماوەیەی دواییشدا، مەیلی بەکارهێنانی تویتەری زیاد بووە و بەشێک لە پەیامەکانی خۆی لەو رێگایەوە دەگەیێنێت. ئەمەش وایکردووە کە تا ئەندازەیەک هاوشێوەی سەرۆک ترەمپ بێت لە ئەمریکا!

موقتەدا سەدر چەند جارێک بڕیاریداوە و دواتر بەجۆرێک لێی پەشیمان بووەتەوە. وەک هەڵوەشاندنەوەی سوپای مەهدی کە دواتر بەناوی دیکە دایناوەتەوە، یان بڕیاری تەرکی سیاسەت کە دواجار رووی تێکردەوە. دەشێ ئەمەی ئێستاش، بڕیارێکی دیکەی کتوپڕ بێت بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران.

## ئەنجام

سەردانەکەی سەدر بۆ ئێران، ئەویش دوای قۆناغێک لە ساردوسڕی، ناتوانێت سیاسی نەبێت. پێگەی ئایینی- سیاسی سەدر وابەستەی دنیای شیعییە و لەوەشدا لە چەند خاڵێکی وەک وابەستەیی خێزانی و وابەستەیی ئایینی، بە ئێرانەوە دەبەسترێتەوە. جگە لەوە، لەڕووی سیاسیشەوە، پێگەی لە سیاسەتی ئێستای عێراقدا و دۆخی حکوومەتیش، تا ئەندازەیەکی زۆر گرێدراوی چۆنیەتی تەعامولی سەدرن لەگەڵ ئەو گرووپانەی کە بە نزیکی ئێران هەژمار دەکرێن. پێچەوانەوەی ئەوەی باسدەکرێت، رەنگە گۆڕینی عادل عەبدولمەهدی لەم قۆناغەدا بە قازانجی سەدر نەبێت و ئەمەش تا ئەندازەیەک وابەستەی هێورکردنەوەی گرژییە ناوخۆییەکانە کە لەوەشدا ناتوانێت رۆڵی ئێران لەبەرچاو نەگرێت.

بە ئەگەری زۆر، دەرکەوتنەکەی سەدر لە بەینی خامنەیی و سلێمانی لە تاران، بە کەمکردنەوەی لانیکەم کورتخایەنی ناکۆکییە ناخۆییەکانی شیعە و بە تایبەتی ناکۆکییەکانی سەدر لەگەڵ بەشێک لە حەشدی شەعبی تەرجەمە دەبێتەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



هێمن عەبدوڵڵا

hemen@rudaw.net

# بەغدا وەک خۆی دەمێنێ؟

وەڵامی ئەو پرسیارە تاوەکو ئێستا نەخێرە. دۆسێی زۆر لەنێوان هەولێر و بەغدادا کەڵەکەبوون و چارەسەرکردنی هەمووشیان کاتی دەوێ. جاران چاوەڕوانیی هەولێر لە بەغدا ئەوەبوو کە مووچەی فەرمانبەران بنێرێت، بەڵام ئێستا داوا دەکات کۆمەڵێک قەرزی کەڵەکەبووش، کە مافی هەرێمی کوردستانن و ساڵانی رابردوو بەغدا نەیداونەتەوە، بیانداتەوە. سەرۆکوەزیرانی عێراق پیاوێکی باشە و لە دەربڕینەکانیدا، بەرلەوەی ببێتە سەرۆکوەزیران و ئێستاش، پیشانیداوە کە لە دۆزی گەلی کوردستان تێدەگات، بەڵام ئەوەندە بەس نییە و بەکردەوە رۆژ بە رۆژ دەکەوێتە گۆشەیەکەوە کە رەنگە نەتوانێ پیاوە باشەکەی جاران بمێنێ لەگەڵ هەولێر. بەتایبەتیش لە مەسەلەی بودجەدا ئەوەی ئەمساڵ بە باشی بۆ کوردستان شکایەوە، لەئێستاوە دیارە هەوڵی جددی هەن بۆئەوەی بۆ ساڵی داهاتوو وانەبێ و دیارە کە سەرۆکوەزیران گوشاری زۆری لەسەرە.

هەفتەی داهاتوو بەرهەم ساڵح دێتە هەولێر و پێشوازیی لێدەکرێت. ئەگەر بەشداری لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی نێچیرڤان بارزانی، وەک سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان بە سەردانی فەرمی هەژمار بکەین، ئەمە دووەمینجار دەبێت کە سەرۆککۆماری عێراق بەفەرمی لە هەولێر لەلایەن بارزانییەکانەوە دەستی دەگوشرێت. ئەگەر ئەو سەردانە بۆ هەوڵدان بێت بۆ نەهێشتنی نیگەرانی و ساردیی رۆژانی رابردووی نێوان پارتی و یەکێتی، ئیشێکی باش و پێویستە. چونکە راستییەکەی ئێستا کوردستان هیچ پێویستی بەوە نییە لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان لە ئیدارە خۆجێییەکانی وەک هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکە، حوکمڕانییەکەی لەرزۆک بکاتەوە. کێشەی گەورەی ئەمڕۆی ئێمە ئەوە نییە کە دەسەڵاتەکانی قوباد تاڵەبانی چین و فڵان وەزیر و جێگرەکەی کەی دەستبەکار دەبن. رێگەی راستیش ئەوەیە وەکچۆن پارتی پشتیوانی لە سەرۆکی نوێی پەرلەمانی کوردستان دەکات (کە یەکێتییە) ئاواش یەکێتی پشتیوانی لە سەرۆکی نوێی حکومەتی کوردستان بکات و هەوڵبدات سەریبخات.

کێشەی ئێمە لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا لە بەغدا دەبێت. چونکە ئەوە پەیوەندی بە قووتی ژیانی خەڵک و چارەنووس و هەیبەت و شەرعیەتی کیانە کوردستانییەکەمانەوە هەیە. کێشەکە ئەوەیە کە چۆن پارتی و یەکێتی لەگەڵ گۆڕان و حیزبەکانی دیکەش بەیەکدەنگی نەهێڵن رەشەبای پێش و کاتی دانانی بودجەی 2020ی عێراق و بانگەشە و موزایەدەی دژەکوردانەی لایەنە عێراقییەکان لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکاندا بمانخات.

لەگەڵ ئەوەی کە هەموو بژارەکانی دیکە کاتین، بەڵام گرێکوێرەی رادەستکردنی نەوتی کوردستان بە تەسلیمبوونی بێ قەید و شەرت بە بەغدا ناکرێتەوە. ئەو ژێرخانی وزەیەی ساڵەها کاری لەسەر کرا و کوردستانی زۆرتر خستە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ناکرێت بەبێ رێککەوتن و دەستخستن و گەرەنتیکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان هەرزانفرۆش بکرێت و رادەستی بەغدایەک بکرێت کە نازانیت سبەی کێ حوکمی دەکات و چۆن جارێکی دیکە بە نەوتەکەی خۆمان دەمانسووتێنێتەوە. بۆیەش وەکچۆن مام جەلال لەگەڵ سەرۆک بارزانی لە مەراسیمێکدا بەشێوەی سیمبۆلیک کلیلی بۆڕیی نەوتی کوردستانی دەسووڕاند و پەیامیان دەدایە جیهان کە نەوتی خۆمان بۆ خۆمان دەبێت، دەبێ ئێستاش سەرکردەکانی یەکێتی بەو رۆحیەتەی مام جەلالەوە هاوشانی پارتی دەستیان بەو کلیلەوە بێت و نەهێڵن بەغدا بکەوێتە دۆخێک کە بتوانێ بۆڕییەکە بگرێتەوە.

پارتی و یەکێتی زۆرتر لە هەر کاتێک لە بەغدا پێویستیان بە یەکدییە و دەبێ یەک تیم بن. دەبێ هەر هیچ نەبێ ئەمجارە باز بەسەر ناکۆکییە لاوەکی و کەمبایەخترەکانیاندا بدەن و پشوودرێژ بن و هەڕەشە گەورەترەکە ببینن، کە لەماوەی داهاتوودا لەسەر کوردستان دروستدەبێ. ئەگەریش ئەوە نەکرێت، دەتوانن بەرهەم ساڵح و فوئاد حوسێن و نوێنەرانی دیکەی کوردستان لە بەغدا رابسپێرن و دەسەڵاتیان بدەنێ کە هەرچییەک لە کوردستان رووبدات و ئەو دوو حیزبە لەسەر هەر پرسێکی نێوخۆییش ناکۆک بن، ئەوان لەوێ بەو بایە نەلەرێنەوە و فۆکەسیان نەگۆڕن.



رەفعەت سەلیمی

# ئەردۆغان و سەودای چەکی ئەتۆمی

رەجەب تەیب ئەردۆغان لە چەند رۆژی رابردوودا و لە کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیادا، راشکاوانە و بە بێباکییەوە رایگەیاند کە دژایەتیی خاوەنداریی چەکی ئەتۆمی بۆ تورکیای، لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە خۆیان خاوەنی چەک و جبەخانەی ئەتۆمین، پێ قبووڵ ناکرێت. ئەم گوتەیەی ئەردۆغان لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کرا و مشتومڕی زۆری لێکەوتووەتەوە. ئامانجی راستەقینەی ئەردۆغان لەم وتانەی چی بوو و چەندە رێی تێدەچێت؟ ئایا تورکیا دەتوانێت بچێتە نێو یانەی وڵاتانی خاوەن بۆمبی ئەتۆمەوە؟

لە دەیەی 1950 دا تورکیا یەکەم هەنگاوی بۆ دەستڕاگەیشتن بە وزەی ئەتۆمی هەڵگرت و بەپێی رێککەوتنێک بڕیار وابوو دەوڵەتی ئەرجەنتین ریاکتۆرێکی جۆری CAREM-25 بۆ تورکیا بسازێنێ، بەڵام دواتر بەهۆی گومانهەڵگربوونی ئەوجۆرە ریاکتۆرە، ئەو پرۆژەیە لەلایەن تورکیاوە هەڵوەشایەوە و دروستکردنی ریاکتۆرەکە وەستا. هۆکاری وەستانی ئەو پرۆژەیە ئەوە بوو کە لە ڕوانگەی بەشێکی زاڵ لە کاربەدەستانی ئەوکاتی تورکیاوە، ئەوجۆرە ریاکتۆرە مەسرەفی دووفاقەی هەبوو، سەرەڕای بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی ئاشتیانە، دەیتوانی "پلۆتۆنیۆم"یش بەرهەمبهێنێت کە سەرەکیترین مادەی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆم. بەڵام دواتر ڕوسیا هاتە نێو کایەکەوە و هەردوولا رێککەوتن لەسەر دروستکردنی وزەخانەی کارەبای ئەتۆمی "ئاک کیو" لە مێرسین.

بەهەرحاڵ چالاکبوون لە بواری وزەی ئەتۆم تەنانەت بۆ مەبەستی ئاشتیانەش کۆمەڵێک ئیلزامات و دەروەستبوونی پێویستە کە تورکیاش ملی بۆ هەرهەموویان داوە. تورکیا لە ساڵی 1980 واژۆی لەسەر پەیمانی قەدەغەی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی (NPT) کردووە. دوو ساڵ دواتر و لە ساڵی 1982 دا برگەی چاودێریی پارێزەرانەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمیشی واژۆ کردووە (IAEA safeguard) کە برگەیەکی تایبەتی (ئێن پی تی) یە و بەمەبەستی چاودێری و پشتڕاستکردنەوەی بەکارهێنانی ئاشتیانەی مادە ئەتۆمیەکان و لەژێر فەرمان و چاودێریی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمدا ئیش دەکات. تورکیا هەروەها ساڵی 1996 پەیمانی قەدەغەی گشتگیری تاقیکردنەوە ئەتۆمیەکان (CTBT) واژۆ دەکات و بۆ ساڵی 2000یش پرۆتۆکۆلی زیادکراو بۆ پەیمانی قەدەغەی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی قبووڵ دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین تورکیا هەموو پەیماننامەکانی دەروەستبوون بە مەرجەکانی بەکارهێنانی ئاشتیانەی وزەی ئەتۆمی واژۆ کردووە. وەها وڵاتێک لەژێر چاودێریی وردی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندایە و نەک هەر تورکیا بەڵکو هیچ وڵاتێکی دیکەش کە پێشتر چەکی ئەتۆمیی نەبووە، ناتوانێت بەرێگای یاسایی ببێتە خاوەنی ئەو جۆرە چەکە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، تورکیا لەمێژە لەژێر چەتری پشتیوانی ئەتۆمیی ناتۆدایە و جگە لەوەش لە ساڵی 1962وە و لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی کووباوە تابە ئەمڕۆ دەگات، کۆمەڵێک چەکی ئەتۆمیی ئەمریکی لە شوێنانێکی وەک ئینجەرلیک لەنێو خاکی تورکیادا هەن، کەواتە ئیدیعای پێویستیی تورکیا بە چەکی ئەتۆم لەبەر ترسی ئەمنی و پرسی ئاسایشی وڵات لەلایەن ئەردۆغانەوە هەرگیز جێگای باوەڕکردن نییە. ئەی کەواتە ئەردۆغان وڕێنەی چی دەکات؟

بەبڕوای من ئەو قسانەی ئەردۆغان دوو مەبەستی لەپشتەوە بوو. بەشێکیان مەسرەفی ناوخۆیی و بەشێکیشی بۆ مەسرەفی دەرەکی و وەک پەیامێک بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز بوو.

سەبارەت بە ڕووە دەرەکیەکەی قسەکانی ئەردۆغان، دیمەنەکە نەختێک ئاڵۆزە. هەرچەندە بەڕواڵەت دەگوترێت لەپاش دابەشبوونی یەکێتی سۆڤیەتەوە کۆتایی بە جیهانی دووجەمسەری هاتووە، بەڵام حاشاهەڵنەگرێت کە بە هاتنەسەرکاری فلادیمیر پووتن، جەمسەری رۆژهەڵات کە بە دۆڕاو و تەنانەت لەناوچوو ئەژماردەکرا، وردە وردە خەریکە دەبووژێتەوە و ئامریکا (جەمسەری رۆژئاوا) چیدی وڵاتە یەکلاکەرەوەکەی جاران نییە. لەم نێوەندەشدا تورکیا لەمێژە وبەتایبەت لەسەردەمی بوونیەوە بە ئەندامی ناتۆ، سەر بە جەمسەری رۆژئاوا و هاوپەیمانی ئامریکا ئەژمارکراوە. بەڵام تورکیای ژێر دەسەڵاتی ئەردۆغان، ئەو چەند ساڵەی سەرەتای دەستبەکاربوونی لێ بەدەربێت، رۆژبەڕۆژ لە پرەنسیپ و بەها گرنگەکانی جێگای پەسەندی رۆژئاوا دوورکەوتووەتەوە و تەنانەت زۆر جاریش بەئاراستەی پێچەوانە هەنگاوی ناوە و لەم نێوەندەشدا جیهانی رۆژئاوا هەرزوو لە حەقیقەتی پشتی دەمامکی ئەردۆغان و ناخی راستەقینەی تێگەیشتوون و ئەو گڵۆپە سەوزەی کە بەردەوام بۆ تورکیا هەڵکرابوو، زۆر کەمشەوق بووە و تەنانەت بەرەو کوژانەوەش دەڕوات. دواهاتی ئەم ستراتیژەی ئەوروپا و ئامریکا لاوازبوونی رۆژلەدوای رۆژی تورکیا و تەنانەت خودی ئەردۆغانیش بووە. هەربۆیە ئەردۆغانیش وەک لۆسەی ڕاگرتنی باڵانس، تاکتیکی نزیکبوونەوە لە ڕووسیای گرتووەتەبەر کە ئەگەر سیاسەتەکانی ئامریکا لە ناوچەکە، بەتایبەت پەراوێزخستنی زیاتری تورکیا و یارمەتیدانی کوردە نەیارەکانی درێژەی هەبێت، دوور نییە لە تاکتیکەوە ببێتە ستراتیژ. من ئەم ئیدیعایەی ئەردۆغان بۆ ڕۆشتن بە ئاراستەی دەستخستنی بۆمبی ئەتۆمیش لە مەنزومەی پەیامێکی هەرەگەورەی سەرۆکی تورکیا بۆ ئەوروپا و ئەمریکادا دەبینم کە ئەگەر درێژە بە سیاسەتی پەراوێزخستن و لاوازکردنی تورکیا بدرێت، ئەوا ئێمە نەک هەر لە ڕووسیا نزیک دەبینەوە، بگرە چیتر لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا وەک وڵاتێکی ئاسایی هەڵسوکەوت ناکەین. ئەردۆغان وەها سەیری بابەتەکە دەکات کە پشتکردنە ڕووسیا و هاوپەیمانێتیی ئامریکا و ئەوروپا بە چ کەڵکێکی وڵاتەکەی دێت لەکاتێکدا ئابووریی لەرزۆکی تورکیا بە تویتێکی ترەمپ دەکرێ دارمێت. تورکیایەک کە خەونی ئەوەی دەبینی لانیکەم ببێتە خاوەن هەژموونێکی ناوچەیی، ئێستا نەیارە کوردەکانی بوونەتە مووی لووتی و هەموو ئەم دووکەڵانەش لە کوانووی ئامریکا و ئەورووپاوە دەبینێت. بەمجۆرە لێدوانانە، ئەردۆغان دەیەوێ گرنگیی تورکیا بە بیری رۆژئاوا بخاتەوە و بڵێت ئێمەش ڕێکار و بژارەی زۆرمان لەبەردەستە، تووڕەمان مەکەن.

سەبارەت بە دیوە ناوخۆییەکەی ئەم گوتە نوێیەی ئەردۆغانیش، زۆر هۆکار هەیە کە زۆربەیان دەتوانین لە لاوازبوونی پێگەی ئەردۆغان لە ناوخۆی وڵات و تەنانەت لەنێو چینی ئیسلامگەرا و یارانی پێشووشیدا خوێندنەوەیان بۆ بکەین. ئەردۆغان دەیەوێت ئەو پەیامە بە ڕای گشتی و تەنانەت جەماوەری ئاکپارتیش بگەیەنێت کە لە حاڵێکدا لادەرانی رێبازەکەمان وەک عەبدوڵا گول و داوود ئۆغلو و عەلی باباجان عیشوە و مەکرونازیان بۆ رۆژئاوا و کوردەکان دەنوێنن، ئەوا من لەپێناو بەرژەوەندیی ئایینی و نیشتمانیدا ئامادەم نەک هەر ببمە چقڵی چاویشیان، بەڵکوو تەنانەت باکم نییە لەوەی لە ناتۆش بێمەدەرەوە، یان ئەگەر پێویست بکا چەکی ئەتۆمیش بۆ دابینکردنی ئاسایشی وڵاتی میراتگری ئیمپراتۆریای عوسمانی دابین بکەم. ئەمەش کاردانەوەیەکی هیستریاییە کە پێموانییە لە بەرۆکی سیاسەتوانانی خاوەن پاشخانی ئایینی و بەتایبەت ئەردۆغان ببێتەوە.

ئەوەی تۆسقاڵێک لە رەوشی دونیای سیاسەتی نێودەوڵەتی ئاگاداربێت، دەزانێت هەنگاونانی تورکیا بەئاراستەی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی چ لێکەوتە و دواهاتێکی کاولکەر و ڕووخێنەری دەبێت و بێگومان ئەردۆغانیش ئەگەر فام و تێگەیشتنی سیاسیی هێشتا تەندروست مابێتەوە، باشتر لە هەموو کەس ئەو حەقیقەتە دەزانێ. بێگومان ئەردۆغان دەبێ لە خەڵوەتی خۆیدا ئەو پرسیارە لەخۆی بکات کە گریمان تورکیای کرد بە خاوەنی بۆمبی ئەتۆم، ئایا مۆدیلێکی سەرکەوتووتر لە کۆریای باکووری لێدەردەچێت؟ ئەوەتا ئێران تەنیا گومانی لەسەرە و تا ئێستا پشتڕاست نەبووەتەوە نیازی بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی هەبێت ئەوە بارودۆخیەتی کە هەموو کەس دەیبینێ، تۆ بڵێی تورکیا لەبەر چاوی کاڵی سەرۆککۆمارەکەی چاوپۆشی لێبکرێت؟ ئەردۆغان دەبێ بزانێت بزن ئەوکاتە نەگبەتیی دێت کە نانی شوان بخوات.



ناسر باباخانی

nasirbaba68@yahoo.com

# ڕۆژهەڵات: لە جیاوازییەوە بەرەو یەکێتی

جیاوازیی "ژینگەی سیاسی" ناوخۆ و دەرەوە، بۆ ئێمەی کورد هەر لە کۆنەوە بووەتە هۆی مشتومڕی نێوان ئەو کەسانەی کە لەم دوو دنیا جیاواز و دوو ژینگە ناوێکچووەدا دەژین. هۆکارەکەشی ڕوونە، دنیایەک ئازاد و دیموکراتیکە و بەپێچەوانەوە، دنیایەکی تر پڕ لە کۆتوبەند و دیکتاتۆرییەت! بۆیە ناکرێ قایل بەمە بین بەردەوام "شێوەڕوانین"ەکان بە نیسبەت پرسە جۆربەجۆرەکانی ناوخۆ و دەرەوە یەک بێ. بەسروشتی پتانسییەلە دیموکراتیکەکانی دنیای دەرەوە، مرۆڤی نیشتەجێی ئەم ژینگەیە ڕادیکاڵتر و ئارمانخوازتر و ئایدیالیستترە، بەڵام ئەو کەسەی لە دنیایەکدا بە ناوی ناوخۆ دەژی، لەبەر زەبروزەنگی دەسەڵاتی دیکتاتۆر هەوڵ دەدا خۆبوێرانەتر و واقعبینانەتر و ڕیالیستتر بجووڵێتەوە. بە واتایەکی تر، لێرەدا ئەم دوو مرۆڤە بۆ پرسێکی هاوبەش بە حوکمی جیاوازیی ژینگە، یەکێکیان ڕادیکاڵە و یەکێکیان خۆبوێرە، یەکێکیان ئایدیالیستە یەکێکیان ڕیالیستە.

بە هەڵە نەچووبم شەهید دکتور قاسملوو لە یەکێ لە دوایین گرتەڤیدیۆییەکانی لە ناوچەی تەرگەڤەر لەناو پۆلێک پێشمەرگەدا دەڵێ: "ئەوانەی کە دانیشتوون لە ئەورووپا و لە بەغدا و نازانم لە کوێ، بەڵێ دەڵێن بۆ شەڕ ناکەن و بۆ فڵان ناکەن و... لە کەمپەکانی ئەورووپا دابنیشی و بە پێشمەرگە بڵێی شەڕ بکە، ئەگەر پیاوی وەرە بۆخۆت بزانە شەڕکردن چییە..."

ئەوەی شەهید دکتور قاسملووش باسی دەکا بە جۆرێ، ڕێک جیاوازیی ئەم دوو دنیایەیە، من ئەم جیاوازییەم وەک "کەلێن" تەعبیر کردووە، ئەو لێرەدا باسی دوو سووچی سێکوچکەکەی خەبات دەکا کە بریتییە لە هێزی پێشمەرگە و کوردی دیاسپۆرا کە بەحەقیش گلەیی لێدەکا! (مەبەستم لە سێکوچکەکەی خەبات: ناوخۆی وڵات، کورد لە دیاسپۆرا و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.)

لە هەمان کاتیشدا دەبێ چەمکێکی تریش بە ناوی "ژینگەی زەینی" وەک هۆکارێکی تری جیاوازی شێوەڕوانینەکان دەستنیشان بکەین. بۆ وێنە ئەوە زۆر ئاساییە کاتێک کەسێکی پەنابەری هەڵاتوو لە چنگی سیستەم، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تووشی زیانی گیانی و ماڵی بووە بەهۆی دەسەڵاتی سیاسییەوە، دژایەتی و لارییەکی زۆرتری هەبێ بەنیسبەت ئەو کەسەوە کە لەناوخۆ دەژی و ڕەنگە تەنانەت مووچەخۆری سیستەمیش بێ. لە زەینی ئەودا ساتوسەودای دانوستاندن ڕەنگە وەک هەڕەشە و هێڵی سوور سەیر بکرێ و ئەمیان وەک دەرفەتێک و کایەی سیاسی لێی بڕوانێ.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم جیاوازییانە، لە ڕاستیدا ئەزموونەکانی ڕابردوو پێمان دەڵێن زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی دەرەوە و ناوخۆ وەک ئامانجی دوارۆژ یەک مەبەستیان هەیە، بەڵام بێگومان میکانیزمەکانیان جیاوازە.

بەداخەوە لە ساتەوەختی ئێستادا بەپێی نەبوونی پەیوەندییەکی تۆکمە و واقعبینانە و هەروەها دوو تایبەتمەندی ژینگەی سیاسی و ژینگەی زەینی "کەلێن"ێکی جددی سازبووە کە پێویستی بە پڕکردنەوە هەیە، هەرچەند ئەم کەلێنانە هەر تایبەت نین بە شێوەڕوانینی ناوخۆ و دەرەوە و لە زۆر شوێنی تری کۆمەڵگای خۆمان دەبینرێن، بەڵام ئەمەیان زۆر جاران دەگاتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەترسیدار کە خەریکی سازکردنی کۆمەڵگایەکی دووجەمسەرییە.

هەر بۆیە دەبێ میکانیزمگەلێک بدۆزرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە، ڕەنگە بۆ ئەم مەبەستەش ڕێنیشاندەری بژاردەکانی کۆمەڵگا باشترین میکانیزم بێ لەم زرووفە زەمەنییەدا. بژاردەکان وەک "کارگێڕانی گۆڕان" پێناسە دەکرێن کە توانایییەکی شوێندانەریان هەیە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بۆ لایەکی تایبەت و دیاریکراو بەرن، یان تەنانەت بەر بە ڕوودانی پێشهاتێک بگرن، دیارە مەرج نییە ئەم بژاردانە تەنیا و تەنیا سەرکردەی سیاسیی حیزبێک بن، ڕێک بەپێچەوانەوە بەپێی بارودۆخی ڕۆژهەڵات ئەوە نووسەران، هونەرمەندان، چالاکڤانانی مەدەنی، ڕۆژنامەوانان و ئەدیبانن کە دەتوانن کەلێنەکان پڕبکەنەوە و هاوتەریبییەکی سیاسی بۆ سازدانی گوتارێکی هاوبەش سازدەن.

کێشەیەک کە لێرەدا خۆی دەردەخا، ئەوەیە کە خودی بژاردەکان لە ناوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کەلێنێکی مەعریفەیی و ئانتۆلۆژیکیان هەیە، وەک باسمکرد شێوەڕوانینیان بۆ پرسەکان لێک دوورە و ڕەنگە ئەمە گەورەترین مەترسی بێ بۆ سەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

دەبێ دنیای دەرەوە قبووڵی ئەوە بکا کە لەناوخۆ هێڵە سوورەکانی چوارچێوەی کایە سیاسییەکان دیاری دەکەن و چالاکانی ناوخۆ بەسەر لێواری هەڵدێردا هەنگاو دەنێن، هەڵدێری مان و نەمان! ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە دایمە پێویست ناکا تۆ وەک چالاکێکی سیاسی ناوخۆ، کاتێ کە دەبینی دەرەتانی دەربڕینی بیری جیاوازت نییە و بووز ناخوا کە بە دژی دەسەڵاتدا بێیەوە وا باشترە بێدەنگەی لێڕاکەی، دیارە ئەمە بە هیچ کلۆجێک بە مانای بەرگرتن بە دەربڕینی بیروڕای تۆ نییە و تەنیا بۆ بەرگرتنە لە قووڵبوونەوەی کەلێنەکان، ئەگینا پاشی چل ساڵ مل خێسکردن بۆ ئەسڵی پازدەی یاسای بنەڕەتی بەباوەڕی من شکاندنی کەرامەتی خۆت و شکۆی نەتەوەکەتە!

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئۆپۆزیسیۆنی کورد تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەگشتی ناتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ئاڵوگۆڕێکی بچووکیش، ئەزموونی چل ساڵی ڕابردوو سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. کەوابوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ناوخۆ و دەرەوە وەک یەکەم هەنگاو پێویستە ڕەخنەیەکی نێوگوتاری لە هەردوولا سازبێ، خەسارناسی بکرێ، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەستنیشان بکرێن و دواجار ئەم دوو هێڵە لە دۆخی هاوتەریبی بێنەدەر و لە پنتێکرا یەکبگرنەوە و ئەم پنتە ببێتە سەرەتای خاڵگۆڕانێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەی باسمان لێوەکردن.

(ڕەنگە جۆری پەیوەندی HDP و PKK وەک نموونە بتوانێ تا ڕادەیەک یارمەتیدەر بێ، هەرچەند وەباڵی جیاوازییەکان وەک دۆخی ئێران و تورکیا و تەنانەت حیزبەکانیش دەکێشم.)

لەڕاستیدا دەکرێ قایل بە سێ فەزای تایبەت بین: فەزای ناوخۆی ڕۆژهەڵات، فەزای دەرەوەی وڵات (حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و کوردانی تاراوگەنشین) و فەزای مەجازی. دۆخی ئەم سێ فەزایە بەگشتی لێکتر جیاوازە، ڕەنگە گەورەترین جیاوازییەکەش ئەوە بێ کە بزووتنەوەی مەدەنی لە ناوخۆ بێ سەرە و ڕەهەندە ڕێکخراوەییەکانی لاوازە، بۆ وێنە ئەو جووڵانەی لەناوخۆ سازدەبن بەردەوام نابن و لەسەر یەک کەڵەکە نابن، ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی سیاسییانەی ناوخۆ وەک کارگ هەڵدەتۆقن بۆ ماوەیەکی کورت و سەرلەنوێ دادەمرکێنەوە، لەلایەکی دیکەوە فەزای دەرەوە تاڕادەیەک لەباری بوونی پلانێکی ستراتیژیک و ڕەهەندی فکرییەوە لاوازە. بەڵام وەک خاڵی ئیجابی دەرەوە خاوەنی سیستمێکی ڕێکخراوەیی بەئەزموونە و ناوخۆش پتانسییەلێکی باشی لەباری ڕەهەندی فکرییەوە هەیە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەم دوو لایەنە بەهۆی دۆخی دیکتاتۆری لە ئێران نالوێ، بۆیە فەزای سێیەم واتە فەزای مەجازی و سۆشیال میدیا کە نوێنەرانی هەردوو لای تێدایە، دەتوانێ ببێتە ئاڵقەیەکی بەهێزی پەیوەندیی نێوانیان، شوێنێک کە هەموو لایەک لێکتر گرێدەدا، هەربۆیە ئەرکی بژاردەکانی کۆمەڵگا ئەوەیە لەڕێی ئەم فەزایەوە هەوڵی پڕکردنەوەی کەلێنەکان بدا. ئەمەش چەتوون نییە، مانگرتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 21ی خەرماناندا ئەمەی سەلماند!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

# RÛDAW



## ڕۆزا گەرگەری: تەنیا بە جەستە لە جۆرجیام دڵ و هەست و خەیاڵم لە کوردستانە

10 «

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕوداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12 | rudaw@rudaw.net







